# چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی


پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح
کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین

م. سەباح رەشید قادر
کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەدین

# چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی

پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح
کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین

م. سەباح رەشید قادر
کۆلیژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەدین

٢٠٠٦

ناوی کتێب: چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی

نووسەر: پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح، م. سەباح رەشید قادر

ژمارەی سپاردن: (٨) ی ٢٠٠٦

کاری کۆمپیوتەر: سەبور حەمەشەریف

دەزگای بڵاوکەرەوە: بەشی رووناکبیری

چاپخانەی: روون

تیراژ: (٥٠٠) دانە

## ناوەرۆك


١- پێشەكی ٥

٢- زمانی كوردی و بیرۆكەی مۆرفیم ٧

٣- هەڵاوێردكردنی مورفیم ٨

٤- لەنێوان مۆرفیم و مۆرفدا ١٥

٥- دابەشبوونی مۆرفەكان ١٩

٦- لەنێوان مۆرفیم و مۆرف و فونیمدا ٢٤

٧- مۆرفیم و جۆرەكانی ٢٨

٨- روونیی و رۆنانی مۆفۆلۆجی ٤١

٩- سیما و تایبەتییەكانی گیرەك ٤٨

١٠- گیرەكی رێزمانی – تایبەتییەكانی گیرەكی رێزمانی ٤٩

١١- گیرەكی وشەدارێژ ٥٧

١٢- هاوبێژی و فرە واتایی لە گیرەكاندا ٦٤

١٣- پێناسەی هاوبێژی – سیما و تایبەتییەكانی هاوبێژی ٦٥

١٤- پێناسەی فرە واتایی – سیما و تایبەتییەكانی فرەواتایی ٦٦

١٥- رێگاكانی جیاكردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی ٦٧

١٦- هاوبێژی و ئاستەكانی زمان ٦٨

١٧- گیرەكی وشەدارێژ ( پاشگرەكان ) ٧٦

١٨- فرەواتایی و ئاستەكانی زمان ٨٠

١٩- فرەواتایی لە مۆرفیمی وشەدارێژدا ٨٤

٢٠- پاشگرەكان ٨٦

٢١- پۆلكردنی زمانەكان بە پێی مۆرفۆلۆجی ٨٧

٢٢- تایبەتییەكانی پۆلە زمانەكان ٨٨

٢٣- سەرچاوەكان ٩٢

## (( پێشەکی ))

ئاستی مۆرفۆلـۆجی و بیرۆکـەی مـۆرفیم لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوەو بـە درێـژایی مێژوویی لێکدانەوەکانیدا بە بۆتەی گەلێك بیروبۆچوونی جیاوازو ئاڵۆزدا تێپەریون، هەر پێناسەو لێکدانەوەکیش دەربڕینی بۆچوون و فەلسـەفەی ڕێبـازو قوتابخانـە زمانەوانیەکـە بووە، بـە واتـای ئـەوەی لـە ڕوانگـەی فەلسـەفی ڕێبازەکـەوە بـۆ پێناسـەو تەفسـیرەکانیان رۆیشتوون.

سەبارەت بە مۆرفیم زیاتر لەژێر دەسەڵاتی بۆچوونە واتاییەکان تەفسیری بۆ کراوە، بەم پێیە کەلێن و بۆشاییەکی زۆر لە ئەسڵی چەمکی مۆرفیم و واقیعی کارکردنی هاتۆتە کایە..

ڕێزماننووسە کوردەکانیش شوێن هەنگاوەکانی ئەو بۆچوونانە بوون، نەشـکراوە مۆرفۆلۆجی وەکو ئاستێکی سەربەخۆی زمان لە نووسینێکدا کۆ بکرێتەوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکە لـەم بـارەوە، بـۆ ئـەوەی تـا ڕادەیـەك مۆرفۆلـۆجی کـوردی لـە کـەنارێکی ڕوون و ڕەوان جێگیر بکرێت، گەلێك بۆچوونی تازەو جددی دەگرێتە خۆ ، ناوەرۆکی ئـەم کتێبە بەپێناسەیەکی رۆنانکارەکان بۆ مۆرفۆلۆجی دەست پێدەکات، کە ئەوە دەسـەلمێنێ کە مۆرفیم لـە دەرەوەی پێکهاتـەی وشـەدا هیـچ بەهایـەکی نابێـت، دواتـر پەیوەنـدی نێـوان مۆرفیم و مۆرف و فۆنیم دەخاتـە ڕوو، سـەبارەت بـە ڕوونـی و ڵێلـی نـەبوونی مۆرفۆلـۆجی کوردی بە هەندێ هۆکارو تەبریری لۆجیکی بەستۆتەوە.

ئـەوجا بـاس لـە سیماو تایبەتی‌یەکانی گیرەکـی ڕێزمـانی و وشـەدارێژ بـە نموونـەوە شـی دەکاتەوە ، دواتر باس لە هاوبێژی و فرەواتایی لە ئاستی گیرەکەکاندا دەکات.

لە کۆتاییدا پۆلکردنی زمانـەکان بـەپێی مۆرفۆلـۆجی شـیدەکاتەوە، لـە پـاڵ خسـتنە ڕووی دیارترین سیماکانی هەر پۆلە زمانێك.

هیوادارین خوێنەری کورد سوودمەندی ئەم کتێبە بێ.

**هەولێر**

٢٠٠٥/٨/١

# زمانی کوردی و بیرۆکەی مۆرفیم

**سەرەتا:**

هەر چەندە رۆنانکارەکان لە جیاکردنەوەو ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بە هەڵە چوون، لەبواری مۆرفۆلوجیدا جیّ پەنجەیان دیارە. گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو راستییەیە، کە وشە خاوەنی رۆنانێکی ناوخۆیە. لە کاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیوری زمان و رێزمان دەژمارد، رۆنانکارە ئەمریکایەکان ئەو راستییەیان سەلماند کە وشە کەرت دەکریّ بۆ پارچەی ووردتر، پارچەی وەها کە واتایان ئەرکی رێزمانی هەبێت. بەم جۆرە رۆنانکارەکان مۆرفۆلوجیان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوەو رێکخستنی مۆرفیمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پیّ سپارد.

**بیرۆکەی مۆرفیم :**

کەواتە مۆرفۆلوجی دیراسەی رۆنانی ناوەوەی وشەیە. ئەمە رەنگە لەلای هەندیّ جیّی سەرسوڕمان بێت، بەتایبەتی چونکە قسەکەر ئاسایی وشە وەك یەکەیەکی واتایی تێکچڕژاو و سەربەخۆ دەبینیّ لەبەر ئەوەی زۆر وشە لە رووی مۆرفۆلوجییەوە سادەن، واتە کەرت ناکرێن بۆ پارچەی واتا داری تر. بۆ نموونە وشەیەکی وەك (بەران)و (هەڵۆ) کەرت ناکرێن بۆ پارچەی وەها کە بەهای واتاییان هەبێت، هەرچەندە لە رووی فۆنۆلۆجییەوە لە دوو برگە (بە، ران، هە،ڵۆ) یان لە چەند فۆنمێك پێك هاتوون (ب.ر.ا.ن. هـ.ە.ڵ.ۆ)، هیچ واتایەك یان ئەرکێکی رێزمانیان نادرێتە پالّ . گرنگی تەواوی بیرۆکەی مۆرفیم لە وشەی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دەردەکەویّ، چونکە ئەمانەن کە لە یەکەی واتایی بچووکتر دروست بوون، واتە دەبن بە پارچەی واتایی ووردترەوە. بۆ نموونە وشەی (کیژەکەم) و (هۆنەرمەند) دەکریّ کەرت بکرێن بۆ پارچەی ووردتری واتاداری تری وەك (کیژ–ەکە–م) و (هونەر–مەند).

زاراوەی مۆرفیم بۆ بچووکترین یەکەی واتا بەکاردیّ کە وشە پێك بهێنی و خۆی لە بچووکتر کردنەوە نەیەت. بۆ نموونە دەکریّ وشەی (کار) دابەش بێت بۆ /ك/و /ا/ و /ر/ یان بۆ کەرتی تر وەك (کا.ر) یان (ك.ار)، بەلاّم هیچ لەم کەرتانە نە ئەرکی رێزمانی و نە واتایان نابێت، لەبەر ئەوە ئەمانە بە هەر شتێك ناوبرێن، مۆرفیم نین.

## هەڵاویرکردنی مورفیم :

اکردنەوەی مۆرفیم لە یەکتر بەندە بەو وشەیەی مۆرفیمەکەی تێدایەو هەرگیز لە دەرەوەی ئەو وشەیە پلەی مۆرفیم بە هیچ دەنگێك یان کۆمەڵە دەنگێك نادریٚ بۆ نموونە لە کاتێکدا کە /نا/ لە دەیان وشەی وەك (ناخوات، ناڕوات، نارێك، نابەجیٚ) لە پلەی مۆرفیمدایە چونکە واتای وشە پێچەوانەی واتای بنکەکەی دەکاتەوە ، (نا)ی دەیان وشەی تر (ناشتن، ناوەخن، ناوەڕاست، ناوك ،... هتد) بە مۆرفیم ناژمێردریٚ چونکە لێرەدا بەتەنیا نەئەرکێکی ڕێزمانی و نەبەهایەکی واتایی هەیە، لەمانەدا هەر واتایەکی هەبێت لەگەڵ دەنگەکانی تری وشەکاندا دەردەکەویٚ و بەبیٚ ئەوان واتا نادات. کەواتە کە کۆمەڵە دەنگێك جارێك لە وشەیەکدا مۆرفیم بێت، مەرج نییە، لە هەموو وشەیەکی تردا هەمان پایەی هەبێت.

دیسان دەبیٚ بزانین کە واتای مۆرفیمێك لەناو وشەیەکدا دەبیٚ پەیوەندی بە واتای گشتی وشەکەوە هەبێت. بۆ نموونە ناکریٚ بگوتریٚ کە وشەی (باسك)=قۆڵ لەدوو مۆرفی (با)و(سك) پێك هاتووە ئەو (با)یەی لە (بارەش و ڕەشەبا) و ئەو (سك)ەی لە (سك سووتان و سك چوون)دا جارێکی تر دووپات بۆنەتەوە، چونکە واتای وشەی (باسك) هیچ پەیوەندییەکی بەواتای ئەم وشانەوە نییە.

تا ئێستا لە هەڵاویر کردنی مۆرفیم دا جەختمان لەسەر واتا بووە و مۆرفیمان بە بچووکترین یەکەی زمان داناوە کە واتایەك ببەخشیٚ لێرەدا پرسیارێك ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە: ئایا واتا بەتەنیا ئەم ئەرکی جیاکردنەوەو هەڵاویر کردنی بە تەواوی پیٚ جیٚبەجیٚ دەکریٚ؟ ئایا دەشیٚ بە تەواوی پشت بە واتا ببەستین؟ بە بۆچوونی من واتا هەموو شتیٚ نییە لە جیاکردنەوەی مۆرفیم دا ، تەنانەت لە هەندیٚ باردا دەبیٚ گوێی پیٚ نەدریٚ، چونکە زۆر مۆرفیم هەن کە ئێستا واتاییان نییە.

جا ئەگەر لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا واتاییان هەبوو بێت و ئێستا نەما بێت و لەناو چوو بێت، ئەوە لە بارەکە ناگۆڕیٚ چونکە لە مۆرفۆلوجی سینکرونیدا (هەنوکەیی) پشت بە واتای بنەڕەت یان ئیتمولۆژی وشە نابەستریٚ، بەڵکو واتایەك حیسابی بۆ دەکریٚ کە هەنوکە لەمیشکی قسەکەردا هەبێت. جا لەبەر ئەوەی تەنیا پسپۆر لە زماندا دەشیٚ ئاگاداری واتای کۆن بێت، واتای کۆن و فەوتاو بە نەبوو دادەنریٚ. بە هەرحاڵ، پێداگرتن

لەسەر واتا تەنانەت لەسەر واتایەکی ڕێژەییش باری سەدان مۆرفیم لە کوردیدا دەخاتە گومانەوە. با سەیرێکی ئەو وشانەی خوارەوە بکەین و کەمێك لە ڕووی واتاوە لە کەرتی دووەمیان وورد بێتەوە:

١- (أ) ڕاچەنین، ڕاچلەکین

(ب) هەڵ زەپین، هەڵ قورتان

(ج) تێژاندن، تێکوشان

(د) داچلەکین، دامان، دامەزراندن

گومان لەوەدا نییە کە هەر یەکە لەم وشانە واتاییەکیان هەیە. گومان لەوەشدا نییە کە کەرتی یەکەمی وشەکان بە مۆرفیم دادەنرێن چونکە لە ژینگەی زمانیی تردا دووپات دەبنەوەو دەشکرێ واتاییەکی ڕێژەییان بدرێە پاڵ. کەواتە کەرتەکانی تریش مۆرفیمن چونکە هیچ زاراوەیەکی تریان پێ نادرێ. کە مۆرفیم بن و واتایان نەبێت، دەبێ واز لەو پێناسە بهێنین کە مۆرفیم بە بچووکترین یەکەی واتایی دادەنێت. چارەیەکی تر ئەوەیە هەموو ئەم وشانە بە وشەی سادە (یەك مۆرفیمی) دابنێن و دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆیان بدەینێ و کەم و زۆر کەرتی پێشەوەی ئەو وشانە بە گێرەك دانەنین. هەر ڕێزمانێك بەم جۆرە بۆ ئەو لایەنە بچێت، زیانی تر دەکات چونکە لە شیکردنەوەیەکی وردی زمانەکە دوور دەکەوێتەوە.

کێشەکە لەمەشدا ناوەستێ لە هەندێ وشەی تردا، کەرتەکان واتاییان هەیە، بەلأم ئەو واتایە نییە کە ئاسایی لە ژینگەی تردا هەیەتی، بەڵکو هەندێ جار پێچەوانەی ئەمە با کەمێك لەم وشانە بکۆڵینەوەو:

٢- (أ) دەرکەوت        ژێرکەوت

(ب) هەڵکەوت        داکەوت

(ج) سەرکەوت

(د) بەر کەوت

با واتای (کەوت) کە لە هەموویاندا هەیە لەگەڵ واتای (کەوت) لەرستەی (منداڵەکەی بە دەمدا کەوت) بەراورد بکەین. ئایا لە هەموو ئەو وشانەدا واتایەکی هاوبەش هەیە بدرێتە پاڵ هەموویان؟ خۆ ناشکرێت ژمارە بۆ هەریەکی لەم (کەوت)انە دانین و بە هاودەنگ بیان ژمێرین، چونکە ئەمە لەگەڵ بۆچوون و سەلیقەی قسەکەردا ڕێك ناکەوێ، واتە هەمووومان وای بۆ دەچین کە (کەوت) لە هەموو ئەم وشانەدا هەیەکە ئەگەر چی واتایەکیش نییە کە هەموومان لەسەری ڕێك بکەوین کە هەموویان کۆ دەکاتەوە. ئەوەی کێشەکە قووڵتر

دەکاتەوەو تەنگەژەی زیاتر بۆ بۆچوونی واتایی لە بیرۆکەو بیردۆزی مۆرفیم دا پتر دەکات، ئەوەیە ئەم نموونانە لە زمانەکەدا زۆرن و زۆر دووپات دەبنەوە لەبەر ئەوە رێگە چارە هەر ئەوەیە کە لەبیردوزی مۆرفیم دا واتا پلەی پێشەوەی نەدرێتێ و بکرێ بە یەکێک لە بنەماکان و وانەبێت کە لە پێناسەی مۆرفیمدا شوێنی بدرێتێ چونکە ئەو قەبارەیەی نییە کە تائێستا لە زۆر کاری زمانەوانیدا وەری گرتووە.

دیسان مەرجی دووەمیش: دووپات بوونەوە بە هەمان واتا ناکرێ بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێ چونکە هەندێ جار بە ناچاری دەبێ فەرامۆش بکرێت، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە دووپاتبوونەوە سنووری بۆ دانانرێت، واتە چەند جار دووپاتبوونەوە بە پێوانە دابنێین. رەنگە مۆرفیمێک تەنیا لە چەند دەوروبەرێکدا دووبارە ببێتەوە (بۆ نموونە، مۆرفیمی -ندە لە چەند وشەیەکی وەك: باڵندە کوشندە و دڕندەدا دەبینرێ) ئایا هەر بەمە پلەی مۆرفیم وەردەگرێ؟ هەندێ جار وارێ دەکەوێ کە مۆرفیمێك تەنیا لە یەك دەوروبەدا بەرچاو دەکەوێ و (مۆرفیمی- /یاب/ لە "نایاب" دا یان مۆرفیمی . یلکە لە "چاویلکە"دا ، ئەمەی دووەم بە واتای "نامێر" هەر لەم وشەیەدا دەبینرێ) بە مەش بووە بە مۆرفیم. کەواتە دووپاتبوونەوە بنەمای هەرە گرنگ نییە لە هەلاوێرکردنی مۆرفیمدا و دەبێ بنەمای تر هەبێت لە ئارادا جگە لە واتایەکی رێژەیی و دووپاتبوونەوە کەوا بکات ئەو کەرتانەی واتا شیان پێ نییە و زۆریش دووبارە نابنەوە هەر بە مۆرفیم دابنرێن.

لێرەدا بنەمایەکی تر سەرهەڵدەدا کە لە کۆنەوە لە ناسینەوەی مۆرفیم دا رۆڵی دراوەتی، ئەویش کەرت نەبوونە بۆ پارچەی ووردتر بێ تێکدانی واتا بۆ نموونە وشەیەکی وەك (هونەرمەند) بە دوو مۆرف دادەنرێ نەك هەر لەبەر ئەوەی (هونەر) و (- مەند) واتاییان هەیە و لە دەوروبەری تردا دووبارە دەبنەوە (بڕوانە: هونەری رادیۆ، هونەری وێنە، هونەرە جوانەکان، ... هتد یان بەهرەمەند، دەوڵەمەند، ... هتد) بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە ئەم دووکەرتە نابن بەپارچەی ووردترەوە بەبێ تێکچوونی واتاکانیان (واتە، هونەر، لە (هون) و (ەر) دروست نەبووە، هەرچەندە پاشگری (- ە ر) لە دەوروبەری تردا بەرچاو دەکەوێ (بڕوانە (دەرخەر)، (نووسەر) دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە بنەمای کەرت نەبوون بۆ پارچەی ووردتر بێ تێکچونی واتا چەندیش گرنگ بێت و پشتی پێ ببەسترێ هێشتا بەبێ دوو بنەماکەی پێشتر: بوونی واتا و دووپاتبوونەوە هیچ ناسینەوەیەکی پێ ئەنجام نادرێ چونکە بە هۆی دوو بنەماکەی ترەوە دەبێ کەرتە مۆرفیم بناسرێ ئینجا بزانین دەکرێ بە پارچەی ووردتر یان نا، واتە، ئەم بنەمایە بە تاك بەکار نایەت لە هەلاوێر کردنی مۆرفیم دا.

دەکاتەوەو تەنگەژەی زیاتر بۆ بۆچوونی واتایی لە بیرۆکەو بیردۆزی مۆرفیم دا پتر دەکات، ئەوەیە ئەم نموونانە لە زمانەکەدا زۆرن و زۆر دووپات دەبنەوە لەبەر ئەوە ڕێگە چارە هەر ئەوەیە کە لەبیردوزی مۆرفیم دا واتا پلەی پێشەوەی نەدرێتێ و بکرێ بە یەکێك لە بنەماکان و وانەبێت کە لە پێناسەی مۆرفیمدا شوێنی بدرێتێ چونکە ئەو قەبارەیەی نییە کە تائێستا لە زۆر کاری زمانەوانیدا وەری گرتووە.

دیسان مەرجی دووەمیش: دووپات بوونەوە بە هەمان واتا ناکرێ بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێ چونکە هەندێ جار بە ناچاری دەبێ فەرامۆش بکرێت، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە دووپاتبوونەوە سنووری بۆ دانانرێت، واتە چەند جار دووپاتبوونەوە بە پێوانە دابنێین. ڕەنگە مۆرفیمێك تەنیا لە چەند دەوروبەرێکدا دووبارە ببێتەوە (بۆ نموونە، مۆرفیمی -ندە لە چەند وشەیەکی وەك: باڵندە کوشندە و دڕندەدا دەبینرێ) ئایا هەر بەمە پلەی مۆرفیم وەردەگرێ؟ هەندێ جار وارێ دەکەوێ کە مۆرفیمێك تەنیا لە یەك دەوروبەدا بەرچاو دەکەوێ و (مۆرفیمی- /یاب/ لە "نایاب" دا یان مۆرفیمی . یلکە لە "چاویلکە"دا ، ئەمەی دووەم بە واتای "ئامێر" هەر لەم وشەیەدا دەبینرێ) بە مەش بووە بە مۆرفیم. کەواتە دووپاتبوونەوە بنەمای هەرە گرنگ نییە لە هەلاوێرکردنی مۆرفیمدا و دەبێ بنەمای تر هەبێت لە ئارادا جگە لە واتایەکی ڕێژەیی و دووپاتبوونەوە کەوا بکات ئەو کەرتانەی واتا شیان پێ نییە و زۆریش دووبارە نابنەوە هەر بە مۆرفیم دابنرێن.

لێرەدا بنەمایەکی تر سەرهەڵدەدا کە لە کۆنەوە لە ناسینەوەی مۆرفیم دا ڕۆڵی دراوەتی، ئەویش کەرت نەبوونە بۆ پارچەی ووردتر بێ تێکدانی واتا بۆ نموونە وشەیەکی وەك (هونەرمەند) بە دوو مۆرف دادەنرێ نەك هەر لەبەر ئەوەی (هونەر) و (- مەند) واتاییان هەیە و لە دەورووبەری تردا دووبارە دەبنەوە (بڕوانە: هونەری رادیۆ، هونەری وێنە، هونەرە جوانەکان، ... هتد یان بەهرەمەند، دەوڵەمەند، ... هتد) بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە ئەم دووکەرتە نابن بەپارچەی ووردترەوە بەبێ تێکچوونی واتاکانیان (واتە، هونەر، لە (هون) و (ەر) دروست نەبووە، هەرچەندە پاشگری (- ە ر) لە دەورووبەری تردا بەرچاو دەکەوێ (بڕوانە (دەرخەر)، (نووسەر) دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە بنەمای کەرت نەبوون بۆ پارچەی ووردتر بێ تێکچونی واتا چەندیش گرنگ بێت و پشتی پێ ببەسترێ هێشتا بەبێ دوو بنەماکەی پێشتر: بوونی واتا و دووپاتبوونەوە هیچ ناسینەوەیەکی پێ ئەنجام نادرێ چونکە بە هۆی دوو بنەماکەی ترەوە دەبێ کەرتە مۆرفیم بناسرێ ئینجا بزانین دەکرێ بە پارچەی ووردتر یان نا، واتە، ئم بنەمایە بە تاك بەکار نایەت لە هەلاوێر کردنی مۆرفیم دا.

بنەمایەکی تر کە پێشتر لە ناسینەوە و جیاکردنەوەی مۆرفیمدا کاری پێدەکرا بنەمای بوونی فیزیکی بوو، واتە لە سەرەتادا سوور بوونێك هەبوو کە مۆرفیم دەبێ بوونێکی بەر جەستە و لەبەر چاوی هەبێت، واتە ببینرێت یان ببیسترێت لە شێوەی مۆرفیم (پیت) یان دەنگ (فۆنیم)دا. لە دوایدا دروستبوون و دان نان بە بوونی مۆرفیمی بێ فۆرم (سفر)دا، ئەم مەرجەی لەناو برد، بەڵام دەبێ بگوترێ کە زۆربەی هەرە زۆری مورفیمەکانی زمان ئەم مەرجەیان تێدا هەیە و بوون و نەبوونی کار ناکاتە بیرۆکەی مۆرفیم چونکە لە راستیدا مۆرفیم نیە کە شێوەی نەبێ، واتە (سفر) بێت. ئەوەی لە زماندا هەیە ئەلۆفۆرمی سفرە (بڕوانە دواتر)، بە واتایەکی تر، مۆرفیم هەرگیز لەشێوەی سفردا نابێت، بەڵام دەشێ یەکێك لەو فۆرمانەی کە بیرۆکەی مۆرفیم پیشان دەدەن (یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی) لە شێوەی سفردا بێت. بۆ نموونە، لە کوردی ناوەڕاستدا، مۆرفیمی رووکاری بەردەوام لە رابردوو و ڕانەبردوودا شێوەی (دە-) وەردەگرێ وەك لە: دە-رۆ-م، دە-م-خوار-د، بەڵام دەکرێ بگوترێ ئەم ئەلۆمۆرفە لەو کاتانەدا کە (نا-)ی پێش دەکەوێ، واتە لە رووکاری بەردەوام لە رانەبردوودا لە شێوەی سفردا دەردەکەوێ وەك لەم جۆرە شیکردنەوەدا:

نا + ∅ + رۆ-م چونکە بیری بەردەوام لە رانەبردووی نەفی کراودا هەر دیارە هەرچەندە بەهۆی مۆرفیمێکی بەرجەستەوە پیشان نەدراوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە سفر ڕەنگە شێوەیەك بێت لە شێوەکانی پیشاندانی مۆرفیم ، بەڵام مۆرفیمی سفر لە ئارادا نییە، واتە ناشێ سفر بیرۆکەیەك پیشان بدات لە مۆرفۆلوجیدا یان بیروکەی مۆرفیمێك بەهۆی سفرەوە (بێ شێوە) نیشان بدرێت. کەواتە بەم پێیە ناکرێ پێ داگرتن لەسەر ئەوەی کە مۆرفیم دەبێ شێوەیەکی فیزیکی هەبێت. ئەوەی دەبێ شێوەی فیزیکی هەبێت ئەلۆمۆرفە نەك فۆرم، هەرچەندە دەشێ یەکێك لە شێوەکانی ئەلۆمۆرف لە شێوەی سفردا بێت.

ئەو تاوتوێکردنەی سەرەوەی بنەماکانی مۆرفیم دەمان گەیەننە ئەو ئەنجامەی کە هەموو بنەماکان لە هەڵاوێرکردن و ناسینەوەی مۆرفیمدا یەك سەنگیان نییە و دەشێ بە پێی گرنگیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیە ریز بکرێن:

٣- (ا) کەرت نەبوون بۆ پارچەی ووردتر بەبێ شێواندنی واتا.

(ب) دووپاتبوونەوە بە هەمان واتا لە دەورووبەری تردا.

(ج) بوونی شێوەیەکی فیزیکی.

(د) واتا.

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە بەو پێیەی سەرەوە واتا لە هەموو بنەماکانی تر کەمتر پشتی پێ دەبەسترێ کەچی لە هەموو بنەماکانی تر لە پێناسەکانی مۆرفیم دا (نەك هەر کۆنەکان بەڵکو نوێیەکانیش) زیاتر سەرهەڵدەدات.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆنانکارەکان هەر لە سەرەتاوە مۆرفیم بە یەکەیەکی واتایی دادەنێن و وای بۆ دەچن کە سەرەتای سەرهەڵدانی واتایە لە زماندا، بە واتای ئەوەی کە یەکەکانی پێش مۆرفیم یان یەکە دەنگیەکان واتایان نییە (فۆنیم و برگە)، بەڵام هەموو ئەو یەکانەی بەدوای یەکە دەنگیەکاندا دێن هەڵگری واتان (مۆرفیم، وشە و ڕستە). بەم جۆرە مۆرفیم بەرای ئەمان و زۆر زمانەوانی تر بچووکترین یەکەی واتا دارە لە زماندا. ئاشکرایە کە بۆچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە دژی ئەو بۆچوونانە دەوەستێ چونکە سەنگێکی زۆرکەم بە واتا دەدات. ئەمەش ناچارمان دەکات کە گۆڕانێك لە پێناسەکانی پێشتردا ئەنجام بدەین تا بیرۆکەی مۆرفیم لەگەڵ بۆچوونی لێکۆڵینەوەکەدا جووت بکەین. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش مەرج نییە ئێمە پێناسەیەکی تر بخەینە سەر ئەو خەرمانە زۆرەی لەبەر دەستدا هەیە، گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان و گەڕان و وردبوونەوە لە رابردوو دەمباتەوە سەر جۆرێك لە پێناسەکە سەنگ دەخاتە سەر ئەوەی کە مۆرفیم یەکەیەکی نا بەرجەستەیە، واتە بوونی تەنیا لە مێشکی قسەکەراندا هەیە و وەك بیرۆکە کار دەکات و لە دەرەوەی مێشکی قسەکەردا تەنیا هەر هەستی پێ دەکرێ: نە بەدەست دەگیرێ و نە بە چاو دیارە. هەندێ لە زامانەوانە ئەمریکایەکانی یەکەم بۆ ئەو بیرە چوون و لە کارەکانیاندا چەخت لەسەر نابەر جەستەیی مۆرفیم دەکەن ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمانە لە دەرەوەی شەپۆلە سەرەکیە بەدەستەڵاتەکەی ئەوکاتە بوون و بەهۆشەکی ناو دەبران بیروڕاکانیان فەرامۆش دەکرا و خۆشیان نەیان توانی لەوە زیاتر کە بڵێین مۆرفیم یەکەیەکی نا بەرجەستەیە گەشە بە بیرۆکەکە بدەن و ئەمەش بوو بە هۆی بڵاوبونەوەو سەرکەوتنی ئەو بیرە جیاوازەی کە مۆرفیم بە دانەیەکی واتایی یان واتادار دەزانێ و لەبیر چوونەوەو پشت گوێی خستنی هەموو ئەو بیرانەی کە پێچەوانەو دژ بەم بوون. ئێستە دوای دەرکەوتنی کەم و کورتی پێناسە ڕۆنانکارییەکان، ئەم بوچوونە پێچەوانانە سەر هەڵدەدەنەوە و بیری تریان لێ دەکەوێتەوە.

کەواتە ئەو بۆچوونانە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیە یەك دەگرن کە مۆرفیم بە یەکەیەکی نا بەرجەستە دەزانن کە وشەیەکی یان واتایەکی نوێی دا تاشێ یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەبێت، بۆ چاکتر ڕوونکردنەوەی پێناسەکە با بەسەر هەندێ وشەی کوردیدا جێبەجێ بکەین تا بزانین تا چ ڕادەیەك پێناسەکە بەکەڵکی هەلاوێر کردنی مۆرفیم دێت و ناکەوێتە

گێڕاوەوە. با سەیرێ ئەم کۆمەڵە وشەیە بکەین کە هەموویان بە کەرتی (بۆ) دەست پێ دەکەن تا بزانین ئەم سەرەتایە لە هەموویاندا یەك بەهاو پایەی هەیە یان هەڵس و کەوتی جیاوازە.

٤- ا. بۆبا ب. بـۆر (خۆڵەمێشی)

بۆ چاڵ بۆران (بای توندی)

بۆ چرووك بۆرژان (خەوی سووك) بۆ لووان

بۆ بڕ بۆردومان

بۆ چەك ج. بۆرە

بۆ سۆ بۆرینە (ئەوەی جاران)

بۆگەن د. بۆ هاتن

بۆ دڕن بۆ چوون

بۆ مار بۆ لووان

بۆ خاو

تێبینی ئەوە بکە کە وشەکان کراون بە چوار کۆمەڵەوە چونکە کەرتی یەکەم (بۆ) لە هەریەکەیاندا بە جۆرێکی جیاواز ڕەفتار دەکات. بەپێی پێناسەکەی سەرەوە کۆمەڵی یەکەم لە دوو کەرت (مۆرفیم) پێکدێن، چونکە تیایاندا (بۆ) واتاو وشەیەکی نوێی دروستکردووە، واتە، (با، چاڵ، بڕ (بڕین)، چەك، گەن (گەنیو، گەیو)، دڕن، مار، خاو ..هتد) بە تەنیا واتایەکیان هەیەو لەگەڵ (بۆ)=بۆن واتایەکی نوێی و وشەیەکی جیاواز دێنەکایە. کۆمەڵەی دووەم، هەرچەندە بە قەبارە (ژمارەی بڕگە) هەر وەك کۆمەڵەی یەکن یان زیاتر(بوردومان سێ بڕگەیە)، بەلأم (بۆ) تیایاندا وەك یەکە یەکی نا بەرجەستە ڕەفتار ناکات، واتە وشەکان هەر واتایەکیان هەبێت، لە ئەنجامی لێکدانی (بۆ) و (کەرتەکانی دواتر)، تەنیا پێکەوەو بە هەموویان واتا پەیدا دەکەن، کەواتە وشەکان یەك مۆرفیمن، با (ان) و (مان) لە وشەی تر و ژینگەی جیاوازدا ئەرکی ڕێزمانیان هەبێت. کۆمەڵی سێیەم، دیسان لە قەبارەدا وەك وشەکانی کۆمەڵەی یەك و دوون (لە دوو برگە پێك دێن)، بەلأم لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە جیاوازن. لە لایەکەوە وەك کۆمەڵی یەکەم لە دوو مۆرفیم پێك دێن، بەلأم دوو یەکە سنووریان جیاوازە، واتە ئەم وشە ئالۆزانە لە (بۆر + ە) یان (بۆر + ینە) پێك دێن نەك (بۆ+رە) یان (بۆ+رینە). دیسان (ە) و (ینە) وشەی نوێی دادەڕێژن. لەلایەکی ترەوە، (بۆر) لەم دوو وشەیەدا پەیوەندییان بە (بۆر) لە کۆمەڵی دووەمدا نییە، تەنیا بە ڕێکەوت لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە لەیەك دەچن. کۆمەڵی چوارەم لە هەموو کۆمەڵەکانی

پێشتر جیاوازە چونکە (بۆ) لە (بۆ) و (بۆر)ی ئەوان ناچێت، هەرچەندە وەك ئەمان ڕۆڵی گەورە لە داتاشینی وشەی نوێیو واتای نوێیدا دەبینێ. لەمانە وشەکان لە زیاتر لە دوو مۆرفیم پێك دێن وەك (بۆ+ها+ت+ن) و (بۆ) تیایاندا پەیوەندییەکی نییە بەو (بۆ) یەی کە لە کۆمەڵەی یەکەمدا دێ هەرچەندە بە ڕێکەوت لە ڕووی فۆنەتیکەوە یەکن. کۆمەڵی چوارەم ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە دەشێ چەندین مۆرفیم لە بۆتەی یەك وشەدا لە یەکتر بدرێن لە زمانێکی تا رادەیەك لکاوی وەك کوردی ناوەڕاستدا، ڕەنگە هەندێ وای بۆ بچن کە تەنانەت ڕستەش لە مۆرفیم پێك دێ، چونکە هەموو کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە (بکەر و بەرکار) دەبنە مۆرفیمی بەند (بڕوانە دواتر) و بە دوای یان بەم لاو ئەو لای کارەوە دەلکێن (دەتان خواردم، بم ناسیبانایە...هتد)، بەڵام دەبێ ئاگەدار بین کە ناکرێ ڕستە لە مۆرفیم پێك بێت، چونکە مۆرفیم وەك یەکەیەکی نا بەرجەستە دەبێ درکەوتنی نەبێت، تا دەگۆڕێتەوە بە شێوەی تر. جا ئەمە نەك هەر لەگەڵ ڕستەدا بەڵکو لەگەڵ وشەشدا ناکرێ، کەوا بوو لە شیکردنەوەی نموونەکانی سەرەوەدا کە دەڵێین (بۆگەن) لە دوو مۆرفیم پێك هاتووە هەر هەڵەین نەك لە کەرتکردن و هەڵاویرکردنی مۆرفیمەکاندا، بەڵکو لە بەکارهێنانی زاراوەکەدا، چونکە هیچ لەمانە ئەگەر زانستانە بۆ دیاردەکە بچین، بە مۆرفیم ناو نابرێن، مۆرفیم تەنیا لە بیری قسەکەردا بوونی هەیە، لە دەرەوەی مێشکی دەرناکەوێ.

شایانی سەرنجە کە لێکدانەوەی مۆرفیم وەك بیرۆکەیەکی نا بەرجەستە کەڵکی زۆری لێ نابینرێ ئەگەر نەگۆڕێت بۆ یەکەیەك کە هەست بەبوون و نەبوونی بکرێ، واتە ئەگەر هەروا بەبێ جەستەبێت. لێرەدا دەکرێ بۆ نزیك کردنەوەی مۆرفیم لە شتی بەرجەستە ئەو بنەما گرنگەی دوسۆسیر بهێنینەوە کە دەڵێ زمان بە گشتی پشت بە جیاوازی دەبەستێ نەك بە لێکچوون. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان (کورەکە هات) و (کیژەکە هات) جیاوازییە لەناودا و دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان وشەکانی (کور) و (کیژ). هەروەها جیاوازی نێوان (ڕۆژ) و (ڕۆژگار) یان (ژن) و (ژیان) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی (-گار) و (-ئان). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین مۆرفیم بریتیە لە بچووکترین جیاوازی لە فۆرمدا (واتە لە شێوەی وشەدا) کە بچووکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات، جا مۆرفیم خۆی واتای هەبێت (وەك هەندێ جار هەیەتی) یان هەر نەی بێت لە بارەکە ناگۆڕێ. گرنگ ئەوەیە مۆرفیم جیاوازی دروست بکات یان دوو وشە یان ڕستە یان دوو ڕۆنان لە یەکتری جیابکاتەوە.

ئەم جۆرە بۆچوونە لە بۆچوونی واتاییەکانی تر لە بارتروو دەرکەوتووترە چونکە دەتوانێ نموونە ئاساییەکان و نائاساییەکانی مۆرفیم داپۆشی و تیۆری مۆرفیم لەو گێژەنگە دەربکات کە بەهۆی پشت بەستن بە واتاوە تێی دەکەوێت. ئێستا دەکرێ بگوترێ (نایاب) دوو مۆرفیمە، با (یاب) واتای نەبێت لە کوردیدا و دوو بارەش نەبێتەوە لە ژینگەی تردا، هەر لە بەر ئەوەی بەرامبەر (نارێك و ناهەموار) دەوەستێ و لە یەکتری جیایان دەکاتەوە. دەشکرێ بڵێین وشەی (بلێمەت) یەك مۆرفیمە چونکە هیچ لە کەرتەکانی بەرامبەر کەرتی تر نا وەستن، جا وشەکە لە (أبو الهمە)وە هاتبێت یان نا لە باری مۆرفیم ناگۆڕێ. هەروەها ئەگەر لە زارێکدا (مر) و (مریشك) هەر یەك شت بگەیەنن، ئەوا ناکرێ (یشك) بە مۆرفیم دابنرێ، با وشەکەش لە مێژوودا بە واتای (مری وشکانی) هاتبێت، بەڵام لەو زارانەدا کە (مر) بە واتای (مریشك) دێ بێ جیاوازی، وشەی (مراوی) دەبێ بە سێ مۆرفیم دابنرێ، چونکە وشەکەی بەرامبەر (قوڕاوی و ئارداوی و نەوتاوی ..هتد) دەوەستێ.

**لە نێوان مۆرفیم و مۆرفدا**

ناسینەوەو شیکردنەوەی مۆرفیم هەمیشە بە هەڵاوێرکردنی مۆرف دەست پێدەکات. مۆرف فۆرمێکی فیزیکییە، واتا خاوەن قەبارەیەکە مۆرفیم دەنوێنێ یان پیشان دەدات (مۆرفیم خۆی جیاوازیی بێت یان یەکە یەکی هۆشەکی قەبارەدار نییە). مۆرف خۆی دەنگە یان کۆمەڵە دەنگێکی (فۆنیم) جیاوازە کە لە ژینگەی تردا دووپات دەبێتەوە. لە زۆر باردا یەك مۆرفیم، تەنیا یەك مۆرف هەیە، واتە، یەك مۆرف نوێنەریی دەکات و لە یەك جێگر یان مۆرف زیاتر پەسەند ناکات وەك لە وشەکانی (دار، بەرد، هەڵۆ،...هتد) لەم هێکارییەدا دەردەکەوێ:

٥- ا-مۆرفیم ← ( دار )    ( بەرد )    ( هەڵۆ )

↓    ↓    ↓

ب-مۆرف ← / دار /    / بەرد /    / هەڵۆ /

هەندێ جار مۆرفیم زیاتر لە مۆرفێك، واتە نوێنەرێکی هەیەو هەر یەکەیان بۆ ژینگەیەك یان جێگەیەك دەست دەدەن، هەر وەك چۆن هەندێ بەرپرس زیاتر لە جێگریکیان پێویستە و هەر یەکەیان جۆرە ئەرکێکیان پێ دەسپێرێ. بۆ نموونە، مۆرفیمی (کوش و رش و گەس) هەریەکەیان دوو مۆرفیان هەیەو هەر مۆرفە بۆ شوێنێکی تایبەتی دەست دەدەن و ناتوانن جێگەیان بگۆڕنەوە (بڕوانە بنەمای یەکتر تەواوکردن لە دوایدا) وەك لەم هێلکارییەدا دەبینین:




واش رێدەکەوێ کە هەندێ جار تاکە مۆرفیمێك بەهۆی چەندین مۆرفەوە نیشان دەدرێ، دیسان هەریەکە بۆ جێگەیەکی تایبەتی و بێ ئەوەی بتوانن جێ بگۆرنەوە، وەك لە نوواندنی مۆرفیمی ناسیاویدا دەردەکەوێ:




شایانی سەرنجە کە لەم نموونانەدا جیاوازی لە فۆرمدا (کوش و کوژ)یان (-ەکە) و (یەکە) جیاوازیی واتایی بە دوایاندا ناهێنن. مۆرفەکانی (-ەکە، -یەکە، -کە، - ك، - ە) هەر هەموویان نیشانەی ناسیارین و هەر یەکەیان ژینگەیەکی تایبەتیان هەیە و جێگەیان ناگۆرنەوە، تێبینی ئەوەش بکە کە مۆرڤ /-ەکە/ و /-ە/ بە ژینگە جیاناکرێتەوە، چونکە دەشێ هەردووکیان لەگەڵ هەموو ناوێکدا بێن وەك لەم دوو نموونەیەدا دەبینین:

٨-(أ) کورەکە لە پڕ خۆی کرد بە ژووردا .

(ب) کورە لەپڕ خۆی دەکات بەژووردا و پەلاماری پیاوە دەدات و دەیەوێ بیکاتە دەرێ. نموونەکانی سەرەوە، ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی نێوان /-ەکە/ و /-ە/ لە ژینگەدا نییە، چونکە هەردووکیان لەهەمان شوێندا بەکار دێن (کور-ە، کورەکە: پیاوە: پیاوەکە) بێ جیاوازی لەواتادا.

نموونەکان ئەوەش بە روونی دەردەخەن کە (-ە)، لەوەدا لە (-ەکە) جیا دەبێتەوە کە لە شێوازی چیرۆك گێرانەوەدا بەکاردێ نەك لەقسەی رۆژانە، واتا هەرکاتێ زنجیرەیەك روودان لە رابردوودا بەدوای یەکتردا هاتن. تێبینی ئەوەش کە بەکارهێنانی /-ە/ زیاتر لەگەڵ رانەبردووی درامیدا دەبێ، واتە لەو شێوازانەدا کەرانەبردوو بۆ گوزارەکردن لە رابردووو دەبێت، تا وەکو گرییەکی درامی لە گێڕانەوەکەدا دروست بێت هەر وەك لە جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێ:

٩- (أ) کورەکە هاتە ژوورەوە .

(ب) کورە هاتە ژوورەوە .........

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە زاراوەی ئەلۆمۆرف بۆ ئەو مۆرفە جیاوازانە بەکاردێن کە پێکەوە تاکە مۆرفێمێك دەنوێنن ئەلۆمۆرف لەنێوان مۆرفیم و مۆرفدا دەوەستێ و بەیەکتریانەوە دەلکێنێ. بۆ نموونە /ت/ و /یت/ و /تۆ/ هەر سێکیان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (کەسی دووەمی تاکن) لە کوردی ناوەراستدا، هەر وەك /من/ و /م/ دەبنە ئەلۆمۆرفی (کەسی یەکەمی تاك). کەواتە، ئەلۆمۆرف کۆمەڵە مۆرفێکە کە گوزارەی لە مۆرفیمێکی دیاری کراو دەکات. پەیوەندی نێوان مۆرفیم و ئەلۆمۆرف و مۆرف دەکرێ بەهۆی هێلکارییەوە پیشان بدرێ:

-١٠




وردبوونەوە، لەو هێلکاریانە ئەوە دەردەخات کە:

(١) /من/ و / م / و / تۆ/ و /ت / و /یت/ دەکرێ بە مۆرفی کوردی ناوببرێن.

(٢) دەشکرێ /من / و / م / کۆ بکەینەوە بەیەکەوە پێیان بڵێین ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (کەسی یەکەمی کۆ) لە کوردیدا. بەهەمان شێوە /تۆ/ و /ت/ و /یت/ و /م/ دەکرێ بە مۆرفی کوردی ناو ببرێن یان /تۆ/ و /ت/ و /یت/ پێکەوە بە ئەلۆمۆرفی (کەسی دووەمی تاك) دادەنرێن، چونکە بەهەر سێکیان بیرۆکەیەك دەنوێنن.

هەڵاوێرکردن و ناسینەوەی مۆرف لەسەر بناغەی دابەشبوونە، واتە کۆی هەموو ئەو ژینگەو دەوروبەرانەی کە فۆرمێکی زمان تیاندا دەردەکەوێ. بەم پێیە کاتێ کۆمەڵە مۆرفێك دەبنە ئەلۆمۆرفی تاکە مۆرفیمێك کە دابەشبوونی یەکتری تەواو بکەن، واتە بە هەموویان ئەو ژینگانە داپۆشن کە مۆرفیمێك دەتوانێت تیایاندا دەربکەوێ. کەواتە دوو مۆرف کاتی تەواو کەری یەکتر دەبن کە دوو مەرجیان تێدا بێت:

١-هەموویان یان هەردووکیان یەك واتایان هەبێت یان یەك ئەرکی رێزمانی ببینن.

٢-هەرگیز هەموویان یان هەردووکیان لەیەك ژینگەدا نەوەستن یان دەرنەکەون، واتە هەریەکەیان دەبێ ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و نەچێتە شوێنی ئەویتر یان

ئەوانیتر. بەم جۆرە هەر مۆرفێك دەبێ ئەو ناوچەیە بپارێزێ کە تێیدا دەردەکەوێ و بوار نەدات بە مۆرفی تر کە جێگەی ئەم بگرنەوە.

ئەگەر لە مۆرفەکانی /من/ و /م/ وردبیتەوە ، دەبینین هەردوو مەرجەکانیان تێدایە، واتە لە دابەشبووندا تەواوکەری یەکترین چونکە هەردووکیان بۆ یەك مەبەست بەکاردێن و هەر یەکەیان ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەیپارێزێ، /من/ کاتێ بەکاردێ کە کەسی یەکەمی تاك مۆرفێکی سەربەخۆ (ئازاد) بێت، واتە بەتەنیا وبەبێ یاریدەی کەرتی تر لە زماندا بەکار بێت. /م/ ش کاتێ دەردەکەوێ کە بەشێك بێت لە کەرتی تر و پێوەی بلکێت، واتە وەك مۆرفێکی بەند (بروانە دواتر). هەمان تێبینی لە بارەی داشبوونی مۆرفەکانی کەسی دووەمی تاك لە ئارادایە، واتە ئەمانەش مۆرفن چونکە داشبوونی یەکتری تەواو دەکەن، واتە یەك ئەرکیان هەیە و هەر یەکەشیان ژینگەی خۆی هەیەو دەیپارێزێ: (تۆ) سەربەخۆ کاردەکات، (ت) بەناوەوە دەلکێ و (یت) بەکارەوە هەموویان بە هەمان واتا دێن و جێگەش ناگۆڕنەوە.

لێرەدا خاڵێك دێتە کایەوە: جگە لە واتاو شوێن پاراستن، دەکرێ لێکچوونی فۆنەتێکی بکەینە بنەمایەك لە ریزی ئەم دووانەدا؟ واتە مەرجە مۆرفەکانی مۆرفیمێك هەمان شێوەی فۆنەتیکیان هەبێت یان لێکچوونێکی فۆنتێکی لە نێوانیاندا هەبێت، هەر وەك چۆن لە ناسینەوەو هەڵاوێرکردنی فۆن و ئەلۆفۆندا ئەم خاڵە جەختی لەسەر دەکرێ؟ هەرچەندە ناسینەوەو پێناسەکردن و بەستنەوەی مۆرف بەلێکچوونی فۆنەتیکی‌یەوە هەندێ شتی باشی لێ دەکەوێتەوەو کەمێك رێکوپێکی دێنێتە ناو تیوری مۆرفیمەوە، لە هەمان کاتیشدا سوور بوون و جەختکردن لەسەر ئەم خاڵە هەندێ بابەتی مۆرفۆلۆجی بەلاوە دەنێت و لە بوارەکە دەری دەکات و لەئاستی لێکدانەوەی هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجی دەستەوسانی دەکات. بۆ نموونە، جەختکردن لەسەر لێکچوونی فۆنەتێکی دەبێتە هۆی بەلاوەنان و فەرامۆشکردنی ئەو پەیوەندییە واتاییەو ئەرکیە توندەی کە لە نێوان (وێ) و(ویس)دا هەیەو لە رستەی (دەمەوێ) و (ویستم)دا دەردەکەوێ. خۆ ئەگەر لێرەدا لێکچوونێکی کەمیش هەبێت (لەدەنگی /و/ی هاوبەشدا)، ئەوا لێکچوونی فۆنەتیکی مۆرفەکانی مۆرفیمی رابردوو لە کوردی ناوەڕاستدا بە تەواوی لەیەکتر دەترازێنێ چونکە ئەمانە لە هیچ روویەکی فۆنەتیکی‌یەوە لە یەکتری ناچن. بۆ نموونە /ت/ و /د/ لە لایەك و /ا/ و /ی/ و /وو/ لەلایەکی تر کەم و زۆر پەیوەندییەکی فۆنەتێکی وەها لەنێوانیاندا نییە، ئەوە نەبێت کە ئەم دەنگانە فۆنیمن لە کوردیدا کە بە لێکچوون ناژمێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەلاوە نان و فەرامۆشکردنی مەرجی لێکچوونی فۆنەتیکی دەکرێ ئەمانە هەموویان بە

مۆرفی مۆرفیمی رابردوو لە کوردیدا بژمێرین چونکە لە چەندین باردا گوزارە لە رابردوو دەکەن و لە رانەبردوودا دەرناکەون و بزر دەبن، واتە بوون و نەبوونیان لە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی کوردی ناوەڕاستدا بەندە بەتاق (زمن) کاری ڕستەوە رابردوو بێت یان ڕانەبردوو.

**دابەشبونی مۆرفەکان :**

دابەشبوونی ئەلومورفەکان زۆرجار دەکەوێتە ژێر هۆکاری فۆنۆلۆجیەوە. بۆ نموونە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی تاك بەپێی ژینگەی فۆنۆلۆجی دابەش دەبن: (-یەك) دەچێتە پاڵ ناوێك کە بە دەنگی بزوێن کۆتایی بێت (-ێك) بەناوێکەوە دەلکێ کە بە دەنگی نەبزوێن دوایی هاتبێت و هەرگیز شوێنەکانیان ناگۆڕنەوە وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١١- أ. چۆلەکە چۆلەکەیەك
مانگا مانگایەك
هەڵۆ هەڵۆیەك
دێ دێیەك
سێ سێیەك
ب. پیاو پیاوێك
ژن ژنێك
بەرخ بەرخێك
کار کارێك
ج. * پیاویەك * چۆلەکەیەك
* کاریەك * هەڵۆیەك

جگە لە هۆکاری فۆنۆلۆجی، هەندێ هۆکاری تر کار دەکەنە سەر دابەشبوونی ئەلۆمۆرف وەك هۆکاری لێکسیکی و مۆرفۆلۆجی و ڕێزمانی و شێوازی. بۆنموونە، دابەشبوونی (-کار) و (- کەر) و (- زان) و ( - یار) و (-ەر) لە دروستکردنی ناوی بکەردا لە ژێرکاری ئەو وشانەدان کە لەگەڵیدا کۆ دەبنەوە و (لێکسیمەکان)، واتە، وشەکان خۆیان بریار دەدەن کام لەم ئەلۆمۆرفانە هەڵبژێرن وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١٢- کرێ کرێکار
یاری یاریکەر: یاری زان
جووت جووتیار
نووس نووسەر

له دابەشبوونی هەندێ ئەلۆمۆرفدا هۆکاری مۆرفۆلۆجی بڕیاری هەڵبژاردن دەدەن. بۆ نموونە، لەناو هەموو ئەلۆمۆرفەکانی ناسیاویدا، تەنیا ئەلۆرمۆرفی-ەك . بۆ ئەو شوێنانە دەست دەدات کە نیشانەی کۆی (-ئان)بە دوادا بێت، کەواتە مۆرفیمی (-ئان) بڕیار دەدات کام لە ئەلۆمۆرفەکانی (-ەکە) هەڵ دەبژێرێ:

١٣- أ. ژن ژنەکە (- ەکە) ژنەکان (- ەك)

ب. دەرگا دەرگاکە دەرگاکان (- ەك)

دەرگایەکە دەرگایەکان (- ەك)

ج. قاپی قاپێکە قاپێکان (- ەك)

قاپییەکە قاپییەکان (- ەك)

هەندێ جار هۆکاری مۆرفۆلۆجی لە شێوەی تردا خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە، مۆرفیمی-ەکە ڕێگە بۆ مۆرفیمی - ئان خۆش دەکات ورێگە لە هەموو ئەلۆمۆرفەکانی تری نیشانەی کۆ دەگرێت وەك بەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

١٤- أ. باخ باخات

میوە میوەهات

ب. باخ باخەکە * باخەکات باخەکان

میوە میوەکە * میوەکەهات میوەکان

بەهەمان شێوە، هەندێ جار بوونی مۆرفیمێکی یان ئەلۆمۆرڤ مۆرفیمێك بەند دەبێت بەبوونی مۆرفیمێکی ترەوە. بۆنموونە، -ئان لە زاری سلێمانیدا لەگەڵ ناوی ئاشنا نایەت تا ناوەکە نەناسێنرێ، واتە، زارەکە کاتێ ڕێگە بە (. کە) و (. ئان) دەدات کە بەیەکەوە بێن (-ەکان) یان کاتێ ناوەکە بە هۆی ڕێزمانەوە بوو بێت بە ناسراو وەك بە بەراوردکردنی ئەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١٥- أ. دە ست * دەستان دەستەکانت ورد بێت

ئەو دەستانەت ورد بێت

ب. ڕوومەت * ڕوومەتان ڕوومەتەکانی سوور بوون

ئەو ڕوومەتانەی سوور هەڵ گەڕابوون

لە کوردیدا هەندێ جار هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرف لە ژێرکاری ڕێزماندایە. بۆ نموونە، ناکردن لە کوردیدا یان بەهۆی نا - یان نە . یان مە . دەبێت:

نا - لەگەڵ کاری ڕانەبردوو دێت و نە . لەگەڵ کارەکانی تر و مە . لەگەڵ فەرماندا، واتە ڕێژەی کارەکە بڕیار دەکات کام ئەلۆمۆرف هەڵدەبژێرێ:

١٦- أ. دەخۆم ناخۆم * نەخۆم
ب. دەم کرد نەم دەکرد * نام دەکرد
ج. بخۆ مەخۆ * نەخۆ * ناخۆ

بەڵام لە هەڵبژاردنی نا ـ یان نە ـ لەگەڵ ئاوەڵناودا هۆکاری لێکسیکی جارێکی تر دێتەوە ئارا، واتە جۆری وشەکان خۆیان دەبنە خاوەن بڕیار و هۆکاری تر گوێی پێ نادرێ:

١٧- أ. خۆش نەخۆش ناخۆش
ڕەوا * نەڕەوا ناڕەوا
ڕازی * نەڕازی ناڕازی
شارەزا نەشارەزا * ناشارەزا

دابەشبوونی ـ ا و ـ ێ لە نوواندنی تافەکاندا (ڕابردوو یان ڕانەبردوو) دیسان پابەندە بە ڕێزمانەوە: ـ ا لە کاری دیار و نادیاردا دەبینرێ، بەڵام ـ ێ تەنیا لە ڕستەی بکەر نادیاردا تاڤ ڕانەبردوو نیشان دەدات:

١٨- أ. زەویەکەم کێڵا (ڕستە بکەر دیار)
ب. پارەکە دزرا (ڕستەی بکەر نادیار)
پارەکە دەدزرێ (ڕستە بکەر نادیار)

بەڵام دابەشبوونی (ـ أ و ی ـ و ـ وو وَ ـ ت و ـ د) لە نوواندنی تافەکاندا لە ژێرکاری ڕێزماندا نییە، بەڵکو هەڵبژاردنێکە وشەکان خۆیان ڕۆڵی تێدا دەبینن، واتە پابەندە بەلێکسیکەوە (سروشتی ڕەگی کارەکە):

١٩- أ. کێڵ ـ کێڵا * کێڵی * کێڵوو
ب. نووس ـ نووسی * نووسا * نووسەر
ج. ب ـ بوو * با
د. کەو ـ کەوت
هـ. کر ـ کرد

هۆکارێکی تر کە لە هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفدا دەبێ بە بەرچاوەوە بگیرێ هۆکاری شێوازییە. هەندێ ئەلۆمۆرف لە شێوازێکدا بەکاردێن و لە شێوازی تردا نابینرێن. لێرەدا زاراوەی شێواز تەنیا شێوە ناوچەییەکان (زار و بەچکە زار) ناگرێتەوە بەڵکو شێوە کۆمەڵایەتیەکانیش دادەپۆشی (زاری یەکگرتوو، ئەدەبی، پیرو لاو منداڵ، یان زاری چینێکی کۆمەڵایەتی وەك: ژن، پیاو، دەوڵەمەند، کرێکار...هتد). بۆنموونە، مۆرفیمی ـەوە ـی دووبارە کردنەوە بەپێی زارەکان بەهۆی ئەلۆمۆرفی جیاجیاوە دەنوێنرێن: ـەوە: لە

زۆربەی زارەکانی کوردی ناوەڕاستدا، . ئەوانیٚ: لە زاری قسەکردنی سلێمانیدا، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەویٚ:

٢٠- أ.دەرگاکەم کردەوە (زاری نووسین)

ب.دەرگاکەم کردەوانیٚ (زاری قسەکردن/ سولەیمانی)

٢١- أ. هاتەوە (کوردی ناوەڕاست)

ب. هاتەوانیٚ ( زاری سلێمانی)

نموونەیەکی تری دابەشبوونی ئەلۆمۆرفی شێواز (لە جۆرێکی تر) لەهەڵبژاردنی .ەکە - و .ەی ناسیاویدا دەردەکەویٚ (بڕوانە پێشتر):

.ە تەنیا لە شێوازی گێرانەوەی دراماتێکیدا بەکاردیٚ و -ەکە و ئەلۆمۆرفەکانی تری لە شێوازەکانی تردا.

لێرەدا پێویستە تێبینی دوو خاڵ بکەین:

(١) هەندیٚ جار دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکان وا بەئاسانی نایەتە بەرچاو ولەوانەیە زیاتر لە هۆکارێك کار لە هەڵبژاردنیاندا بکات، واتە ڕەنگە لە یەکێك زیاتر لەم هۆکارانە لە یەك کاتدا کار بکەن. بۆنموونە، هەندیٚ لە ئامرازە بەندەکانی کوردی دوو ئەلۆمۆرفیان هەیە: یەکێکیان فۆرمێکی سەربەخۆیە (ئازاد) و ئەویتریان بەند وەك لەم نموونانەدا دەبینریٚ:

أ. پارەکە لە کورەکە وەربگرە . ( لە)

پارەکە لە (ئە) و وەربگرە. (لە)

پارەکەی لیٚ وەربگرە . (لیٚ)

لێی وەربگرە . (لیٚ)

ب. بە کورەکەم گوت . (بە)

پێم گوت . (پیٚ)

ئەم جۆرە دابەشبوونە دەشیٚ بە دوو ڕێگا لێك بدرێتەوە: لە لایەکەوە هەڵبژاردنەکە لە ژێر دەسەڵاتی ڕێزماندایە: لە - لە پێش بەرکارێکی ئاشکرا ودەربراو یان جێگیر بوو بە ناودێت ولیٚ - پێش بەرکارێکی نا ئاشکرا یان جێگیر بوو بەجێناو. بێگومان بەرکار وناو جێناو پێش کەوتن هۆکاری ڕێزمانین، واتە ڕێزمان لەم هەڵبژاردنەدا باڵادەستە. لەسەرێکی ترەوە، دەشیٚ هۆکاری مۆرفۆلۆجی، نەك ڕێزمانی، بکەین بەسەر پشك و هەڵبژاردنەکە بە کاری ئەو بزانین، بەتایبەتی کاتێك یەکێك لەم دوو فۆرمە بە مۆرفیمێکی

سەربەخۆ و ئەویتریان بە بەند دابێن: سەربەخۆیی و بەندێتی مۆرفیم دەکەونە بواری مۆرفۆلۆجیەوە نەك سینتاکس.

(٢) هەندێ دابەشبوون ئازادە و هەندێکی تر بەند. واتە هەندێ جار دوو ئەلۆمۆرفەکە دەتوانن جێگۆرکێ بکەین بێ ئەوەی واتا بگۆڕن یان لە دەستوور دەرچن وەك لە دابەشبوونی -ەکە و -ەی ناسیاویدا باس کرا. دابەشبوونی ئازاد کێشە بۆ تیۆری مۆرفیم دێنێتە ئارا چونکە لە ناسینەوەو جیاکردنەوەی ئەلۆمۆرفدا جێ نەگۆڕین بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکان دادەنرێ. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە:

١-جێگۆرکێ . ەکە و . ە ی ناسین جێ گۆڕینەوەیە بە یەك لادا، واتا تەنیا -ەکە دەتوانێ تا رادەیەك لەجێی -ە بەکاردێت نەك بە پێچەوانەوە.

٢-هەرچەندە بەکارهێنانی -ەکە لەجێی -ە لەوە دەچێت واتا نەگۆڕێت، لە راستیدا ئەو واتایەی کە ناگۆڕێت واتایەکی وەسفی‌یە، یان بیرۆکەییە، ئەم جێ گۆڕینە بەبێ گۆڕینی واتای ناوەسفی (سەربار) ئەنجام نادرێ، کەواتە جێ گۆرکی‌یەکە ئازاد نییەو ئەم دوو ئەلۆمورفە یەکتری تەواودەکەن و گۆڕینی یەکێکیان بەویتر دروست نییە.

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە هەندێ جار وا روو دەدات کە ئەلۆرمۆرفەکانی مۆرفیمێك پەیوەندییەکی دەنگی وەهایان بە یەکترەوە نامینێ، واتە ئەلۆرمۆرفەکان لە رۆخسار یان ڕواڵەتدا، واتە لە رووی دەنگەوە لە یەکتر ناچن و تەنانەت یەك دەنگی ناوکۆش لە نێوانیاندا نییە. لەباری وەهادا دانانی ئەو فۆرمانە بە ئەلۆمورفی مۆرفیمێك بە پێ واتا دەبێت و هیچی تر. نموونەیەك لەم جۆرە ئەلۆمۆرفانە لە کوردیدا ئەلۆمۆرفی وەر - و رۆ -یە کە کەم و زۆر لە رۆخساردا لەیەکترناچن، تەنیا هەر لەبەر ئەوەی لە واتادا یەکن یان زۆر نزیکن دەکرێ بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (رۆیشتن) دابنرێن. ئەم دوو ئەلۆمۆرفە مەرجە سەرەکیەکەی ئەلۆرمۆرفیان تێدایە: جێی یەکتری ناگرنەوە بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن. ئەگەر لە بارێکدا یەکێك لەم دوو ئەلۆمۆرفە دروست بێت، ئەویتریان دروست نابێت. جیاوازی نێوانیان لە واتادا نییە، بەڵکو لە پراگماتیکدایە. لە هەردوو وشەکەدا قسەکەر (هەر لەبەر ئەوەی قسەکەرە) خۆی دەکات بە تەوەرەی قسە (گوتن) لە خۆی دوور دەخاتەوە یان بە دوور لە خۆیی دەزانێ. لە وەر-دا، بە پێچەوانەوە، قسەکەر رووداوەکە هەر شتێ بێت لە خۆیی نزیك دەکاتەوە یان بەرەو خۆیی دەبینێ، وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

٢٢- ئ. وەرە بۆ لام (بۆ لای قسەکەر)

ب. برۆ بۆ لای (بۆ لای یەکێکی تر)

هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم ڕستەیەی خوارەوە لە رووی پراگماتێکەوە نا دروستە:

٢٣- برۆ بۆ لام

**لەنێوان مۆرفیم و مۆرف و فۆنیمدا :**

ناکرێ بگوترێ کە مۆرفیم لە فۆنیم دروست دەبێ چونکە واتای مۆرفیم لە پێکهاتە فۆنیمێکەوە دروست نابێت ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی فۆنیم لە خۆیدا واتای نییە، واتایەکی تر، یەکەیەك کەخۆی بێ واتا بێت ناتوانێت واتا ببەخشێ بە یەکەی تر. کەواتە، ئەو یەکەیەی کە لە فۆنیمێك یان زیاتر پێك دێ مۆرفە نەك مۆرفیم، بەتایبەتی کە مۆرفیم خۆی یەکەیەکی هۆشەکی نا بەرجەستە بێت. بەم پێیە ، پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم لە چەند خاڵیکدا بەرجەستە دەبێت:

١-پەیوەندی یەك بەیەك (سەر بەسەر): لێرەدا ژمارەی مۆرفیم یەکسان دەبێ لەگەڵ ژمارەی مۆرفدا (کەخۆی لە فۆینم پێك دێ) وەك لە هەندێ وشەی زماندا دەبینرێ، بۆ نموونە لە کوردیدا مۆرفی /چ/ بەتەنیا بەرامبەر مۆرفیمێك دەوەستێ (بڕوانە: چووم، دەچوو، نەدەچوو...هتد) ژمارەیەکی زۆر لەپاشکرەکانی کوردی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەنوێنێ وەك:/ی/ ئیزافە، یەکێك لەو وشانەی کە لەیەك مۆرف پێك دێ ئەو ئامرازە بەندەیە کە لە هەندێ شێوەی کوردیدا دەبینرێ وەك لە : منالەکە بنێرن ئە دەبستان لێرەدا وشەی (ئە) لە یەك مۆرفیم پێك دێ کە مۆرفێك دەنوێنێ. مۆرفەکەش خۆی لە یەك فۆنیم دروست بووە. ئەم پەیوەندییە ئاسانترین جۆرە لە پەیوەندی.

٢-لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان وشەو واتا پەیوەندییەکی لە خۆوەیە، هەندێ پەیوەندی نێوانیان لە زماندا دێتە ئاراوە:

أ-هەندێ جار یەك تاکە فۆرم دەتوانێ چەند مۆرفیمێك بنوێنێ وەك لە وشە هاودەنگەکاندا دەردەکەوێ: بڕوانە مۆرفی (پێ) لە (پێم دێشێ) و (پێم وەهایە...)، لە یەکەم دا بۆ (قاچ) دێ و لە دووەمدا لە ئامرازی بەندی (بە) وە هاتووە ( بەمن وەهایە...). هەروەها (یلە)ی بچووکردنەوەو (- یلە)ی ئامراز لە (وردیلە)و (ئەنگوستیلە)دا لەو گیرەکە هاودەنگیانەن کە ئەم پەیوەندیە دەنوێنن:

٢٤- مۆرفیم ← بچوکردنەوە ئامراز ← قاچ بە

مۆرف ← یلە ← پێ ..

ب-بە پێچەوانەی پەیوەندی (أ)وە، هەندێ جار وا رێکدەکەوێ کە یەك تاکە مۆرفیم بەچەند ڕێگەیەك یان بەهۆی چەندین فۆرمەوە دەنوێنرێت وەك لە شێوە جیاجیاکانی نیشانە ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆی کوردیدا بەدی دەکرێ کە بەهەموویان لە ژینگەی جیاجیادا تاکە مۆرفیمێك دەنوێنن:

٢٥- مۆرفیم ← ناسیاوی نەناسیاوی

مۆرف ← .ە کە - یەکە - کە - ەك - ئێك - یەك

ج-هەندێ جار یەك تاکە مۆرف لە یەك کاتدا دەتوانێ چەند مۆرفیمێك بنوێنێ، واتە چەند واتایەکی جیاوازی هەبێت یان ئەرکێکی ڕێزمانی جیاواز جێبەجێ بکات. لەباری وادا، لەبەر ئەوەی سنووری مۆرفەکە دیار نابێت، دەکرێ مۆرفەکە بە (تواوە) ناو ببرێ، بە واتای ئەوەی کە چەندین واتا یان ئەرك لەناویدا تواوەتەوەو لە یەکتری دانەبڕین و جیاناکرێنەوە وەك دوو دیوی پارە یان دوو گیان لەیەك جەستەدا. لە زمانێکی وەك کوردیدا (کە لە زمانە لکاوەکانە) مۆرفی تواوە زۆر کەمە، بەڵام بە ڕێکەوت ڕوودەدا وەك ئەو کاتانەی کە مۆرفی - ر دوو ئەرك یان واتا دەگرێتە خۆی: ئەرکی نادیاری و ئەرکی توانین وەك لەم:

٢٦- مۆرفیم نادیار توانین

مۆرف ڕ

(نموونە: ناخورێ (بۆ خواردن نابێت )، هەروەها ناشۆرێ و ناکرێ ونادرزێ نادڕێ و نابرێ ونادرێ و ناسێنرێ...هتد)

٣-ئەو جۆرە بۆچوونانەی کە بۆ هەر مۆرفیمێك مۆرفێك بە پێویست دەزانن لە دوو باردا تەنگە تاو دەبن کە ئەم پەیوەندی سەربەسەریە سەرناگرێ وتێکدەچێ:

أ-لەو کاتانەدا کە ژمارەی مۆرفیم لە ژمارەی مۆرفەکان زیاتر دەبێ، واتە لە بارێکدا کە مۆرفیمێك یان زیاتر لە فۆرمێك نەبێت بیان نوێنێ. ئەمەش بەتایبەتی لە کاتێکدا دەبێ کە یەکێك لەو ئەرکە ڕێزمانیانەی کە بە زۆری بەهۆی مۆرفیکەوە نیشان دەدرێ لە شوێنێکدا مۆرفەکەی بزر بکات و بوونێکی فۆنەتێکی یان فیزێکی نەبێت. بۆ نموونە لە کوردی ناوەڕاستدا یەکێك لە نووسەکە لکاوەکان کە دەبێتە نیشانەی ڕێکەوتن یان بەرکار دەنوێنێ، لە هەندێ شوێندا دەرناکەوێ یان بوونی مادیی نامینێ وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧- | ڕۆیشتم | ڕۆیش + ت + م |
| | ڕۆیشتیت | ڕۆیش + ت + یت |
| | ڕۆیشت | ڕۆیش + ت + Ø |
| | ڕۆیشتن | ڕۆیش + ت + ن |
| | ڕۆیشتین | ڕۆیش + ت + ین |

ئەمە لە کاتێکدا کە لە باری تر و شوێنی تردا دەردەکەوێ و بوونی هەیە. بڕوانە:

۲۸- دەڕۆم    دە + ڕۆ + م
دەڕۆی    دە + ڕۆ + ی
دەڕۆات    دە + ڕۆ + ات
دەڕۆن    دە + ڕۆ + ن
دەڕۆین    دە + ڕۆ + ین

یـان

۲۹- بـردم    بر + د + م
بـردت    بر + د + ت
بـردی    بر + د + ی
بـردیان    بر + د + یان
بـردتان    بر + د + تان
بـردمان    بر + د + مان

کەواتە مۆرفی وەها هەیە (نەك مۆرفیم) کە لە هەندێ شوێندا بوونی فیزیکیو فۆنەتیکی خۆی لە دەست دەدات (نەك لە هەموو شوێنێکدا) لە کاتێکدا کە لە شوێنی تردا دەپیارێزێ. بەم جۆرە مۆرفە (دیسان نەك مۆرفیم) دەگوترێ (مۆرفی سفر) کە جگە لەکەسی سێیەمی تاك لە کوردیدا هەندێ مۆرفیمی تریشی پێ دەنوێنرێ وەك لەشیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی ئەم ڕستانەدا دەردەکەوێ : بردم ، بردمن ، دەیان بەم.

۳۰- بردم    : بر + د + م + Ø
بردمن    : بر + د + م +ن
دەیان بەم : دە + یان + بە +م

ڕستەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ڕستەی جێگیربوو بە جێناودا جگە لە کارەکان بکەرو بەرکاریش دەردەکەون. بەم پێوەرە دەشێ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا وای دابنێن کە هەمیشە مۆرفی سفر هەیە و بەرکار دەنوێنێ. دیسان بەپێوەری ڕستەیەکی وەك:

۳۱- دەڕۆم =    دە + ڕۆ + م

دەشێ بگوترێ کە بیرۆکەی بەردەوام لە ڕستەی (ناڕۆم ) یشدا هەیە و بەهۆی مۆرفی سفرەوە دەنوێنرێ:

۳۲- دەڕۆم =    دە + ڕۆ + م
ناڕۆم =    نا + Ø + ڕۆ + م

گرنگ ئەوەیە کە دەبێت جڵەوێ بۆ خەیاڵی ڕێزماننووس دابنرێ و ناکرێ لەهەر شوێنێکدا تیورەکە پەکی کەوت هانا بۆ مۆرفی سفر ببەین و بەمە لە کەوتن ڕزگاری بکەین چونکە هەموو هەوڵێکی لەم جۆرە زمانناسی لە زانست دوور دەخاتەوە. بۆنموونە ناکرێ مۆرفیمی تەواوەی کاری نادیار و توانا بە بیروکەی مۆرفی سفر ڕزگار بکەین، چونکە سفر ناتوانێت (مۆرفیم) بنوێنێ، واتە مۆرفیم لە هەموو بارێك دا هەمیشە ناکرێ سفر بەرامبەری بێت ، بەڵام دەشێ سفر یەکێك بێت لە ئەلۆمورفەکانی (مۆرف).

ب–لە پەیوەندی نایەکسانی نێوان مۆرفیم و مۆرفدا هەندێجار ناهاوسەنگی لە مۆرفەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە ژمارەی مۆرفەکان لە هەندێ گوتن دا لە ژمارەی مۆرفیمەکان زیاترن و لەوە دەچێت بەبێ کار و بەبێ هۆ هاتبنە گوتنەوە. ئەمەش گیروگرفتێکی تر بۆ تیوری مۆرفیم دروست دەکات، چونکە هەموو لاینگیرانی سوورن لەسەر ئەوەی کە مۆرفیم دەبێ یان ئەرکێکی ڕێزمانی یان واتای هەبێت، کە چی لەم شوێنانەدا مۆرفەکان واتاو ئەرك بەو بیرۆکەیەی کە لە ئارادا هەیە لە دەست دەدەن. ئەو مۆرفانەی کە لەوە دەچێت زیادبن و ئەرك و واتایان نەبێت لەمۆرفۆلۆجیدا بە مۆرفی (بەتاڵ) یان (بێکار) ناو دەبرێن، بەڵام دەکرێ لە کوردیدا بە مۆرفی بنکە ڕێکخەر یان فراوانکار ناوزەد بکرێن، چونکە جێ بۆ پاشگرەکەی دوای خۆیان خۆش دەکەن. بۆ نموونە لە شیکردنەوەی چەندین گوتنی کوردی وەك: ڕۆیشتم، گەیشتم، بشۆرەوە، ئەوەتە، هاتۆتەوە، خۆشکێتی (خوشکی ئەوە)..هتد هەندێ مۆرفی زیاد پەیدا دەبێ کە نە ئەرکێکی ڕێزمانییان دەدرێتە پاڵ و نەواتای نوێی دێنن، واتە مۆرفی جێ خۆشکەرن وەك لە هێکارییدا دەدکەوێ:

٣٣- مۆرفیم ← ڕۆ    Ø    ڕابردوو    نووسەکی ڕێکەوتن
مۆرف ← ڕۆ    یش    ت    م    * ڕۆتم
مۆرف ← فراوانکار

٣٤- مۆرفیم ← ئیلزام    شۆ    Ø    ڕووکار
مۆرف ← ب    شۆ    ڕ    ەوە
فراوانکار

٣٥- مۆرفیم ← ئاماژە    ناسراو    Ø    بوون
مۆرف ← ئەو    ە    ت    ە
فراوانکار

٣٦- مۆرفیم ← ها    ڕابردوو    تەواو    Ø    ڕووکار
مۆرف ← ها    ت    وۆ    ت    ەوە
فراوانکار

٣٧- مۆرفیم ← خوشك ↑ ئەو ↑ Ø ↑ بوون

مۆرف ← خوشك ێ ت ی

فراوانکار

ئەگەر ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە دروست بن، ئەوا گومان لەوەدا نامینێ کە لە هەندێ گوتندا ژمارەی مۆرف زیاترن لە ژمارەی مۆرفیم و (بیرۆکەکان) هەندێ مۆرف واتا نوێی ناگەیەنن و ئەرکی رێزمانیش جێبەجێ ناکەن، واتا مۆرفەکان سەرزاری بێکارن و لە خۆیانەوە هاتوونەتە گوتنەوە، بەڵام ئەگەر بە ووردی لەو نموونانە ورد بینەوە، دەبینین ئەم مۆرفانە بێ ئەرك نین و لە خۆوە ناهاتوون. ئەمانە بنکەی وشەکە ئامادە دەکەن بۆ پێشوازی کردن لە پاشگری تر، واتە، ئەمانە بنکەی وشەکە فراوان دەکەن تا بتوانێت پاشگری تر وەربگرێ. بە واتایەکی تر، ئەم مۆرفانە رێ خۆشکەرن یان مۆرفیمی تەبایی هێنن، ئەگەر ئەمانە نەبن ئەوا پاشگرەکانی دواوەیان بە ئاسانی نالکێ بە بنکەکەوە. لێرەدا دەبێت بە وریاییەوە لە "بەئاسانی" بگەین، چونکە ئەوەی ئاسانە لە زمانێکدا رەنگە قورس بێت لە زمانیتردا، هەروەها ئەوەی قورسە لە زارێکدا، رەنگە لە زارێکی تر بە سووك دابنرێ. واتە، ئاسانی یان قورسی و گرانی شتێکی رێژەییە، لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر یان لە زارێکەوە بۆ ئەویتر دەگۆرێ، هەرچەندە هەندێ دیاردەش هەیە کە لەوانەیە لە هەموو زارو زمانێکدا هەر قورس بن وەك هاتن-ی بە دوای -ێ دا) نموونەی (٣٧) لە سەرەوە).

کەواتە، مەرج نییە هەموو زارێك یان زمانێك بنکەی وشە فراوان بکات بە هەمان شێوە تا پاشگری تر بێتە ناوەوە، بەڵام دیاردەکە لە زۆر زماندا بەدی دەکرێ و مۆرفی فراوانکردن بە زۆری لە شێوەی بزوێن یان هێشووە نە بزوێندا دەبێ و لە زۆری بزوێن بە یەکتری جیادەکەنەوە. دیسان بە زۆری نەبزوێنە نەرمەکان (ل و ر ، ی ، و) ئەم کارە ئەنجام دەدەن،بەڵام هەر وەك لە نموونەکانی سەروەدا دەبینین فۆنیمی -ت- لەم رووەوە لە کوردیدا بە چالاك دێتە بەرچاو.

**مۆرفیم و جۆرەکانی :**

مۆرفیم بەچەندین رێگە بەپێی چەندین بنەما پۆل دەکرێ. هەندێ مۆرفیم بەگشتی دەکەن بە دووجۆر و ئەمانەش بەچەند جۆرێکی ترەوە وەك لەم هێلکارییەدا دەردەکەوێ:

-٣٨



بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:(هونەرمەندەکان بە ڕێگەوەن بۆ ئێرە) هەموو جۆرەکان کۆدەکاتەوە:

٣٩- هونەر: ئازاد (لێکسیکی)
. مەند: بەند (وشە دارێژ)
. ە کە: بەند (ڕێزمانی)
. ئان: بەند ( ڕێزمانی )
بـــە: ئازاد (ئەرکـــی)
. ڕێگە: ئازاد (لێکسیکی)
. ەوە : بەند (ڕێزمانی)
. ن : بەنـد (ڕێزمانی)
. بـۆ: ئازاد (ئەرکی)
. ئێرە: ئازاد (ئەرکی)

یەکێك لە کەموکورتیەکانی ئەم پۆلکردنە لەوەدایە کە هەندێ جیاوازیی لەناو مۆرفیمە بەندەکاندا پشتگوێی دەخات وەك جیاکردنەوەیان بەپێی شوێنیان لە وشەدا: پاشگر و پێشگر و ناوگر و جووتگر...هتد دیسان ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە بەگرییەوە دەنووسێن (نووسەك) جیاناکاتەوە لەوانەی کە بە وشەوە دەلکێن (گیرەك). هەروەها بنکەکە لە بیرۆکە بنەرەتیەکانی مۆرفۆلوجیە شوێنی نەدراوەتێ لە پۆلینەکەدا. تێبینی ئەوە بکە کە زۆر لە کارە کوردییەکان لە بواری مۆرفیمدا بۆچوونێکی وەها پەیرەو دەکەن بەبێ ئەوەی لێی بدوێن یان بەئاگابن لێی، هەرچەندە دابەشکردن بەپێی شوێن کە لەم پۆلینەدا نییە بەدرێژی لە کوردیدا باسدەکرێ. دیارە ناشکرێ ئەم جۆرە پولکردنە فراوان بکرێ شوێنی گیرەکی تێدا دیاری بکرێ چونکە شوێن لەمۆرفیمی ڕێزمانی و وشە دارێژیشدا دەردەکەوێ.

ئەو تێبینیانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە تەنیا ئەو پۆلکردنانە لە کوردیدا پەسەند دەبن کە دەتوانن بیرۆکەی بنکەو نووسەك و گیرەك و بنکەی ئازاد و بەند لە یەکتری جیابکەنەوە وەك ئەم جۆرەی خوارەوە:

٤٠-


بەپێ ئەم پۆلکردنە ڕستەکەی پێشتر (هونەرمەندەکان بە ڕێگەوەن بۆ ئێرە) بەم جۆرە شی دەکرێتەوە:

٤١- هونەر: ئازاد (بنکەی سەربەخۆ)

. مەند: بەند (گیرەك، پاشگر)

. ەکە: بەند (نووسەك، دواگر)

. ئان: بەند (نووسەك، دواگر)

. بە: ئازاد (بنکەی سەربەخۆ، ئەرکی)

. ڕێگە: ئازاد (بنکەی سەربەخۆ، لێکسیکی)

. ەوە: بەند (گیرەك، ڕێزمانی، پاشگر)

. ن: بەند (نووسەك، دواگر)

. بۆ: ئازاد (ئەرکی)

. ئێرە: ئازاد (ئەرکی)

بەراوردکردنێکی خێرا و سەرزاری ئەو دەردەخات کە پۆلکردنی دووەم وردترو قوڵترە لەوەی یەکەم، جگە لەمەش تەنیا ئەم پولکردنە دەتوانێ ڕەگی کارو گیرەکەکانی کوردی لە یەکتری جیابکاتەوە: پۆلکردنی یەکەم هەردووکیان بە مۆرفیمی بەند دادەنێت بەبێ جیاوازی، بەڵام پۆلکردنی دووەم لەوەدا جیایان دەکاتەوە کە یەکێکیان دەبێ بە بنکە بۆ گیرەکەکان، بەڵام ئەویتر خۆی گیرەکە وەك لە شیکردنەوەی کاری ئەم ڕستەیەدا دەردەکەوێ:

٤٢- منداڵەکان گەڕانەوە

گەڕانەوە: گەڕ: بەند، بنکە

ا: گیرەك، ڕێزمانی، پاشگر

ن: نووسەك، دواگر

- ەوە: بەند، گیرەك، ڕێزمانی، پاشگر

لەکۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ چەند تێبینیەك لە بارەی ئەو بیروکانەی پۆلکردنەکە بخەمە ڕوو کە کەم و زۆر لە کارە کوردییەکانی پێشتردا ناویان نەهاتووە یان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە تەماشا کراون وەك: نووسەك وجۆرەکانی، ناوگر، جووتە گیرەك...هتد. زاراوەکانی تر وەك پێشگر و پاشگر یان مۆرفیمی دارشتنی و وشە گۆڕ لەکارەکانی پێشتردا هێندەیان لە بارەوە گوتراوە کە دەکرێ لێرەدا فەرامۆش بکرێن:

١-هەرچەندە زمانەوانەکان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشەدارێژدا دەدۆزنەوەو زۆربەی زمانەوانەکان باوەڕییان بەم جیاکردنەوە هەیە، ئاشکرا و بەڵگە نەویستە کە ئەم جیاوازییە هێندە زۆر نییە و هەندێ جار هێڵێکی پتەو لە نێوانیاندا ناکێشرێت و تێکەڵ دەکرێن، واتە جیاوازی نێوانیان لە زۆر باردا ڵێڵە و لەیەکتر هەڵاوێر ناکرێن. لە راستیدا هەموو ئەو جیاوازییانە کە دەدرێن ودەگوترێنەوە لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆنەتە بەر ڕەخنە و گومانێکی زۆر لە بارەیانەوە کەوتۆتە روو. بۆ نموونە، هەرچەند نوونی چاوگ بە مۆرفیمێکی ڕێزمانی دادەنرێ، لەوەدا کە بەرهەمهێن و ڕێکوپێکە و بەهەموو کارێکەوە دەلکێ، دەشێ بە مۆرفیێکی وشەدارێژ دابنرێن چونکە بەشی ئاخاوتن لەکارەوە دەگۆرێ بە چاوگ کە وەك ناو ڕفتار دەکات. تەنانەت ئەو تایبەتیەی مۆرفیمی ڕێزمانی کە بەدوای مۆرفیمی وشەگۆرەوە دەلکێ و هەمیشە لاوەکییە لە هەندێ باردا وا دەرناچێ: بۆ نموونە، هەرچەندە مۆرفیمی -ەوە کە بەدوای کارەوە دەلکێ بە مۆرفیمی ڕێزمانی دادەنرێ چونکە رووکار دەنوێنێ، دەشێ وا سەیر نەکرێ چونکە پاش جێناوەلکاوەکان دەکەوێ کە خۆیان دیسان لە هەمووکارەکاندا بە مۆرفیمی ڕێزمانی دادەنرێن. کەواتە هەر لە نموونەیەکی وەك : دەگەرێمەوە دوو تایبەتی مۆرفیمی ڕێزمانی تێداچووە: یەکەم: کە دوو مۆرفیمی ڕێزمانی ناچنە سەریەك، دووەم: کە مۆرفیمی وشە دارێژ لە پێکهاتەی وشەدا پێش ڕێزمانی دەکەوێ. لەو نموونەش سەختر و گرانتر بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمی وشە گۆڕ ورێزمانی ئەو مۆرفیمانەیە کە بۆ بچووکردنەوەو خۆش ویستن بەکاردێن: ئەمانە بە پێ ی چەند بنەمایەك مۆرفیمی ڕێزمانین و بەپێ ی ئەوانیتر وشەدارێژ. لەوەدا کە ڕێکوپێك بەهەموو ئەو وشانەوە دەلکێن کە دەتوانن لەگەڵیدا بن وبەشە ئاخاوتنی بنکەکە ناگۆڕن (دوو تایبەتی مۆرفیمی ڕێزمانی) دەبێ مۆرفیمی ڕێزمانی بن، بەڵام لەوەدا کە وشەی نوێی دێنە کایەو بیری نوێی دەردەبرن دەبێ بە مۆرفیمی وشەدارێژ تەماشا بکرێن.

کەواتە مۆرفیمی وشەدارێژ و ڕێزمانی دوو خانەی جیاوازنین کە گیرەکیان تێدا هەڵ بگیرێ، پۆلکردنی وا تەنیا شێواندن دروست دەکات و دەبێ زۆر بە وریایەوە بەرچاو بگیرێ. بۆ نموونە مۆرفیمی داتررزاوی -ەی نیشانە (بڕوانە شێکردنەوەیەکی تر لەم بەشەدا) چەندیش جلەو بۆ خەیاڵ شل بکەین نە مۆرفیمی وشەدارێژە و نەرێزمانی چونکە نە ئەرکی ڕێزمانی دەبینێ و نە وشەی نوێی دروست دەکات، واتە بەو شێوەیەی کە ئێستا پەسن دەکرێ لە کوردیدا نە واتای هەیە و نە ئەرکێکی ڕێزمانی دیار. هەروەها ئەو مۆرفیمانەی کە بە پاشبەندی ئامرازە بەندەکان دا دەنرێن وەك . دا یان . ەوەی دوای

١-هەرچەندە زمانەوانەکان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشەدارێژدا دەدۆزنەوەو زۆربەی زمانەوانەکان باوەڕییان بەم جیاکردنەوە هەیە، ئاشکرا و بەڵگە نەویستە کە ئەم جیاوازییە هێندە زۆر نییە و هەندێ جار هێڵێکی پتەو لە نێوانیاندا ناکێشرێت و تێکەڵ دەکرێن، واتە جیاوازی نێوانیان لە زۆر باردا ڵێلە و لەیەکتر هەڵاوێر ناکرێن. لە ڕاستیدا هەموو ئەو جیاوازییانە کە دەدرێن ودەگوترێنەوە لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆنەتە بەر ڕەخنە و گومانێکی زۆر لە بارەیانەوە کەوتۆتە روو. بۆ نموونە، هەرچەند نوونی چاوگ بە مۆرفیمێکی ڕێزمانی دادەنرێ، لەوەدا کە بەرهەمهێن و ڕێکوپێکە و بەهەموو کارێکەوە دەلکێ، دەشێ بە مۆرفیێکی وشەدارێژ دابنرێن چونکە بەشی ئاخاوتن لەکارەوە دەگۆرێ بە چاوگ کە وەك ناو ڕفتار دەکات. تەنانەت ئەو تایبەتیەی مۆرفیمی ڕێزمانی کە بەدوای مۆرفیمی وشەگۆرەوە دەلکێ و هەمیشە لاوەکییە لە هەندێ باردا وا دەرناچێ: بۆ نموونە، هەرچەندە مۆرفیمی -ەوە کە بەدوای کارەوە دەلکێ بە مۆرفیمی ڕێزمانی دادەنرێ چونکە رووکار دەنوێنێ، دەشێ وا سەیر نەکرێ چونکە پاش جێناوەلکاوەکان دەکەوێ کە خۆیان دیسان لە هەمووکارەکاندا بە مۆرفیمی ڕێزمانی دادەنرێن. کەواتە هەر لە نموونەیەکی وەك : دەگەرێمەوە دوو تایبەتی مۆرفیمی ڕێزمانی تێداچووە: یەکەم: کە دوو مۆرفیمی ڕێزمانی ناچنە سەریەك، دووەم: کە مۆرفیمی وشە دارێژ لە پێکهاتەی وشەدا پێش ڕێزمانی دەکەوێ. لەو نموونەش سەختر و گرانتر بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمی وشە گۆڕ ورێزمانی ئەو مۆرفیمانەیە کە بۆ بچووکردنەوەو خۆش ویستن بەکاردێن: ئەمانە بە پێی چەند بنەمایەك مۆرفیمی ڕێزمانین و بەپێی ئەوانیتر وشەدارێژ. لەوەدا کە ڕێکوپێك بەهەموو ئەو وشانەوە دەلکێن کە دەتوانن لەگەڵیدا بن وبەشە ئاخاوتنی بنکەکە ناگۆڕن (دوو تایبەتی مۆرفیمی ڕێزمانی) دەبێ مۆرفیمی ڕێزمانی بن، بەڵام لەوەدا کە وشەی نوێی دێنە کایەو بیری نوێی دەردەبرن دەبێ بە مۆرفیمی وشەدارێژ تەماشا بکرێن.

کەواتە مۆرفیمی وشەدارێژ و ڕێزمانی دوو خانەی جیاوازنین کە گیرەکیان تێدا هەڵ بگیرێ، پۆلکردنی وا تەنیا شێواندن دروست دەکات و دەبێ زۆر بە وریایەوە بەرچاو بگیرێ. بۆ نموونە مۆرفیمی داترزاوی -ەی نیشانە (بڕوانە شێکردنەوەیەکی تر لەم بەشەدا) چەندیش جلەو بۆ خەیاڵ شل بکەین نە مۆرفیمی وشەدارێژە و نەڕێزمانی چونکە نە ئەرکی ڕێزمانی دەبینێ و نە وشەی نوێی دروست دەکات، واتە بەو شێوەیەی کە ئێستا پەسن دەکرێ لە کوردیدا نە واتای هەیە و نە ئەرکێکی ڕێزمانی دیار. هەروەها ئەو مۆرفیمانەی کە بە پاشبەندی ئامرازە بەندەکان دا دەنرێن وەك . دا یان . ەوەی دوای

ئامرازی بەندی (لە) کە بە بەرکاری ئامرازەکەوە دەلکیٚ (لە ژوورەوە، لە ماڵەکەدا)، ئەمانە بەر ئەو دوخانەیە ناکەون کە لە ئارادا هەن، واتە نە مۆرفیمی ریٚزمانین ونە وشەداریٚژ. بوونی ئەم کیٚشانە ئەوە دەردەخەن کە جیاکردنەوەی مۆرفیمی ریٚزمانی و وشەداریٚژ بیٚ گیروگرفت نییە وبەکەڵکی زۆر زمان نایەت. لەهەمان کاتیشدا ئەوە دەردەخەن کە ئەم پۆلکردنە لە خۆیدا هەموو شتیٚك نییە و لە زمانیٚکی وەك کوردیدا پیٚویستی بە پیٚداچوونەوەوەو فراوانکردن هەیە تا هەموو راستیە مۆرفۆلۆجیەکانی کوردی بدرکیٚنیٚ (بۆ روونکردنەوەی زیاتر بروانە خاڵی دووەم).

٢-دەبیٚ ئەوە بزانین کە مۆرفیمی بەند لە کوردیدا هەیە لە شیٚوەی گیرەك و بنکەی بەندا (ـخۆ لە (دەخۆم)دا) نایەت، بەڵکو زۆرجار لە شیٚوەی نووسەکدا خۆی دەنویٚنیٚ. جیاکردنەوەی نووسەك لە گیرەك و لەپرتك و لەوشەی سەربەخۆ لە کوردیدا گرنگە چونکە زۆر لەو گیروگرفتانە چار دەکات کە دیٚنە ریٚگەی جیاکردنەوەی مۆرفیمی وشەداریٚژ وریٚزمانی. نووسەك بەوە لە گیرەك جیا دەبیٚتەوە کە:

أ-بە وشەوە ناڵکی، بەڵکو بە گرێیەوە، واتە، لە کاتیٚکدا کە گیرەك وردن لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی یان بنکانەی پیٚوەی دەلکیٚن، نووسەك گویٚ بەوشە نادات وبنکە هەڵنابژیٚریٚ و بەکەرتیٚکی رستەوە، بە تایبەتی، بە گرێیەوە دەلکی، بۆ نموونە نووسەکی کەسی (- م) لەم رستانەدا هەرجارە بە شیٚونیٚکەوە دەلکیٚ:

| | | |
|---|---|---|
| ٤٣- | أ. پارەکەم برد | (بە بەرکارەوە نووساوە) |
| | ب. بردم. | (بەکۆتایی کارەوە) |
| | ت. دەم کڕی | (بە مۆرفیمی رووکارەوە) |
| | هـ. نەم دەکڕی | (مۆرفیمی ـە (نا) کردنەوە) |
| | ن. زۆرم گرت | (بە رادەوە) |
| | و. لیٚم سەند | (بە ئامرازی بەندەوە) |

بە پیٚچەوانەوە پاشگری ریٚزمانی رووکار (دە ـ) یان ناکردن (نا/نەـ) هەر بە رەگی کارەوە دەلکیٚن: دەرۆم، نارۆم. کە بەیەکیشەوە بیٚن، هەر لەگەڵ کاردا دیٚن و (نە) پیٚش دەکەویٚ: نەم دەخوارد. هەروەها پاشگری وشە داریٚژەکان، هەر یەکەیان بەشیٚکی ئاخاوتن یان زیاتر بۆ چالاکی خۆی هەڵدەبژیٚریٚ، هیچیان بەگریٚ یان رستەوە نالکیٚن، بۆ نموونە مەیدانی چالاکی پاشگرەکانی -گەر و . بەند و . دار دروستکردنی ناوی داریٚژراوە لە ناوی تر (بروانە: ئاسنگەر، دووکاندار، ناڵبەند..هتد)، هەروەها پاشگرەکانی (ـ ەلە، . ۆلەو- کەلەو – کیلە) بە ئاوەڵناوەوە دەلکیٚن و ئاوەڵناوی نویٚی دیٚتە بەرهەم: باریکەلە، نەرمۆڵە،

سوورکەلەو جوانکیلە... هتد). ئەم هەڵبژاردنەو هەڵ نەبژاردنەی بنکە کاتێ دەردەکەوێ کە نووسەکێکی وەك . ەکە لەگەڵ پاشگرێکی وەك – ئێك دا بەراورد بکەین: ـ ەکە، لەبەر ئەوەی نووسەکە بە دوای دووا کەرەسەی گرێەکەوە دەنووسێ، بەڵام . ئێك لەبەر ئەوەی وەك گیرەك بەکاردێ بە دوای ناوەکەوە دەلکێ:

٤٤- ا. خانوویەك دەکرێ .

ب. خانووە جوانە بەرزە گەورەکەی بە دڵە

ب-نووسەك بە زۆری خاوەندی دوو مۆرفە یان لە دوو شێوەیان زیاتردا دەبینرێ: فۆرمێکی پڕ و فۆرمێکی کورتکراوە. بە پێچەوانەوە، گیرەکەکان بە زۆری یەك فۆرمیان هەیە، هەرچەندە فۆرمەکە هەندێ جار لە شێوەی چەند ئەلۆمۆرفێکدا دێن، بۆ نموونە جێناوەکانی کوردی لە شێوەی فۆرمێکی پڕو دوو فۆرمی کورتکراوەدا دێن: من/ ـ م، ئەوان، . ن و یان).

٤٥- ا. من دەڕۆ. م

ب. ئەوان هاتن و بردیان

فۆرمە پڕەکە بۆ بەراوردکردن و جەختکردن بە کاردێ و کورتکراوەکە لە باری تردا:

٤٦- ا. من دێم ، ئەو نایە

ب. بردی و ڕۆیشت

هاوبەشیکردنی فۆرمە پڕەکە لە ڕستەدا هەر وەك هاوبەشی کردنی کورتکراوەکە یە، هەرچەندە مەرج نییە بە هەمان شێوە دابەش بن، لەم ڕووەوە بە کورتکراوەکان دەگوترێ (نووسەکی تایبەتی)، هەر لەبەر ئەوەی لە دابەشبووندا لە فۆرمە پڕەکە جیاوازە:

٤٧- ا. ئەو منی کوشت (بکەر + بەرکار)

ب. کوشتمی (بەرکار + بکەر)

ج-بە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانییەوە، نووسەك دەتوانی بە بنکەیەکەوە بنووسێت کە نووسەکێکی تری تێدا بێت، واتا لەیەك پێکهاتەدا دەکرێ چەند نووسکێك هەبێت یان کۆببنەوە:

٤٨- ا. کورەکانیان دێ ب. کورێکم دێ

کور + ەکە + ان + یان . م کور + ئێك + م

(چوار نووسەك لە سەر یەك) (دارێژ +نووسەك)

ئاشكرایە ئەگەر ئەم نووسەكانە بە پاشگر دابنرێن، ئەوا ئەو مەرجەی كە گیرەكی ڕێزمانی ناچنە سەر یەك یان كۆنابنەوە تیادەچێ و ئەم تایبەتیە نووسەك لە گیرەكی وشەدارێژ جیاناكاتەوە، چونكە ئەمانەش وەك نووسەك دەشێ لەسەر یەك بنكە كۆببنەوە:

٤٩- هونەرمەندێتی خواكردە

هونەر + مەند (وشە دارێژ) + ێتی (وشە دارێژ)

د-گیرەكی وشەدارێژ و تا ڕادەیەكیش ڕێزمانی ناوێزەیی مۆرفۆلوجیان زۆر تێدایە. بە پێچەوانەشەوە نووسەكەكان بە ڕێكوپێكی ڕەفتار دەكەن. بۆ نموونە لە زماندا واڕێ ناكەوێ كە بنكەیەكی گونجاو نووسەكەی واز لێبهێنێ یان نووسەكێك واتایەكی جیاواز یان ئەركێكی جیاواز بهێنێتە ناو ڕستەیەكەوە، بەڵام ناوێزەیی و نارێكی ئاسایی لەگیرەكی جۆری تردا زۆرە بۆ نموونە ناكرێ لە ڕستەدا نووسەكێكی پێویست نەبێت، هەروەك ناشكرێ نووسەكەكەو واتایان ئەركی خۆی بگۆڕێ. لە ڕستەیەكی وەك:

٥٠- كورەكەم دی.

نووسەكی .م نە بە واتای كەسێكی تر جگە لە كەسی یەكەمی تاك دێت و نەبنكەكەی دەتوانی ڕەتی بكاتەوە، بەڵام پاشگرێكی خۆیەتی وەك .م هەندێ جار، بەبێ هۆیەكی ئاشكرا لەگەڵ ناوێكدا كۆ نابێتەوە. بۆ نموونە، لە زارەكەی مندا گرێی وەك: *بەرخم، *ماڵم، *كتێبم بوونی نییە، لە كاتێكدا : قاچم، سەرم، دەستم...هتد كە وەك یەكن لە پێكهاتدا (ناو+پاشگری خۆیەتی) ئاسایی دەبینرێن.

ناوێزەیی واتایی دیسان لە گیرەكی ڕێزمانی و وشەدارێژدا ڕوو دەدات، بۆ نموونە، پاشگری وشە دارێژی .ووڵە بە زۆری بۆ بچووككردنەوە دێ كەچی لە (مێشووڵە) و (دانووڵە)دا ناوێزەییەكی لە ڕووی واتاوە هێناوە چونكە نە (مێشووڵە) بە واتای (مێشی بچووك) و نە (دانووڵە) بە واتای (دانی بچووك) بەكار دێ، هەروەها پاشگرێكی وەك .ان كە بە زۆری بۆ (كۆ) بەكاردێ، لەگەڵ هەندێ ناودا ئەم واتایە لە دەست دەدات و واتای تر (كات) دەگەیەنێ (بڕوانە جاران ، ساڵان، ڕۆژان ... هتد). بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە ناوێزەییانە لە نووسەكدا نابینرێ،واتە .م هەر بە واتای (من یان هی من دێ) و هەرگیز واتای تر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێتە ناو ڕستەو گرێیەوە.

٣-هەندێ لەوكارانەی كە لەبارەی كوردییەوە ئەنجام دراون، بەتایبەتی ڕێزمانەكانی ڕۆژهەڵات ناسەكان (وەك مەكنزی و مەكارەس) باس لەجووتە گیرەك دەكەن، كە لەشێوەی پێشگرێك و پاشگرێكدا یان وشەیەك و پاشگرێكدا لەیەك كاتدا بەبنكەیەكەوە دەلكێن. ئەم دیارەدە كە دەكرێ پێی بگوترێ گیرەكی داترازاو یان پچڕاو لەم شێوانەدا دەبینرێ:

٥١- أ. ئەم / ئەو ......... ە

ب. لە / بە ......... دا / ەوە

ج. بـ ............ ایـە

دەبیّ تێبینی ئەوە بکەین کە هەموو ئەمانە بەگیرەکی ترازاو ناناسرێن، بە تایبەتی نموونەی (أ)و (ب) چونکە کەرتی یەکەمیان وشەیە نەك گیرەك (پێشگر)، بەڵام نموونەی (ب)، شێوەیەکی تری هەیە کە دەکریّ کەرتی یەکەمی بە پێشگر دابنریّ و ئەوسا بە گیرەکی ترازاو بژمێریّ بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥٢- أ. لێ ...... ەوە

ب. پێ ...... دا / ەوە

کە لەم ڕستانەدا دەبینریّ:

٥٣- أ. لێمەوە دوورە

ب. پێمەوە نایەت

ج. تێیدا دیّ و دەچیّ

د. تێمەوە چوو

شایانی تێبینییە کە دیاردەی گیرەکی ترازاو لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆتە بەر ڕەخنەو لە زۆربەی زمانەکاندا شارەزەکان پێیدا چوونەتەوە. لە کوردیشدا ئەم چەند دیاردە کەمەو بە دەگمەنە پێویستی بە پێداچوونەوەو شیکردنەوەی نوێیە کە لەوە ناچێت کارێکی گران بێت. بۆ نموونە، جۆری یەکەم کە لە هەندیّ کاردا بە پاشبەندی ئامرازی نیشانە ناو دەبریّ لەوە دەچێت هەر مۆرفیمی ناسیاوی بێت کە لەکوردیدا بە دوو ئەلۆمورف دەنوێنریّ .ەکەو .ە . ئەم شیکردنەوەیە ڕەنگە لەبەر ئەوە بیری لیّ نەکرا بێتەوە یان پەسەند نەبووبێت چونکە لە هەندیّ زماندا (بۆ نموونە ئینگلیزی) ئەم دوو ئامرازە (نیشان و ناسیاوی) بەیەکەوە نایەن و ناچنە سەر ناوێك، بەڵام لەراستیدا کۆبوونەوەی ئەم دوو نیشانەیە لەیەك ناودا شتێکی ئاسایی و لە زماندا دەبینریّ. بۆ نموونە لە عەرەبیدا (هذا) و (هذه) دەچنە سەر ناوی ناسراو (هذا الکتاب ، هذه المرأة .. هتد) ئەگەر ئەم بۆ چوونە دروست بێت، ئەوا (کورە) لە ڕستەی:

٥٤-ئەو کورە نایـەت

بریتیە لە دوو مۆرفێم(کور + ە)، کە دووەمیان بەندە و نووسەکەو ئەرکی ناسیاوی دەبینیّ. یەکێك لەو بەڵگانەی کە پشتی ئەم بوچوونە دەگریّ ئەوەیە کە مۆرفیمی .ە ناکریّ بە .ەکە، واتە ، *ئەو کورەکە ڕۆنانێکی نا ڕێزمانییە.

پێداچوونەوەیکی خێرا ئەو راستیە دەردەخات کە ئەو پاشگرانەی کە هەندێ جار بە پاشبەندی ئامرازی بەند ناو دەبرێن وەك لێ ...وە، دیسان دەکرێ بە مۆرفیمی بار (دۆخ) سەیر بکرێن، چونکە هەرچەندە دۆخ لە ئێستەی کوردی ناوەڕاستدا لە ناوچووە، بەلام لە هەندێ شوێندا شوێنەواری ماوە وەك لە هەندێ ناو لە باری بانگ هێشتن دا (کورە یاکورینە وەرن) لە ناو چوونی بار لە هەموو شوێنەکاندا بەیەکەوە نابێت و بەبێ بڕیتی نابێت. بۆ نموونە باری بەرکاری (ڕاستەخۆ) لەکوردیدا تێچووە، بەلام باری بەرکاری ناڕاستەوخۆ (کە هەر ئاوەڵگوزارەیە) بە هۆی ئامرازی بەندەوە بەڕێوە دەچێ. باری ئاوەڵگوازەیی شوێن یان کات هەر پارێزراوە بەهۆی .ەوە یان .دا وە، واتە، ئەمانە نیشانەی باری کات یان شوێنن. بەم جۆرە لە ڕستەیەکی وەك:

٥٥- أ. لە بەیانیدا دەگەن

ب. لە ئێوارەوە لێرەن

ج. لەماڵەکەدا دەژین

د. لە ماڵەوە دێ

(لە بەیانیدا)، (لە ئێوارەوە)، ( لە ماڵەکەدا) (لە ماڵەوە) بەم جۆرە لە ڕووی مۆرفولوجیەوە شێ دەکرێنەوە:

٥٦- أ. لە ئێوارە .ەوە

| | | |
|---|---|---|
| ئازاد | سەربەخۆ | بەند |
| ئەرکی | لێکسیکی | نووسەك (باری کات) |

ب. لە بەیانی - دا

| | | |
|---|---|---|
| ئازاد | سەربەخۆ | بەند |
| ئەرکی | لێکسیکی | نووسەك (باری شوێن) |

ج. پێ .م. ەوە نا

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەند | بەند | بەند | بنکە/ بەند |
| پێشگر | نووسەك | نووسەك | کــار |
| | (کەس) | (باری شوێن) | |

بەهەمان شێوە، دەتوانین مۆرفیمی نەترازاوی ب..بایە/ێیە بەجۆرێکی ترازاو تەماشا بکەین و ئەرکی ئیلزامی بدەینە پاڵ ب ...و. (ایە)ش بەمۆرفیمی مەرجی دابنێن. ئەوجا لەڕستەیەکی وەك:

٥٧-ئەگەر بهاتبایە ئەمان دێ

(بهاتبایە) بەم جۆرە شیٚ دەکریٚتەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بـ | ها | ت | بایە |
| بەند | بنکەی | بەند | مۆرفیمی مەرجی |
| (ئیلزامی) | بەند | (رابردوو) | |

بیٚگومان لەم بارەدا دەبیٚ ئاگەداری ئەوەبین کە مورفیمی بـ . لە دوای مۆرفیمەکانی ترەوە بە پیٚکهاتەکەوە دەنووسریٚ وەك لەم هیٚلکارییەدا دەردەکەویٚ:

٥٨-




٤-هەندیٚ شارەزا [1] بۆ ئەوە دەچن کە ناوگر لە کوردی ناوەراستدا هەیە و وشەی (شەبەق) و (ئاسەوار) و (بزاوتن) چەندین وشەی تر ، بە نموونە دەهیٚننەوە، کە گوایە لە گۆرانی (شەق) و (ئاسار) و (بزوتن)ەوە دروست بوون.

لیٚرەدا دەمەویٚ چەند تیٚبینیەك بخەمە روو:

١-هیچ لەم گۆرانانەی سەرەوە، گۆرینی ریٚکوپیٚك نین، واتە لە ژینگەی تردا بەهەمان واتا یان بۆ هەمان ئەرك دووبارە نابنەوەو وەك دیاردەی ناویٚزە دیٚنە بەرچاو ، کەواتە، ئەگەر ئەمانە نموونەی دروستی ناو گریش بن، ناوگر لە کوردیدا وەك پاشماوەی کۆن دەبینریٚ و نابیٚتە کردەیەك کە لە ئیٚستای زمانەکەدا بەرهەمی نویٚی دەرکات و بیخاتە سەر زاری خەلٚکی و ناو فەرهەنگ ، بەلٚکو دەبیٚتە دیاردەیەکی میٚژوویی لەناو چوو.

٢-ناوگر وەك هەموو گیرەکیٚکی تر (پاشگر بیٚت یان پیٚشگر) یەکیٚك لەم دوو ئەرکەی پیٚ دەسپیٚدریٚ: یان دارشتنی وشەو واتای نویٚی یان ئەرکیٚکی ریٚزمانی. ئاشکرایە کە ناوگرەکانی ئەو نموونانەی سەرەوە کە لە شیٚوەی گۆراندان ("بە" لە "شەبەق"دا دەگۆریٚ بە سفر و. ا لە "ئاسار" دەبیٚتە ـ ەوە و. ا لە "بزاوتن" دەبیٚتە ـ و، یان بە پیٚچەوانەوە) هیچ لەم دوو ئەرکە ئەنجام نادەن چونکە "شەق" و "شەبەق" و "ئاسار" و "ئاسەوار"

[1] م. مەسعود محەمەد : چەند حەشارگەیێکی ریٚزمانی کوردی: ١٩٧٦، ل ٧٨-٨٢

یان "بزوتن" و "بزاوتن" هاو واتان و هەریەکەیان لە زارێکی کۆمەڵایەتی‌یان ناوچەیی جیاوازدا بە هەمان واتا بەکاردێن. کەواتە ئەگەر ناوگر هەبێت لە کوردیدا، ئەوا وەك کردەیەکی بێ مەبەست و بێ ئەرك کار دەکات کە شتی وەها لەزماندا نابێت.

٣-ئەو نموونانە لەوە دەچن گۆکردنی جیاوازی یەك وشە بن بەپێی زاری کۆمەڵایەتی یان ناوچەیی بگۆڕێن و پێش دەچێ گۆڕانەکە بەرێکەوت بنکەی وشەکەی هەڵوەشاند بێت. بەمە نابنە ناوگرو لەم رووەوە هەر وەك ئەو وشانە وەهان کە لە دەنگێك یان زیاتردا لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر دەگۆڕێن، بڕوانە: ساوەر/ساوار، یان ئەو وشانەی کە تیایاندا دەنگی /ا/ دەبێتە /ی/: ناو /نێو، کیتاب/ کتێب، حساب / حسێب. لەزانستی زماندا بەم جۆرە وشانە ناگوترێ "ناوگر"، بەڵکو زاراوەی "جیاوازیی ئازاد" یان بۆ بەکاردێ چونکە لەوجۆرە جیاوازییانەن کە جیاوازیی واتایی دروست ناکەن، یان واتای وشە ناگۆڕن، بەڵام زانیاری لەبارەی قسەکەر دەدەن: ئەو ناوچەی تێدا دەژێ یان باری کۆمەڵایەتی هتد.

٤-بوونی ناوگر لەگەڵ سروشتی ئێستەی زمانەکەدا رێك ناکەوێ، واتە ناوگر وەك کردەیەکی زیندووی بەرهەم هێن لەزمانە لکاوەکاندا نابینرێ چونکە ئەو زمانانەی کە لە رووی مۆرفۆلۆجیەوە بەلکاو دادەنرێن دەستکاری بنکەی وشەی ئاڵۆزو لەناوەوە ناکەن و سنووری بنکەکان بە تەواوی و بە روونی دەپارێزن و تەنیابە زیادکردنی (زنجیرەیەك لە) پاشگرو پێشگر بۆ بنکە وشەی واتایی نوێی دادەرێژن یان ئەرکی رێزمانی دەگەیەنن. سەرنجێکی خێرا لە دارشتنی دەیان و سەدان وشەی ئاڵۆزی وەك (بۆیژەکانمان) ئەم راستیەی کوردی ناوەراست دەسەلمێنێ: کوردی بنکەی وشەکە (وێژە) هەڵناوەشێنێ بەڵکو پێشگر و (ب ـ)و پاشگریان (ەکە+ئان+مان) دەداتە دەم و بەم رێگەیە وشەی ئاڵۆز دێنێتە بەرهەم. لە بەرهەمهێنانی دەربرە رێزمانییەکانیشدا، زمانەکە هەمان رێگە دەگرێتە بەر (بڕوانە- ئەیان بردنەوە).

٥-ئەوەی کە رێگە دەگرێ لەوەی ئەو نموونانەی کە هەن بەناوگر دابنرێن ئەوەیە کە پەیوەندییەکی رێزمانی یان دارشتن لەنێوان وشە بە ناوگر دروستبووەکەو وشەکەی کە گوایە لێی وەرگیراوە نا دۆزرێتەوە، بڕوانە ئەم وشانەی خوارەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٩- | گـرژ | گـرژ | سپران | سپاردن |
| | تۆپ | ترویك | دروون | دروونە |
| | ئاو | ئاراو | کۆل | کۆمەڵ |
| | گنج | گرنج | | |

٦-هەندێ لە نموونەكان زیاتر لە گۆڕانێكی مۆرمۆلۆجیان تێدەكەوێ، لەبەر ئەمە بەكەڵكی ئەوەنایەن كەكێشەی ناوگریان پێ تاقی بكرێتەوە یاخود نابنە ناوچەییەك كە ئەم تاقیكردنەوەیان تێدا بكرێ وەك:

٦٠-

| | |
|---|---|
| ران | ڕەمانە |
| برژان | برێشكە |
| ژمران | ژماردن |
| بوردن | بواردن |
| خوران | خارشت |
| رژان وپژان | ڕێژەو پێژە |

٧-لێكدانەوەی نموونەكان نامان گەیەننە ئەوەی كە دەستوورێك بۆ دروستكردنی ناوگر لەكوردیدا بدۆزینەوە یان تەنانەت ئەركێكی ڕێك و پێكی بدەینە پاڵ ، ئەركی ڕێزمانی بێت یان دارشتن، چونكە لە هەندێ لەنموونەكاندا (بڕوانە: بوردن: بواردن) ئەركی دروستكردنی تێپەڕی پێ سپێدراو و لەهەندێكی تردا ئەركی دارشتنی وشەی نوێی.

٥-چاوخشاندێكی ورد بە نوسەكەكاندا ڕاستیەكی نوێی دێنێتە ئارا. كوردی (بەتایبەتی زاری سلێمانی) زمانێكی ئێرگەتیفە لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە. ئەم راستیەش لە چۆنیەتی بەكارهێنانی نووسەكەكاندا دەردەكەوێ، نەك بە ڕێگەی تر (وەك مۆرفیمەكانی دۆخ یان ڕێكەوتی كەرەسەكان). لە زمانە ئێرگەتیفەكاندا سێ شوێن لە ڕستەدا گرنگ دێنە بەرچاو و دیار دەكرێن: بكەر، كارا و بەركار. بكەر تەنیا لەگەڵ كاری تێنەپەڕو كارا لەگەڵ كاری تێپەڕدا دێ وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێ:

٦١- أ. ئەوان ڕۆیشتن

بكەر

ب. ئێمە ئەوان دەناسین

↓كارا

لە ڕستەی جێگیركراو بە نووسەك كوردی ئەم سێ شوێنە بەهۆی دوو پۆڵ نوسەكی تایبەتیەوە پڕ دەكاتەوە:

٦٢-

| پۆڵی أ | پۆڵی ب |
|---|---|
| م. | م. |
| ت. | ت. |
| Ø. | ی. |

. مان　　　　　　　. ین

. تان　　　　　　　. ن

. یان　　　　　　　. ن

ئێرگەتیڤی زاری سلێمانی لەوەدایە کە لە تاقی ڕانەبردوودا، بکەرو کارا هەردوو بە هۆی نووسەکەکانی پۆلی (ب) وە جێگیر دەکرێن، لە کاتێکدا کە کارا بە نووسەکەکانی پۆلی (ا)دەردەبڕێن وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

٦٣- (ا) ئەوان　دەڕۆن

بکەر (پۆلی ب)

(ب) ئەوان　　دەخۆن

کار ا (پۆلی ب)

(ج) ئەوان دەمان خەڵەتێنن

کارا (پۆلی ا)

کەواتە لەتاقی ڕانەبردوودا دوو پۆلە نووسەکەکە بەم جۆرە دابەش دەبن:

| | | |
|---|---|---|
| ڕانەبردوو : | ( أ ) | (ب) |
| | بەرکار | کارا |
| | | بکەر |

لە تاقی ڕابردوودا نووسەکەکان بە پێچەوانە ڕەفتار دەکەن، واتە ئەمجارە پۆلی (ب) بۆ بکەرو بەرکار دەبن و پۆلی (ا) تەنیا بۆ کارا بە کاردێ:

وەك لەم نموونانەدا دەبینن:

٦٤- ا.　ئەوان　　ڕۆیشتن

بکەر (پۆلی ب)

ب. ئەوان　　خواردیانین

بەرکار (پۆلی ب)

کارا

(پۆلی ا)

بەم پێیە لەتاقی ڕابردوو، نووسەکەکان بەم جۆرە دابەش دەبن:

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥-ڕابردوو: | ( أ ) | (ب) |
| | کارا | بەکەر |
| | | بەکار |

لێکدانەوەی دابەشبوونی نووسەکەکان ئەم خاڵانەیان لێ دەکەوێتەوە:
١-کوردی لە تاڤ رانەبردوودا زمانێکی بەرکارییە.
٢-لەتاڤ رابردوودا کوردی دەگۆڕێت بە زمانێکی ئێرگەتیڤی لەبەر ئەوە دەشێ بگوترێ کوردی زمانێکە لە رووی مۆرلۆفۆژییەوە ئێرگەتیڤێکی ناتەواوە، واتە دابەش دەبێت بۆ هەردوو جۆرەکە.
٣-ئەندامانی یەك پۆل نووسەك لەیەك ڕستەی سادەدا بەیەکەوە نایەن، واتە ئەندامێکی پۆلی (أ) لەگەڵ ئەندامێکی تری (أ) نایەت، هەروەها ئەندامێکی (ب) لەگەڵ ئەندامێکی تری (ب)دا نایەت، بەڵکو دوو پۆلەکە تێکەڵ دەبن وەك لەم ڕستانەدا دەبینین: دەیان خۆین، بردیانن، بردوومانن، رفانتانن، ناسیمانن..هتد. لەم بارەیەوە تەنیا یەك جۆر ڕستەی ناوێزە بەدی دەکرێ، ئەویش ئەو جۆرە رستە تێپەڕە رابردوویانە کە جێناوی خۆ . یان تێدایە: خۆیانیان کوشت، خۆتانتان خەڵەتاند. لەمانەشدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە یەکێکیان، واتە یەکەمیان بەشێکە لە جێناوی خۆ وتەنیا دووەمیان ئەرکی (کارا) دەبینێ، واتە لەم جۆرە ڕستانەدا (. یان)ی یەکەم لەگەڵ خۆ . دا دێ دەبێتە هۆیەك بۆ ناسینەوەی بەرکاری ڕستەکە. ئەم جۆرە ڕستانە ئەوەش دەردەخەن کە لەڕستەیەکی وەك (خۆمم بە کوشت دا) هەردوو نووسەکەکە لە پۆلی (أ)ن.

**روونیی و رۆنانی مۆرفۆلۆجی:**

لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدای کوردی وەك زمانە لکاوەکان بە خاوەنی رۆنانێکی ساف و روون دێتە پێش چاو. ئەم روونیەش لەم خاڵانەدا دەردەکەوێ:
١)بەشێکی کەمی وشەکانی کوردی وشەی سادەن کە لە زانستی زماندا بە وشەی تاریك دادەنرێن لە بەر ئەوەی واتاکانیان لە فۆرمەکانیانەوە پێش بینی ناکرێ (تەنانەت ئەو وشانەش کە بەسروشتی ناسراون هەر لێڵن لە واتادا چونکە واتاکانیان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ).
٢)کوردی بە ڕێگای ناوێتە کردن زۆرینەی وشەکانی پێك دێنێ، جا بە لێکدانی دوو فۆرم بێت یان بە ناوێتە کردنی فۆرمێك یان زیاتر لەگەڵ گیرەکەکاندا. ئەم وشە ناسادانەش لە زماندا زۆر و کەم بە وشەی روون دەژمێرێن، چونکە واتاکانیان لەواتای کەرتەکانەوە بە زۆری پێش بینی دەکرێ، واتە کەواتای کەرتەکانی وشەی ناسادە زانرا، واتای وشەکە لە زۆربەی بارەکاندا دەزانرێ. (لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە واتای هەندێ وشەی ناسادە لەواتای کەرتەکانیانەوە دوور دەکەوێتەوە (بۆ نموونە: پایزە برا وچنگ لەسەرشان)، بەڵام ئەمانە ژمارەیان کەمە.

٣)لە زۆربەی هەرە زۆری وشەو ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا ژمارەی مۆرفیم و مۆرفەکان بەرامبەر دەوەستن، واتە یەکسانن. مۆرفی سفرو مۆرفی بەتاڵ بە ڕادەیەکی کەم بەکاردێن. ڕستە هەرە سادەکانی کوردی ئەم ڕاستیە دەسەلمێن:

٦٦- ا- دەهاتنەوە دە + ها + ت + ن + ەوە (ژمارەی مۆرف ٥)

بەردەوام + ها + ڕابردوو + ئەوان + دیسان (ژمارەی مۆرفیم ٥)

ب- دەیان دزن دە + یان + دز + ن (ژمارەی مۆرف ٤)

بەردەوام+ ئەوان + دز+ بەرکار (ژمارەی مۆرفیم ٤)

ج- نەم ناسینەوە نە + م + ناس + ی + ن + ەوە (ژمارەی مۆرف ٦)

نەفی+من+ناس+ ڕابردوو+ ئەوان + دیسان (ژمارەی مۆرفیم ٦)

د- بهاتبایەوە ب + ها + ت + با+ی+ەوە (ژمارەی مۆرف ٦)

ئیلزامی + ها+ڕابردوو+ مەرج+ئەو+دیسان (ژمارەی مۆرفیم ٦)

بە پێچەوانەشەوە ئەو ڕستەو وشانەی ژمارەی مۆرفیم و مۆرف تیایاندا جیاوازە ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام بوونیان هەیە:

٦٧-(ا) هاتوونەتەوە ها+ت+وو+ن+ەت+ەوە (٦ مۆرف)

ها+ڕابردوو+تازە+ئەوان+دیسان (٥ مۆرفیمە)

تازە = لەم دواییدا

(ب) خواردم خو + ار + د + م + Ø (٥ مۆرف)

خۆ+ڕابردوو+من+بەرکار (٤ مۆرفیم)

٤)ڕوونی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی کوردی زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە زمانەکە کەم و زۆر سنووری مۆرفەکان دەپارێزێ و ناهێڵێ بڕژێنە ناو یەکترییەوەو تێکەڵ بە یەکتری بن. بەواتایەکیتر، لێکدانی بنکەو گیرەکەکان زۆر بەدەگمەن گۆڕانی فۆنەتیکی تێدەکەوێ. تەنانەت لەو شوێنانەدا کە دوو بزوێن دەچنە سەریەک، کوردی بەهۆی فۆنیمێکەوە نێوانیان بۆ دروستدەکات تا نەبنە هۆی گۆڕانی گەورەتر لەفۆرمدا، ئەم نێوانکردنە بەزۆری بەدەنگە نەرمەکان دەسپێرێ (و،ی،ڕ)، بەڵام هەندێ جار دەنگی /ت/ی تێدەکەوێ:

٦٨- (ا) بکە + ەوە ← بکەوە (لابردنی بزوێن)

بکەرەوە (نێوانکردن)

(ب) ها + ت + وو + Ø + ەوە ← هاتۆتەوە

ها + ڕابردوو+ تەواو + ئەو+ دیسان

لەم نموونەیەی دوایدا دوو گۆڕان هاتۆتە کایەوە: یەکەم:

٦٩- وو ← ۆ

دووەم Ø ← ت

هەردوو گۆڕانەکە کە تەنیا دووەمیان نێوانکردنە بە مەبەستی پاراستنی سنووری مۆرفەکانە. هەموو ئەم نموونانە وەیان نموونەی تر ئەوە دەردەخەن کە کوردی وەك زمانە لکاوەکانی تر مکورە لە سەر ئەوەی کە ژمارەی مۆرف و مۆرفیمەکانی تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان بێت و لەئەنجامی لێکدانی بنکەو گیرەکەکانیدا گۆڕانی وەها ڕوو نەدات کە هێڵی نێوانیان بکوژێنێتەوە یان کاڵ دەرچێ بە جۆرێك کە سەرەتا و کۆتایی هەریەکەیان دیار نەمێنێت، بە واتایەکی تر، کوردی ڕێگە لە مۆرفی تواوە و سفر و بەتاڵ دەگرێ، چونکە ئەمانە لە خۆیاندا ناوێزەن و ئەرکێکی گەورە دەخەنە سەر فێربوونی زمانەکە.

٥)ئەم هەوڵ و کۆششەی کوردی بۆ پاراستنی سنووری مۆرفەکانی و تێکەڵ نەبوونیان بە تەواوی لەو ستراتیجانەدا دەردەکەوێ کە بەکاری دێنێ لەکاتی دووبارە بوونەوەی بە ڕێکەوتی هەمان فۆرمدا لە چوارچێوەی ڕستەو گرێکاندا. سنووری ئەم دووبارە بوونەوەیە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە پیشان بدرێ:

٧٠- ( أ ) + ب١ + ب٢

کە تێدا (أ) بەشی دوایی بنکەکەیە و ب١ و ب٢ یان پاشگریان نووسەکی هاو فۆرمن (واتە لە ئەرکدا جیاوازو لە فۆرمدا لە یەك دەچن). دەشکرێ (ب٢) بەشی سەرەتای بنکەکە بێت و (ب) پێشگر یان نووسەکی هاوفۆرم بێت و (أ) لە ئارادا نەبێت. (هەر لەبەر ئەمەشەکە أ لە ناو کەوانەدایە). هەر کاتێ باری وەها لە کوردیدا بەرێکەوت دروست بێت، ئەوا زمانەکە یەکێك لەم چوار ڕێگەیە دەگرێتە بەر:

(١) ڕێگەی دووبارەوە سێبارە کردنەوە بێ ئەوەی گۆڕان بەسەر مۆرفەکان یان بەشێ لە مۆرفەکاندا بێت وەك لەم شوێنانەدا دەدەکەوێ:

٧١- (أ) پێشگر + بنکەی لێکچوو:

١. ببردایە (بـ + بـ -) (ئەگەر کتێبەکەت ببردایە ...)

ئیلزام + بـرد + مەرج

٢. ببـر (بگر و ببر)

پێشگری دارشتن + بـر (ڕەگ)

(ب) کۆتایی بنکە + پاشگر (یان نووسەك)

٧٢- .ئان + ئان : ئەو دانانە

بنکە + ئان + ە (ناسراوی)

نموونەی تر : ئەو کانانە / ڕانانە / بانانە / خانانە / نانانە / .. هتد.

٧٣- تورەکەکە (.ەکە + ەکە)

تورەکە + کە

بنکە + ەکە (ناسراو)

نموونـەی تـر لـەم جـۆرە زۆرە وەك: چـۆلەکەکە، زۆڵەکەکـە، تۆڵەکەکـە، بارۆکەکـە، بۆرەکەکە،...هتد.

٧٤- گەنمم کڕی

.م + م

بنکە + کەسی یەکەم تاك.

نموونەی : شێلمم نارد، هێلمم برد، قەلەمم دەتاشی/ کرد، سەلەمم کرد، سەلامم کرد، تامم نەکرد، دەمم شت، خۆمم کوشت، لمم دەشتەوە...هتد.

٧٥- .مان + مان

بنکە + خۆیەتی (کەسی یەکی کۆ)

یان + نیشانەی ڕێکەوتن (بکەر)

نیشتمانمان ئاوەدان کردەوە

نموونـەی تـر: کوردستانمان، زمانمان، خزمانمان، خۆمانمان (لێرەدا هـەردوو (مانەکـە) پاشگرن).

٧٦- تـان + تـان

بنکە + خۆیەتی/ نیشانەی ڕێکەوتن

کورتانتان بۆ دەکەن

نموونەی تر: قەیتانتان، شەیتانتان، خۆتانتان لە بیرچوو

(لێرەدا هەردوو (تانەکە پاشگرن)، دارستانتان نەهێشت.

٧٧- یـان + یـان

بنکە + خۆیەتی / نیشانەی ڕێکەوتن

گریانیان دێ بەو حاڵە

نموونەی تر: زیانیایان کرد، ژیانیان لێ تێکچوو، نیایان نارد،

٧٨- .ت + ت

بنکە + خۆیەتی / ڕێکەوتن

دەستت بەستم ، هەستت کوانێ ؟

نموونەی تر:

بەستت، گەستت، نەستت، خستت، خواستت، حەوتت خوارد، هەشتت نارد ..هتد.

٧٩- + ئێـك + ئێـك

بنکە + نیشانە نەناسراوی

پێکێك ، کێکێك دەنێرم.

ج- مۆرفیمی ئازاد + بنکــە

أ. بە بەرد، بە بەر، بە بەرهەم

تا تاوێکی تر، تا تانەی لێ نەدرێ، تا تاریك دایەت

تا تارماییەکە نامێنێ

لە لەوەر گەرایەوە، لە لەی بۆ دەگرێ،

لە لەپی دەستمدایە، لە لەگەندا داینـاوە

لە لەچك دەگەرێ، لە لەغم خۆی دەپارێزێ،

لە لەکە دوورکەوە، لە لەق لەقەکەی دا

ب. نە + نە: نەناسراو، دانە نەواند

زۆری و بلاوی ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە زمانەکە لەگەڵ دووبارە کردنەوەدایەو ئەم ڕێگەیەی لا پەسەندە، ئەم سنگ فراوانییە بەرامبەر دووبارە کردنەوە ئەوە دەگەیەنێ کە زمانەکـە بـە دوای ڕوونێـدا دەگـەرێ لـە ئاسـتی سـەرەوە و دەیـەوێت بەرامبـەر هـەموو مۆرفیمی مۆرفێك هەبێت، بە هەر نرخێ بێت، تەنانەت ئەگەر وزە نەپاراستن بێت.

(٢) ڕێگەیەکی تر کە کوردی هەندێ جار لەم بارانەدا دەیگرێتـە بـەر و تەواوکـەری ڕێگـەی یەکەمە ڕێگەی جیاکردنەوەی هێلەکانی سنووری نێوان مۆرفەکانە بە بەکارهێنانی دەنگە نەرمەکان و (هەندێ جار دەنگی/ت/). بێگومان ئـەم ڕێگەیـەش وەك ڕێگـەی یەکـەم هـەر بۆ یەك ئامانجە: ڕوونی ڕۆنانی سەرەوەی زمانەکە (بڕوانە نموونەکانی ئەم بەشە ژمارە ٤).

شایانی سەرنجە ئەم ڕێگەیە لەو کاتانەدا دەبێ کە دوو بزوێن دەچنە سەریەك لە یەك بچن یان نەچن:

٨٠- ــە + ە ← ــە + ی + ە

ئەو تایەیە، ئەو پایەیە، ئەو دایەیە ئەو مایەیە ، ئەم کایەیە ... هتد

شایانی سـەرنجە کـە ئـەم ڕێگەیـە، نێـوانکردن، بـە ڕادەیـەکی کـەمتر لـە دووپاتکردنـەوە بـە کاردێ، بەڵام لە ڕێگەکانی تر بلاوترە.

(٣) چارەسەرێکی تر بۆ کێشەی، دووپاتبوونەوەی بەرێکەوت ڕێگای تواندنەوەیە: لێرەدا دوو گیرەك لە یەکتردا دەتوێنەوە بە هەردووکیان گیرەکی دروست دەکەن کە تایبەتی فۆنەتێکی هەردوو گیرەکەی تێدایە. ئەم ڕێگایەش تەنیا لە سنووری نێوان دوو بزوێندا دەردەکەوێ:

٨١- (ا) شارد – ی – ەوە

ئەو + دیسان

→ شاردێوە

نموونەی تر: کردێوە، بردیەوە، ناردێوە، فراندێوە

لێرەدا دەنگی /ی/ لەگەڵ /ە/ دا بەهەردووکیان دەنگی /ێ/ دروست دەکەن:

٨٢- ی + ە ← ێ

ب. چوو + Ø + ەوە

چ + رابردوو + ئەو + دیسان

ڕەنگەکە چووەوە

لێرەدا بە لێکدانی وو/ و /ە/ دەنگی بزوێن /و/ دێتە دروست بوون وەك لەم هاوکێشەیەدا دەردەکەوێ:

-٨٣ č+u:+ awa→ čuw

nārdēwa

نموونەی تر: درووەوە، بووەوە، هەڵۆکە، جوانۆکە .. هتد.

(٤) سڕینەوە یان کرتاندن و تێداچوونی مۆرفێك بە تەواوی یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە کوردی زۆر بە دەگمەن دەیگرێتە بەر چونکە بەرامبەری نێوان مۆرف و مۆرفیمەکانیدا تێك دەدات و ژمارەیان نایەکسان دەکات و ئەمەش لە ڕوونی ڕۆنانی سەرەوەی (مۆرفۆلۆجی) زمانەکە کەم دەکاتەوە. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

٨٤-ا. هەبوو نەبوو. (ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نییانە)

هە+ب+وو+و+نە+ب+وو

* هەبوو و نەبوو

ب. خانوو بەرە (خانوو لە گەڵ بەرەدا)

* خانوو و بەرە

ج. ئاروو ترۆزی

*ئاروو و ترۆزی

لەم نموونانەدا (و)ی ئامرازی بەستنەکە تێدەچێ تا وەکو دوو بزوێنی /وو/ نەچنە سەریەك. ئەو بزوێنەی دەمنێتەوە لە رووی مۆرفۆلۆجیە دوو رووە: لەلایەك بەشێکە لە وشەکەی پێشەوە و لە لایەکی تر ئامرازی بەستنە، هەرچەندە دڵنیاش بین کە ئامرازەکە تێچووە، چونکە دەزانین کە هەردووکیان هەن و هەست بە واتاکانیان دەکەین، دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە لەهەندێ باردا دەکرێ و دەشێ یەکێك لە مۆرفیمە دووبارە بۆ وەکان لە گوتندا دەرنەکەوێ یان لابدرێ، واتاکە بشێوێ یان نا:

٨٥- ا. ئەو تایە دانابەزێ

ب. ئەو تایەیە دانابەزێ

٨٦- ا. خۆم شت

ب. خۆمم شت

بەلأم زمانەکە بە زۆری رێگە بە کرتاندن و فرێدان نادات:

٨٧- ا. * گەنم کری لە بری گەنمم کری

ب. * ژیان لێ تێکچوو ژیانیان لێ تێکچوو

## سیماو تایبەتییەکانی گیرەك

**سەرەتا:**

هەرچەندە واتای وشە لە ڕەگ کۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێ تەنیا بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێ، زمان بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەباتە بەرهاوکاری گیرەکەکان – Affixes – بۆ دروستکردنی ژمارەیێ زۆر لە وشە، کە هەڵگری واتاو مەبەستی تازەن، بەڵام ڕادەو چەندیی پەنابردنە بەر ئەو گیرەکانە بەپێی جۆری زمانەکە دەگۆڕێ، بۆ نموونە زمانی کوردی لە نێوان پۆلە زمانی نوساو – Agglutinative و زمانی تێکرژاو –incorporating دایەو سروشتی زمانە نووساوەکانیش (ڕۆنانی وشە دەکاتە پێوەرو، پێ لەسەر سیفەتەکانی وشە دادەگرێ (Crystal 1992:13) مەبەست لەو سیفەتانە ئەوەیە، کە زۆربەی وشەکان لەم جۆرە زمانانەدا لە ژمارەیێك مۆرف پێکدێ و هەریەکێك لەو مۆرفانە مۆرفیمێك دەنوێنێ، ئەم پۆلە زمانانەش بەوە دەناسرێنەوە، کە گیرەکەکان (ئەفیکسەکان) بۆ ڕەگی وشە زیاد دەکەن بە مەبەستی گۆڕینی واتا (د. محمد خولی: ۱۹۸۲:۹).

ئەوەی شایانی زانینە ئەوەیە، کە سەرپاکی گیرەکەکان مۆرفیمی بەندن. بۆ نموونە وشەی (ماڵ + ۆچکە) یان (ماڵ + ۆچکە+ ەکە) کە لە (ماڵ)، (ۆچکە)، (. ەکە) پێك دێ هەموویان مۆرفیمی بەندن. گیرەکی ڕێزمانیو گیرەکی وشەدارێژ، کە بەپێی ئەرك و واتاکانیان ناونراون، سنووردانان لەنێوانیان کارێکی وا سووكوئاسان نییە (زانا و شارەزا کۆنەکانی زمان) هیچ جیاوازییەکان لەنێوان ئەو دوو دیاردەیە نەدەکرد، بەشێوەیەکی گشتی لەلای ئەمانە وشە بچووکترین دانەی ڕێزمان بوو (کەوسەر۱۹۹۰:۷۱). ڕێزماننووسە کوردەکانیش شوێن هەڵگری بۆچوونەکانی ئەوان بوون و (هەر دانیان بەبوونی ئەرکی مۆرفیمی دارشتن داناوەو، هەر ئەرك و توانای ئەو مۆرفیمانەیان لێکداوەتەوە، کە واتای وشە دەگۆڕن (بروانە محمد معروف ۱۹۸۹:٤۲)، بەڵام ئەمرۆ لە زمانەوانی نوێدا جیاکردنەوەو پۆلکردنی ئەو مۆرفیمە بەندانە (گیرەکانە) کەڵکێکی زۆری زمانەوانی دەبێ بۆ شیکردنەوەێ واتاو ئەرکی کەرتە ڕێزمانییەکان.

**گیرەکی ڕێزمانی :**

**پێناسە :**

جۆرە گیرەکێکن ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان (Crystal 1992:176)

(ان،ا،ن،ێك) نموونەی ئەو گیرەکانەن.

**تایبەتیەکانی گیرەکی ڕێزمانی:**

١-گیرەکی ڕێزمانی دروست بوونی فۆرم (شێوە)ی جیاواز لە هەمان وشەدا دەگەیەنێ گوڵ+ەکە← گوڵەکە ،واتایەکی گراماتێکی بەخشیوە بە وشەکەو فۆرمێکی نوێی پێ بەخشیوە (Radford 97:29).

٢-لە ئاستی سینتاکسدا مۆرفیمە ڕێزمانییەکان ئەرکی تاف و ژمارەو بگرە ڕێکەوتنیش AGR) دەبینن، واتە ڕێکەوتن ئەرك و سیمای ئەم جۆرە مۆرفیمانەیە (cook 1988:28)

کوڕی من ← ی } گیرەکی ڕێزمانین ڕێکەوتنەکە دەست نیشان دەکەن
کچا من ← ا

ڕێکەوتنی نێوان دیارخەرو دیارخراو، کە بەهۆی گیرەکی ڕێزمانییەوە دەبێت.

یان لە نموونەی:

ئەو خواردی } ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کارا
ئەوان خواردیان

٣-ئەم جۆرە گیرەکانە بوونیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕێزمانی زمانەکەدایە چونکە ئەم تایبەتییە وا دەکات گیرەکەکان مانای ئەبستراکت بە دەستەوە بدەن کە لەسێبەری پەیوەندییە ڕێزمانیەکاندا کار دەکەن نەك فەرهەنگی زمانەکە. (Hudson 62)

کوڕ + ێك ← کوڕێك

بەهار + ێك ← بەهارێك

دەرخت + ێك ← دەرختێك

٤-ئەم جۆرە مۆرفیمە ژمارەیان کە مەلەچاو جۆرەکەی تریان و کۆمەڵەیەکی نیمچە داخراو پێك دێنن بۆ نموونە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان:

ناسیاوی . نەناسیاوی . کۆ . ڕابردوو . ڕانەبردوو . تێپەڕ . تێنەپەڕ ...هتد

لە هەندێ زماندا بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەموو گیرەکە ڕیزمانییەکان پاشگرن.( Akmajian 1997:37).

بۆ نموونە eat + s → eats

eat + ing → eating لە (٧) گیرەك تێناپەڕێ

٥-گیرەکە ڕێزمانییەکان دەچنە دەرەوەی ئامێزی وشەکان outer layer بە پێچەوانەی وشە دارێژەکان کە دەچنە ناوەوەی باوەشی وشەکان. Inner Layer واتە تێکەڵ بە دارشتنی وشەکە نابێ وەکو:

باغ + چە ← باغچە

شاخ + ەکە ← شاخەکە

٦-گیرەکی ڕێزمانی و گیرەکی وشە دارێژ دەتوانرێ لە پەیوەندی سیمانتێکی بەراوردبکرێن لەو بارەی کە گیرەکی ڕێزمانی پەیوەندی نێوان واتای مۆرفیمی بنج (base) و واتای (بنج+گیرەك)دا پەیوەندیەکی روون و ڕەوان و ڕێکخراو. بۆ نموونە:

دەخۆرێ

خواردن ← خورا ئاراستەی گیرەکە ڕێزمانییە لە خواردندا دیارە بەرەو کوێی دەبات.

٧-زۆر جاری وا دەبێت هەردوو جۆرە گیرەکە (ڕێزمانی، وشەدارێژ) لە ئەرك و شێوەدا جووت دەبن بۆ نموونە:

لە زمانی ئینگلیزیدا: چاوگ going ڕۆیشتن

is going بەردەوام

لە زمانی کوردیدا :ناوە ← ڕۆیشتن [١]: چاوگی ڕۆیشتن

نوونی↑چاوگ

ئەوان ڕۆیشتن [٢] بۆتە کلیتێك

ن١ : (ڕۆیشت)ی کردووە بە ناو واتە پۆلی ڕێزمانی گۆڕیوە.

٨-گیرەکی ڕێزمانی کە بۆ (بنج)ێك زیاد دەکرێت زۆر جاری وا دەبێت هەندێ یاسایی فۆنەتێکی زمانەکە تحکم بەو ئەرکە دەکات و دەستکاری شێوەی گیرەکە کە دەکات و ئەلۆمۆرفیان بۆ دروست دەکات.

بۆ نموونە : هەڵۆ + ەکە : - ەکە -

هەڵۆکە (کـە)

هۆڵۆیەکە (یەکە)

لێرەدا وەکو یاسای مۆرفۆلۆجی سەیر بکرێت (ەکە- کە - یەکە) ئەلۆمۆرفن، بەلآم لێرەدا یاسای فۆنەتێکی بۆتە مایەی دروست بوونی ئەو ئەلۆرمۆفانە بەهۆی ئەوەی (لە وشەدا دوو بزوێن بە سەریەکەوە نایەت).

٩-لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە مۆرفیمی ڕێزمانی لە قەبارەی فرێزو ڕستەدا کاردەکەن (ئەو وشانەی فرێزو ڕستە پێك دەهێنن پەیوەندی ئاشکراو دیاری کراویان لەگەڵ یەکتردا هەیە (د. ئەورەحمان ١٩٧٧: ٣٢).

فۆرمی ڕێزمانی بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییە دروست دەکەن، بە واتای ئەوەی گیرەکی ڕێزمانی حالاتی گراماتێکی جیاواز دروست دەکەن.

بۆ نموونە:

((چرا + ( ەکە : کە : یەکە)) ← چراکە

چرایەکـە

ئەوەی شایانی وتنە ئەم پاشگری ناسیاوییە پێش هەموو پاشگرە ڕێزمانیەکانی تری زمانی کوردی دەکەوێت لە کاتی بەیەکەوە هاتنیان، بە تایبەتی لەناو ئەو دەستە گیرەکانەی کە بەناوەوە دەنوسێن (بڕوانە McCarus 1958:47)

وەکو:

﴿ (ناو) + گیرەکی ناسیاوی) + (گیرەکی کۆ)﴾ ← ناوی ناسیاوی کۆ.

﴿ (گوڵ)+ (-ەکە) + (ان) ﴾ ← گوڵەکان.

بە هەمان شێوە لەگەڵ گیرەکی نەناسیاویدا.

گیرەکی (ێك – ێ).

باغێك

باغێك |باغێکی نادیار| و (یەك باغ) دەگەیەنێ.

دوو ئەرك لە یەك گیرەکی ڕێزمانیدا تواوەتەوە.

١٠-گیرەکی ڕێزمانی کە دەنوسێن بە قەدو وشەوە، وشەکە لەهەر بەشێکی ئاخاوتندا بێت وەکو خۆی دەمینێتەوە و ناگۆڕێت بە واتایێکی دی (مۆرفیمی ڕێزمانی پۆلی سنتیاکسی وشەکە ناگۆڕێت (Scalise 1986:112) بۆ نموونە: ئاوەڵناو وەرگرین کە دەخرێتە پلەی بەراوردو باڵاوە. (جوان . بەرز . شیرین)

| | |
|---|---|
| جوانتـر<br>بەرز تـر<br>شیرین تر | پلەی بەراورد |
| جوانترین گوڵ<br>بەرزترین گوڵ<br>شرینترین وشە | پلەی باڵا |

لێرەدا (تر، ین) ئاوەڵناوەکان دەجولێنین لە پلەی چەسپیوەوە بەرەو پلەی بەراوردو بالاٌ.. واتای (جوان، بەرز، شیرین) بەرزترو خەست تر دەکەنەوە ، بەلاٌم ناتوانن پلەی ئەو ئاوەڵناوانە لە خانەی ئاوەڵناوی بگۆزنەوە بۆ خانەی بەشێکی تری ئاخاوتن وەکو ناو یان کار یان هەر بەشە ئاخاوتنێکی تر.

١١-ئەو وشەیەی کە مۆرفیمی ڕێزمانی وەردەگرێت لە ڕووی ڕێزمانییەوە، واتە لە ڕووی ئەرکەوە بەرامبەر بە وشە سادەکە (بەر لە وەرگرتنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکە) دەوەستێ لە ڕۆنانێك کە تێیدا بێ (Fattah 1997:71)

| | | |
|---|---|---|
| من | باغ<br>باغچە<br>باغچۆکە | یکم کڕی |

گیرەکی وشەدارێژەکان (- چە،چۆکە) هیچ لەچەمکی گشتی ڕستەکە ناگۆڕێ، بەلاٌم گەر بڵێین:

| | | |
|---|---|---|
| من | باغ<br>باغێك<br>باغەکە | م کڕی |

هیچ لە وشەکانی (باغ، باغێك، باغەکە) ناتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە لە ڕستەیان فرێزدا، چونکە هەر یەکەی بەهای ڕێزمانی خۆی هەیە.

١٢-مۆرفیمی ڕێزمانی تەنیا مانای ڕێزمانی بنجەکـــە دەگۆڕێت نـــەك مانای چەمکی بنجەکە (Scalise 1986:112) بۆ نموونە .

بۆ نموونە :

ا/ ماڵەکە سووتـــا ب/ ماڵەکـەم سووتاند

چەمکی گشتی سووتان (ئاگر کەوتنەو) دەگەیەنێت، کاری سووتان لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە. گەر ڕستەکە، بەهۆی گیرەکی ڕێزمانی (- ن) بکەینە تێپەڕ، کارەکە لە ڕووی هێزەوە دەبێتە تێپەڕ، بەلاٌم لە ڕووی چەمکی کارەکەوە هەر (ئاگر کەوتنەوە دەگەیەنێ، بە واتای ئەوەی، کاری سووتان و سووتاندن) لە هەردوو ڕستەکەدا پارێزگاری چەمکەکەی خۆی دەکات کە (ئاگرکەوتنەوە)یە، بەلاٌم لە ڕووی مانای ڕێزمانییەوە، ڕستەی (ماڵەکە سووتا)، ڕستەی تێنەپەڕەو تەنیا پێویستی بە بکەر هەیە، کەچی دوای وەرگرتنی گیرەکی ڕێزمانی تێنەپەڕاندن کارەکە دەبێ بە تێپەڕو پێویستی بە وەرگرتنی بەرکار هەیە، لیردا، ن ، بەرکارهێنە بۆ ڕستەکە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەی سەرەوە نموونەی (دژوار ـ دژوارترین) وەردەگرین.

دژوار ـ پلەی چەسپیوی ئاوەڵناوە .

دژوارترین . پلەی باڵای هەمان ئاوەڵناوە .

کاتی کە مۆرفیمی ڕێزمانی (ترین) دەدرێت بە ئاوەڵناوەکە، چەمکی گشتی ئاوەڵناوەکە، کە (سەختی ودژواری) دەگەیەنێ دەپارێزێت، تەنیا ئەوە نەبێ کە دژوارییەکە دەباتە دوا پلەی سەختی ناهەمواری و پلەی تری بە دوادا نایەت.

لە ڕووی ڕێزمانییەوە پلەی چەسپیوی (دژوار) جیاوازە لە پلەی باڵای دژوار لە ڕۆنانی ڕستەدا مامەڵەی جیاوازییان لەگەڵ دا دەکرێت.

١٣-گیرەکی ڕێزمانی بەوە جیاوازە لە گیرەکی وشە دارێژ، کەوا زانینی یان ناسینی مۆرفیمە پێکهێنەرەکان مانای گشتی وشەکەو هەڵوێستە ڕێزمانییەکەشی ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە گەر واتای گراماتیکی ئەو مۆرفیمانەی خوارەوە بزانین:

ب: مۆرفیمی کاری داخوازی و فەرماندانە.

ڕۆ: ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی (ڕۆیشتن)ە.

ن: جێناوی کەسی دووەمی کۆیە . مۆرفیمی ڕێکەوتنە.

دەگەینە مانای گشتی ڕستە .. بڕۆن

کە فەرمانێکە ئاراستەی کەسی دووەمی کۆکراوە تا وەکو کاری ڕۆیشتن ئەنجام بدات.

١٤-گیرەکی ڕێزمانی لەپاڵ ئەوەی ، کە دەربرینی کاتی کارەکەی تێدایە وەکو:

ئازاد لە هەولێرەوە هاتووە.

مۆرفیمی (ت) کاتی کەس و ڕێکەوتنی تێدایە، واتە دەسەڵاتی بەسەر ڕێکەوتنی کارەکە لەڕستەدا دەگیرێ (Haegman 1999:83) بۆ نموونە لە ڕستەی:

کوڕەکان هاتن

کاری (هات) کە مۆرفیمی (ن) کەسی سێیەمی کۆی وەرگرتووە، هەموو مۆرفیمەکانی تری ناوە ڕستەکە بۆ لای ڕێکەوتن لەگەڵ کارەکە ڕادەکێشێ، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە سەیری ئەم هێلکارییانەی خوارەوە بکە:

(١)



بەڵام لە بکەر نادیاردا:
منداڵەکان کوژران
منداڵەکە کوژرا

(٢)




(٣)




١٥-ئەم مۆرفیمانە هەستیارن بەرامبەر بە تایبەتیە جیاجیاکانی بنجەکان. بە واتای ئەوەی، ئەم جۆرە گیرەکانە هەستیارن لەوەی پۆلی سیناکسی تایبەت هەڵدەبژێرن بۆ پێوە نووسانیان (Scalise 1986:105) مۆرفیمی (- ەکە)ی ناسیاوی بنکەی ناویان ئاوەڵناو هەڵدەبـژێرێ بـۆ پێوەنووسـان لەمـەش وردتـر. (ـ ەکـە) بنکـەی ئـەو نـاوو ئاوەڵناوانـە هەڵدەبژێرێ کە دوا دەنگیان کۆنسنانت بێ:

شار + ەکە ← شارەکە

جوان + ەکە ← جوانەکە

کەچی مۆرفی (.کە) بەو ناو وئاوەڵناوانەوە دەنووسیٰ، کە دوادەنگیان قاولٚ بیٚ:

چرا + ەکە ← چراکە

بیٚ بەها + (ەکە) ← بیٚ بەهاکە

کەواتە بازنەی چالاکییەکانی مۆرفیمی ناسیاوی دەستەی ناوو ئاوەڵناو دەگرێتەوە، لە پالٚ هەمو ئەو بەشانەی کە دەوری ناو، یان ئاوەڵناو دەگێڕن ، بۆ نموونە:

مردنەکە / هاتنەکە } چاوگ لە زمانی کوردیدا لە ئاستی ناو کار دەکات .

بەم شێوەیە ئەم دەستە مۆرفیمانە هەندیٚ بنکە (بنج)ی دیاریکراو هەڵدەبژێرن، بەلاّم نا پەڕنەوە بوارو بازنەی ئەو بنکانەی لە سنووری چالاکییەکانی ئەوان بەدەرن، بۆ نموونە:

* دەچم + ەکە / * هاتم + ەکە / * بنووسە + ەکە } هیچ لەو پێوە نوسانانە ناشێن

١٦-گەر بێت و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بە پێی لێك نزیکی ئەرکەکانیان بکرێت بە دەستەو خێزانی جیاوازەوە، وەکو (ناسیاوی و نەناسیاوی) و (پلەی بەراوردو بالاّی ئاوەڵناو) و (مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و داهاتوو)، ناکرێت دوور مۆرفیم لەیەك خێزاندا بەیەکەوە بێن، بۆ نموونە:

مالٚ ( . ەکە + ێك) ← مالّەکەێك *

گەرچی هەندیٚ گیرەکی تر، کە لە هەمان ئاستی ئاسۆیین، دەکرێت بەشداری یەکتر بکەن لە هەندیٚ ڕۆنانی تایبەتیدا (بڕوانە McCarus 1958:49)، بۆ نموونە:

مالٚ + (. کە + ان)

مالٚ + (. ەکە +ان+تان . مۆرفیمی خاوەندێتی) .

ئاستی ئاسۆیی سەنگی ڕێزمانی جیاواز دەدا بەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی لەو ئاستەدا کاردەکەن، سەنگە ڕێزمانییەکە، ڕۆنانەکە دەستنیشانی دەکات بۆ نموونە:

پلەی بەراوردو بالاّ – کە گیرەکی ئاوەڵناوین لەو ئاستەدا بە یەکەوە نایەن:

ئەم گوڵە جوانترە

ئەم گوڵە جوانترە ترینە* ← ناشیٚ و هیچ ڕۆنانێك وەری ناگریٚ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆرفیمی ڕێزمانی لە ڕۆنانێکدا ئیلزامیە (Obligatory)، ناکریٚ ڕۆنانەکە بەپێی ئارەزوو جێگۆرکیٚی پیٚ بکاو بیگۆڕێتەوە بە مۆرفێکی تر.

١٧-لە هەڵکەوت و سروشتدا مۆرفیمی ڕێزمانی لە بنجەوە دوورترە، لەچاو مۆرفیمی وشەدارێژدا. بەواتایێکی تر، لەو کاتەی کە هەردووکیان بەبنجێکەوە دەنوسێن، مۆرفیمی ڕێزمانی چێوەی دەرەوە دەگرێ و لەدوای مۆرفیمی وشەدارێژەکە ڕیز دەبێ وەك:

وشە (بنج) + مۆرفیمی وشە دارێژ + مۆرفیمی ڕێزمانی.

پیاو + ەتی + ێك ← پیاوەتیێك

پیاوەتیێکم لێ دیوە

لووتکەکەی ون بووە لە تەما

و.د. ڕ

ئەم یاسای ڕیزبوونە لە هەردوو جۆری مۆرفیمەکە (وشە دارێژو ڕێزمانی)دا چەسپییوەوە ناکرێ لەهیچ ڕۆناکێکدا پشتگوێ بخرێ.

١٨-گرنگترین گیرەکە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی ئەمانەن:

مۆرفیمی ناسیاوی (. ەکە) یا (. کە): خوشکە کە، براکە

مۆرفیمی نەناسیاوی (. ێك) یا (. ێ): دارێك، چنارێ

مۆرفیمی ژمارە (ان)، (یـــان): کوڕان، چرایان

مۆرفیمی (ێ) بە واتای کات: شەوێ، لە شەودا

مۆرفیمی (ێ) بە واتای شوێن: شارێ—لەشاردا (بڕوانە McCarus 1958:47).

مۆرفیمی (تــر) پلەی بالاّ: جوانتر. چاکتــر

مۆرفیمی (ترین) پلەی بـالاّ: بەرزترین. شیرینترین

نیشانەکانی چاوگ (مۆرفیمی کاتی ڕابردوو)

ا : سووت ا ن

د : مر د ن

ت : شووش ت ن

وو : چ وو ن

ی : بڕ ی ن

مۆرفیمی کاتی (ە) بکە، ببە

مۆرفیمی کاری ڕانەبردوو ﴿دە﴾ بەردەوامی

مۆرفیمی فەرمان و داخوازی (ب): بڕۆ، بچێت.

مۆرفیمی چەمکی دووری (وو) مردوو

مۆرفیمی توخمی نێر (ە) کورە (لە بانگهیشتدا)

مۆرفیمی توخمی مێ (ێ) کچێ (لە بانگهیشتدا)

مۆرفیمەکانی ئیزافە: (ە . ێ) کچە کورد گرتمێ (گرتمە ئەو)

دەست پێکردنی مۆرفیمی وشە داڕێژ بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**گیرەکی وشە داڕێژ:**

**پێناسە :**

هەندێ مۆرفیم هەن، کە واتای نوێ دەبەخشن بەو وشەی، کە دەچێتە سەری، ئەوان هەندێ جار پێیان دەوترێ مۆرفیمی وشە داڕێژ، چونکە کاتی ئەو مۆرفیمانە دەنووسێن بە مۆرفیم یان وشەی ترەوە، وشەی نوێ دادەڕێژن. وشە داڕێژراوەکە لەوانەیە لەپۆلی ڕێزمانی جیاوازبن (from kin 1997: 132) تایبەتیەکانی مۆرفیمی وشە داڕێژ:

١-گیرەکی وشەداڕێژ بە پێچەوانەی گیرەکە ڕێزمانییەکان کە (دروست بوونی فۆرمی جیاواز لە هەمان وشەدا دەگەیەنێ) گیرەکی وشە داڕێژ دروست بوونی فۆرمی جیاواز بۆ وشەی جیاواز دەگەیەنێ. (Radford 1997:29)

غەم ( . گین ) ← غەمگین

↑فۆرمی وشە (١) ↑فۆرمی وشەیەکی تر

واتە گیرەکی وشە داڕێژ فۆرمێکی نوێ دەدات بەوشە (بنج)ە کۆنەکە.

٢-گیرەکی وشە داڕێژ پۆلی سینتاکسی وشەکە دەگۆڕێ (Scalise 1986:103)، بەواتاییکی تر، ئەگەر وشەکە بەر لە وەرگرتنی گیرەکەکە (بۆ نموونە) ناو بوو، دەبێ دوای وەرگرتنی گیرەکەکە ببێتە بەشێکی تری ئاخاوتن یان بەشێکی تری ناو بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پێشگری (بێ .) و ( بە .) مۆرفیمی وشە داڕێژن، چونکە پۆلی سینتاکسی بنجەکە دەگۆڕن لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو وەکو:

⊕ (بـــــــــێ) + (هێـــن) ⊕ ← (بێ هێن)

گیرەکی وشەداڕێژ ناو ئاوەڵناو

⊕ (بـــ) + (کـــوژ) ⊕ ← (بکـــوژ)

گیرەك ڕەگی کار ئاوەڵناوی داڕێژراو

⊕ (نـــا) + (ڕەسەن) ⊕ ← (نا ڕەسەن)

گیرەك ناو ئاوەڵناوی داڕێژراو

٣-پێشبینی ئەرك و بەکارهێنانەکانی گیرەکی وشە داڕێژ ناکرێت، بە واتای ئەوەی بەڵێلی دەمینێتەوە، بۆ نموونە:

گیرەکی (ەتی) لەم نموونانەدا:

أ- (پیاو) + (ە تی) ← پیاوەتی

ئەرکە واتاییەکەی جیاوازە لە نموونەی

ب- (خۆشناو) + (ەتی) ← خۆشناوەتی

لە نموونەی (ا)دا ناوێکی ئەبستراکتی دروست کردووە.

لە نموونەی (ب)دا ناوی کردووە بە ناوی شوێن

٤-سیمایەکی تری گیرەکی وشەدارێژ لەوەدایە کۆتاییەکی کراوە لە ڕووی گیرەکە وشە دارێژو گیرەکە ڕێزمانییە گونجاوەکان بە کراوەیی جێ دەهێڵێ:

هونەر + مەند + ێتی

و.د و.د و.د و.د = وشە دارێژ

هونەر + مەند + ێتی+ یەکــە + ت

ڕێزمانی ڕێزمانی/خاوەندێتی

٥-کاری بنچینەیی ئەفیکسە وشەدارێژەکان.. بنجی نوێ (قەدی نوێ) بینا دەکەن بۆ وەرگرتنی گیرەکە وشەدارێژەکان یان ڕێزمانییەکان (Akmajian 95:37).

بە واتای ئەوەی قەدی دارێـژراو یـان ئـاڵۆز بـۆ وەرگرتنـی گیرەکـە ڕێزمانیـەکان ئامـادە دەکەن:

باغ + چە + ەکە شاسوارەکەیان : شاسوار قەدی ناسادەیە

قەدی دارێژراو قەدی لێکدراو

٦-گیرەکە وشەدارێژەکان دەچنە ناوەوەی باوەشی وشـە (Inner layer)بنجی‌یەکان بە پێچەوانەی گیرەکە ڕێزمانیەکان (Akmajian 37).

بۆیە جیاکردنـەوەی گیرەکـە وشـەدارێژەکان لـە بنجـە بنچـینەییەکە (بەتایبـەتی دوای گۆڕانکاری فۆنەتێکی زۆر جاری وا دەبێ زۆر گرانەو جێی گومان دەبێت لە ناسینەوەی گیرەکە وشە دارێژەکە.. دوای ئەوەی کە گونجان و توانەوەیەکی فۆنەتێکی لە نیوان بنج و گیرەکەکەدا دێتە کایەوە.

بۆ نموونە:

بەرانەتی

زرارەتی

ئایا: بە + ڕان + ەتی

یا: بـەڕان + ەتـی

بەڕا + نەتـی

شیکردنەوەکە بە هەموو کەسێك ئەنجام نادرێت.

٧-لەڕووی مۆرفۆلۆجیەوە زۆربەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان هێز (سترێس) یان لەسەرە:

بۆ نموونە:

نوسەر، فرۆشیار

٨-گیرەکی وشەدارێژ کە دەنووسێن بە (ڕەگ و قەد)ی، وشەوە واتای نوێ زیاد دەکەن بۆ وشەکە (From kin 97:132)

(هەڵ .)

(هەڵ .) + (گر) ← هەڵگر

گیرەك ڕەگ کارێکی دارێژراو بە واتایێکی نوێ

هەروەها بەشی زۆری ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کاری دارێژراو دەدەن لەگەڵ کاری تێپەردا ناوی کارا دروست دەکەن (شوان باراوی: ١٩٩٨: ٤٢) بۆ نموونە:

هەڵگر

ڕاگر

هەردووکیان ناوی کاران و ئەرك و واتایان جیاوازە لە کاری (گرتن).

(نا.)

(نا .) + (پاك) ← ناپاك

پێشگر ئاوەڵناو ئاوەڵناوی دارێژراو بە واتای نوێ (پێچەوانە)

(نە .)

(نە .) + (خۆش) ← نەخۆش

ئاوەڵناو بە واتای نوێ

٩-لە هەڵکەوت و سروشتدا مۆرفیمی وشەدارێژ لە بنج نزیکترە وەك لە فۆرمیمی ڕێزمانی و لێی دوور ناکەوێتەوە، ئەمەش کاتێك بەڕاشکاوی دەردەکەوێ، کە هەردووکیان پێکەوە بە بنجێکەوە دەنووسێن، بەواتایەکی دی، ڕیزبوونی مۆرفیمەکان بەو شێوەی خوارەوە دەبێت:

وشە (بنج) + مۆرفیمی وشە دارێژ + مۆرفیمی ڕێزمانی (Scalise 986:103)

بۆ نموونە:

(کوڕ) + (. یژگە) + (. کە) ← کوڕیژگەکە

بنج مۆرفیمی وشەگۆڕ مۆرفیمی ڕێزمان

یان

(بار) + (. گە) + (ێك) ← بارگەیێك

بنج مۆرفیمی وشەگۆڕ مۆرفیمی ڕێزمان

بەم پێیە: * (باغ) + (. کە) + (. چە) ← باغەکەچە ناشێ

١٠-لە بەکارهێنانی گیرەکی وشەدارێژدا، بۆ دارشتنی وشەی نوێ سەرفرازی و ئارەزوومەندییەك بەدی دەکرێت لە بەکارهێنانی وشەکەو هاو واتاکانیان، بە واتایەکی تر (وشە دارێژراوەکە لە رووی رێزمانییەوە بەرامبەر بەتاکە وشە(وشەی سادە) کە دەوەستێ (crystal197:97)

﴿ منـــالْ ﴾ + ەکە + ان ﴿ هات ، هاتن

منال + ۆچکە ← گیرەکی وشە دارێژ

گۆرینی منالْ لە بۆشایی یەکەم بە (منالۆچکە = منال + گیرەك) هیچ لە بەهای رێزمانی رستە کەم ناکاتەوە.

بەو پێیە دەتوانین بلێین ، وشە دارێژراوەکان لە پەیوەندی ستوونی کاردەکەن، واتە لە پۆلی وشە دارێژاوەکاندا بەپێی یاسای مۆرفۆلۆجی جێگۆرکێ بە دانەکانی دەکرێ ئەمە وای لەزمانەوانەکان کردووە، کە یاسای دارشتنی وشە بە یاسای ئارەزوومەندی (Optional) دابنێن. واتە سەر پشکیەك دەدا بەقسەکەر بۆ بەکارهێنانی وشە سادەکە لە شوێنی وشە دارێژراوەکەو بەپێچەوانەوە (Scalise 1986:115)

بۆ نموونە: دەمەوێ / باغ / باغچە/ +ـ یك بکرم

١١-هەر لە دوای دروست بوونی وشە دارێژراو نوێیەکە دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە. ئەو وشەیەی کە بەیاسای مۆفۆلۆجی بنیادنراوە (Fromkin 197:132) بە واتایێکی تر، یاسای مۆرفۆلۆجی (بە پێچەوانەی یاسای سینتاکییەوە، کە لە دارشتنی وشەدا بەکاردێ، (تەنیا بۆ یەك جارە)، هەر کە وشە دارێژاوە نوێیەکە هاتە کایەوە، دەچێتە ناو فەرهەنگەوە، بۆ نموونە:

﴿ (جیهـــان) + ( ـ ی) ﴾ ← جیهانی

نـــاو گیرەکی وشە دارێژ ئاوەلْناو (دەچێتە فەرهەنگەوە)

ئەوەی پێویستی بە وتنە ئەوەیە، کە هەندێ لەو یاسا مۆرفۆلۆجیانەی بەرهەمیان زۆرە دەتوانرێ بەسەربەخۆیی بەکاربهێنرێن بۆ رۆنانی وشەی نوێ لە لیستی مۆرفیمی سەربەخۆو مۆرفیمە بەندەکاندا (Fromkin 132) بۆ نموونە:

﴿ (پیـــاو) + (ـ انە) ﴾ ← پیاوانە

﴿ (رۆژ) + (ـ انە) ﴾ ← رۆژانە

﴿ (سـەر) + (ـ انە) ﴾ ← سەرانە

١٢-گیرەکی وشەدارێژ، کە دەچێتە سەر بنجێکەوە واتای چەمکی بنجەکە دەگۆرێ

﴿ (پیـــاو) + (ـ ەتی) ﴾ ← پیاوەتی (Scalise 1986:112)

بنـــج + گ. وشە دارێژ بنج + چەمکی نوێ

چەمکی (پیاو) لە ڕووی واتاوە جیاوازە لەگەڵ چەمکی (پیاوەتی)، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو:

/ پیاو / (ێك) ی باشە

پیاوەتی ـــ لە ڕووی چەمکەوە جیاوازن

یان:

∮ (دا ٠) + (کەوت) ∮ ← داکەوت

لە ڕووی چەمکەوە جیاوازن

١٣-هەرچەندە وشەی داڕێژراو بەزۆری لەڕووی واتاوە ڕوونن، هەندێ جار واتاکەی پێشبینی ناکرێت، بە تایبەتی ئەگەر کەرتەکان فرە واتابن، یا هاوبێژییان هەبێت.

بۆ نموونە:

هەڵکەوت:

أ. بەمانای (إبران)، یان ناوداربوون.

ب. بەمانای (پێ لەشت کەوتن و بەربوونەوە).

لە دەرەوەی سیاق پێشبینی واتاو مەبەستەکە ناکرێت.

داخستن:

أ. بەمانای پێوەدان.

ب. بەمانای (برنجەکەی داخست) ئامادەکردنی بۆ دەم دان.

ج. بە مانای ڕاخستن.

ئەم تایبەتییە بەزۆری لە(ئیدیەم)دا بەدیاردەکەوێ چونکە زۆربەیان لەڕووی واتاوە لێڵن.

١٤-ئەو پاشگرە دارشتنانەی، کە بەبنکەو وشەکانەوە دەنوسێن، کۆتاییەکی کراوە بۆ پاشگرە ڕێزمانییەکان جێ دەهێڵن بۆ پێوەنووسانیان، کەچی ئەو پاشگرە ڕێزمانییانە بە دووبارە کردنەوەی یاسای خاڵی نۆییەم دەردەکەوێ:

بۆ نموونە:

منداڵە ∮ (گـــەر) + (٠ۆك) + (٠ەکـە) + (ان) ----- ∮

ڕەگی کار ↑ — پاشگری وشەداڕێژ ↑ — پاشگری ڕێزمان ↑ — ئەم بۆشاییە لە ڕووی گیرەکی وشەداڕێژ داخراوە ↗

١٥-چ لەڕووی ژمارەی مۆرفیمەکان و چ لەڕووی پێکهاتەی دەنگی گیرەکەکان، گیرەکی وشەداێژ گەورەترن (لە زۆربەی بارەکاندا) بە بەراوردکردن لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا:

| گیرەکی ڕێزمانی | گیرەکی وشە دارێژ |
| --- | --- |
| دە | مەند |
| بـ | دار |
| ر | ار |
| ێ | وەر |
| ا | هەڵ |
| ە | پێوە |
| ان | ا |
| ەکە | : |
| : | هتد |

١٦-گیرەکی وشە دارێژ سەر پاکیان لە کوردیدا سەری وشە ئاڵۆزەکە پێك دێنن و هەرچی تایبەتی خۆیانە سەری دەخەن بۆ هەموو وشەکە، واتە ئەگەر ئەمان ناوبن، ئەوا وشە ئاڵۆزەکە دەبێتە ناو، سەرە بە زۆری لای چەپ دەگرن، بەڵام هەندێکیان بەلای ڕاستدا دێن وەك لەم هێلکاریانەدا دەبینین:




(Fattah 1997:97)

١٧-سیمایەکی تری گرنگی گیرەکی وشەدارێژ لە کوردیدا ئەوەیە کە بەزۆری بە هێزن واتە هێزی سەرەکی وشە ئاڵۆزەکە بۆ خۆیان ڕادەکێشن. هەروەها ئەگەر دوانیان بچێتە سەر یەك بنج، ئەوا ئەوەی دووەم هێزەکە ڕادەکێشێ:

أ. هو . نەر (وشەی سادە)

ب. هو . نەر . مەند (وشەی ئاڵۆز)

ج. هو ، نەر، مەند ، یتی (وشەی ئالۆز – دو پاشگری وشە داریژ)
(Fattah.M 1997:97)




١٨-






## هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکاندا

سەرەتا:

هەرچەندە ئەو دوو دیاردەیە زیاتر پەیوەندی بە واتاوە هەیەو دەچێتە ئاستی لێکۆڵینەوە سیمانتێکییەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی واتا بریتی‌یە لەو پەیوەندی نێوان دەربراوو ماناوە (اللفظ والمدلول)، ئێمە دەیخەینە بازنەی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجیەکەمانەوە ئەوەی پەیوەستی بە وشەو مۆرفیمەوە هەبێت.

بەپێویستی دەزانین لە پاڵ ئەو دوو دیاردەیە کە بەرامبەرەکەی لە زمانی ئینگلیزی homonyme بۆ هاوبێژو polysemy بۆ فرە واتایی دیاردەیەکی تر هەیە کە هاودەنگ- homophone ی پێدەوترێ ئەمەش لە زمانی کوردی بەدی ناکرێت چونکە ئەم جۆرەیان لە دەربڕینی دەنگەکاندا یەك شێوە دەربڕینیان هەیە، بەڵام لە سپێل و نوسیندا جیاوازن وەکو بۆ نموونە (rode) و (road) لە دەربڕیندا بە شێوەی (ڕۆود) دەردەبڕێنرێن ئەوەی پێویستی بە وتنە ئەوەیە هاوبێژی و فرەواتایی سیاق و هێزو ئاوازە لێڵی‌یەکەی دەرەوێنێتەوە چونکە خۆیان زیاتر لە نووسیندا دروست دەبن، کەچی دیاردەی هاودنگی لە نووسین بەهۆی ئەوەی سپێلیان جیاوازە هیچ لێڵیەك دروست ناکات بەڵکو لە قسەکردندا بەهۆی ئەوەی یەك جۆرە شێوەی دەربڕینیان هەیە لێڵی دروست ناکەن، هەروەها لە نموونەی تری وەکو (see, sea) هاودەنگن.

جا پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا کە وشە دروستدەکەن، هەرگۆڕانکارییەك لەواتا بێتە کایەوە دەبێتە مایەی دروستبوونی ئەو دوو دیاردەیە (هاوبێژی و فرەواتایی)، دەشتوانین ڕەوتی دروست بوونەکە کە بەهۆی گۆڕان لەو پەیوەندییە بنەڕەتی‌یە دێتەکایەوە بە دوو ئاراستەی جیاواز لێك بدەینەوە، یان زیاد کردنی واتای نوێ بۆ وشە کۆنەکە، یانیش دروستکردنی وشەی نوێ بۆ واتا کۆنەکە (بڕوانە ستیڤن اولمان ١٦٩) جا ئاراستەی یەکەم فرەواتایی دروست دەکات، کەچی ئاراستەی دووەم هاوبێژی دروست دەکات.

زمان دابڕاونییە لە ژیانی بە کارهێنەرەکانی (ئەو یاسایانەی کە بڕیار لەسەر بڵاوبوونەوەی دیارد زمانەنییەکان دەدەن، هەمان ئەو یاسایانەن، کە حوکم لەسەر داب و نەریتەکان دەدەن (سوسیر١٩٨٥: ٢٢٧) زمانیش کۆمەڵە یاسایێکە پەیوەستە بە توانای قسەکەر بۆ گەیاندن مەبەستەکانی لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا، بەڵام هەندێ جار شکاندنی بەشێك لەو یاسایانە (بۆ نموونە یاسای سیمانتێکی) دەبێتە مایەی گەیاندنی بیرۆکەیێکی تایبەتی (Fromkin 1988:23+).

**پێناسەی هاوبێژی:**

هاوبێژی، یەك فۆرم، كە دوو واتا یا زیاتری هەبێ (Lyons 1969:7) مەبەست لە یەك فۆرم، تەنیا فۆرمی وشە نییە، بەڵكو گیرەك و گرێ و ڕستەش دەگرێتەوە.

**سیماو تایبەتییەكانی هاوبێژی:**

هەندێ لەو سیماو تایبەتییانە دەخەینەڕوو، كە ئەركی جیاكردنەوەو سەلماندنی هاوبێژی لە ئاستە جیاجیاكاندا دەبینێ:

١-دوو دانە هاوبێژەكە، گەر لە ڕووی واتاوە بخرێنە بەر پێوەری واتای بنجی (مركزی) و واتای پەراوێزی (هامشی) هەموو واتاكانی هاوبێژەكان بنجین، بەڵام ئەو مانا پەراوێزییانەی تر، كە لەمانا بنجیەكە جیادەبنەوە، پەیوەندییەكی پتەویان بەمانا بنجییەكەوە دەمێنێ (د.علی زوین ١٩٨٦:١٨٥).

بۆ نموونە: لە ڕستەی كوڕە مەلا هات

أ- (ە): لە وشەی لێكدراوی (كوڕە مەلا) شوێنی (ی) ئیزافەی گرتۆتەوە (كوڕی مەلا).

ب-(ە): مۆرفیمی نێرە لە بانگهێشتن واتە كوڕە ئاگاداربە مەلا هات.

٢-گەر ئێمە هاوبێژی بەسیما واتاییەكان شی بكەینەوە دوو دانەی زمانی ئەو كاتە هاوبێژ دەبن، كە لە سیمایەكی واتایی بنچینەییدا جیاوازبن بۆ نموونە:

أ- (یێ): پاشگری نەناسیاوی و تاكە.

ب- (یێ): پاشگری ڕەگەزی مێیە لە زمانی كوردیدا لە بانكردندا.

| (١) یێ | (٢) یێ |
| --- | --- |
| + پاشگر | + پاشگر |
| + مۆرفیمە | + مۆرفیم |
| + بە هەموو | − بە هەموو |
| (ناوێكە دەنووسرێ) | (ناوێكە دەنوسێ) |

٣-گەر خاڵی (٢) بێتە دی، دانە هاوبێژەكان لە ڕووی واتاوە لە دوو كێڵگەی جیاواز دەبن، بۆ نموونە: (پێوەدان)

أ-(پێوە): (پێوە) مانای داخستن دەدا بە(دان) ئەو كاتە ئەو دانانەی لەو (گیرەك+كارەكە) كۆ دەبنەوە بریتین لە (دەرگا. پەنجەرە. كتێب...).

ب-(پێوە): گەر وەكو گەستن (بە...ئەوەوە) بدا ئەوكاتە (مار، دووپشك. مێش ومەگەز ...) لەو گیرەكە كۆدەبنەوە.

٤-هاوبێژی لە فەرهەنگدا بە دوو دەروازە، (مدخل)ی جیاواز دەنووسرێن ( Huddleston 1984:105). بۆ نموونە:

١-(ەکە): بەدوای ناوی نەناسراو (نکرە) دەنووسێ و دەیکات بە ناسراو (معرفە):
(کوڕەکە، منداڵەکە)

٢-(ەکە): بۆ بچووککردنەوە و وێکچواندن (تشبیە) بەدوای هەندێ (ناو) و (صفەت)ەوە دەنوسێ و دەیکاتە ناوێکی تازە (بڕوانە عبدالرحمن زەبیحی ١٩٧٧: ١٦٣).
(پووڵەکــــە)

**پێناسەی فرە واتایی:**

هاتنی دانەیێکی فرهەنگی بەزنجیرەیێك واتای جیاوازەوە (Crystal 1992:307) یان (وشەیێك بە ژمارەیێك واتاوە پێی دەوترێ فرەواتایی).

**سیماو تایبەتییەکانی فرەواتایی:**

١-گەر لە تێڕوانینێکی مێژوویی‌یەوە، واتە بەپێی ڕێبازی (diachronic) سەیری واتا بکەین، ئەو کاتە بوونی ئەو دیاردەیە وەکو ڕاستییەك لە بەرچاو دەگیرێ، بەڵام لە تێڕوانینێکی‌وە سفیەوە (Synchronic) سەیری بکەین لەوانەیە زۆربەی فرەواتاییەکان وەکو هاوبێژی سەیربکرێت ( بڕوانە: گاصد: ١٩٨٧: ١٤٧) بەهۆی ئەوەی گەشەکردنە مێژووییەکەی فرەواتایی لەبەرچاو ناگیرێ.

٢-لە فەرهەنگدا واتا جیاوازەکانی وشەی فرەواتایی دەکەونە چوار چێوەی هەمان دەروازە (مدخل-Entry) (Fromkin 1988:249) بۆ نموونە: (ب)

ا-دەچێتە سەر ڕەگی کارو کاری داخوازی لێ دروست دەکا. / بخۆ ، بچۆ /

ب-دەچێتەسەر ڕەگی هەندێ چاوگ و (ناو) صفەتی فاعیلیان لێ پێکدێنێ./ بوێر. بکوژ/

٣-ماناکانی فرەواتایی لێك نزیکن و دەبێ پەیوەندییکیان بە یەکەوە هەبێت، بۆیە لە بەرکارهێنانی سیما واتاییەکاندا دەبنە دو کۆمەڵەی سیما لێك نزیکن.

هەڵچوون:

١-هەڵ: مانای هەڵ کفان و بەرزبوونەوەی شتی شل: شیرەکە هەڵچوو.

٢-هەڵ: باز بردن، خۆی هەڵدا

٣-هەڵ: بەرزبوونەوەی دارو دەرخت، ئەو دارە بەئاسمانا هەڵچوو.

٤-هەڵ: توڕە بوون (بڕوانە شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٧٦: ٤٢١-٤٢٢)

لە سیماواتاییەکاندا:

| هەڵ ( ٤ ) | هەڵ ( ١، ٢، ٣ ) |
| --- | --- |
| ـ شتی ماددی | + شتی |
| + بەرزبوونەوە | ماددی |
| | +بەرزبوونەوە |

٤-ئەوکاتـە دیاردەکـە فرەواتـایی دەبێـت، کـە جیاوازییـە واتاییـەکان لەشـێوەیەکی ڕێکوپێکدابن، دیارترین پەیوەندی لەنێوان واتاکانی فرە واتاییدا پەیوەندی خواستنە (اف. پالمر ١١٩:١٩٨٥) ئەمەش بەهۆی شکاندنی هەندێ یاسای سیمانتیکی وەکو:

دیوار بەگۆییە

شەو هەزار چاوی هەبوو

**ڕێگاکانی جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی:**

**سەرەتا:**

ئەگەرچی زۆرجار لە ڕوانگەی واتاوە، دەکرێ بە سەیرکردنێکی سەرپێی هاوبێژی و فرەواتایی لێك جیابکەینەوە، بەهۆی چەندێتی دوورو نزیکی واتاکانیان، بەڵام هەموو کات سەرکەوتنی پێویست بە دەست ناهێنین ، زۆر جار سنوور تێکەڵی نێوان هەردوو ڕێگای مێژوویی و وەسفی لەتێگەیشتنی دانە فەرهەنگییەکاندا مەسەلەیەکی دوورو درێژ دەخاتە بەردەم خوێنەری سیمانتیك، کـە چۆن یەکێك دەتوانێ هێڵێك لـە نێوان هاوبێژی و فرەواتایی بکێشێ (Leech 1975:128)، بەڵام هەموو دەم سنوورر دانان یان بڕیاردان لەسەر جیاکردنەوەیان، وا سووك و ئاسان نییە.

گەلێك ڕێگا هەیە بۆ جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی گرنگترینییان:

١-بەهۆی گەڕان بە دوای مانای بنجی (مرکزی) یا کرۆکی مانا. بەپشت بەستن بە فرەواتایی لە بری هاوبێژی (اف. پالمر ١٩٨٥: ١٢١) ئەم ڕێگایە زیاتر پەنا دەباتە بەر یەکەم مانا، کە بۆ دانە زمانییەکە دانراوە، دواتر ئەو مانایانەی بە دەستی هێناون.

٢-ڕێگەی تاقیکردنەوەی تەم و مژی:

دەکرێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو دیاردەیە (بڕوانە پالمر ١٢٢) بۆ نموونە: لە ڕستەی: ئاسۆ وەك ئارام دەخوێنێ. (هیچ تەم و مژی بەدی ناکرێ)، بەڵام لە ڕستەی خوارەوە:

ئاسۆ وەك ئارام ناخوێنێ:

کەرەسەی (نا) گەلێك ئەگەر دێنێتەکایە:

أ. ئاسۆ و ئارام هەردووکیان ناخوێنن.

ب. ئاسۆ وەك ئارام (باش) ناخوێنێ.

ج. ئاسۆ وەك ئارام (خراپ) ناخوێنێ.

گیرەكی (نـا) فرەواتاییە.

٣-ئیتیۆلۆجی Etymology:

بەپێی ئەم زانستە (زانستی مێژوو - رەگەزی وشە). دەبێ بگەڕێننەوە بۆ سەرچاوەی دروستبوونی وشەكە تا دەگاتە ئەمڕۆ و ئەو گۆڕانكارییانەی لە ڕووی دەنگ و واتاوە بەسەر هاتووە بە درێژایی مێژووی وشەكە.

٤-خوازە:

بەكارهێنانی وشەیێك بۆ گەیاندنی واتایێك، جگە لە واتا بنەڕەتییەكەی (د.محمد الخولی ١٩٨٢: ١٦٨) خوازەش رێگایەكی ترە بۆ جیاكردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی.

**هاوبێژی و ئاستەكانی زمان:**

وەكو وتمان هاوبێژی و فرەواتایی لە هەموو ئاستەكانی زمان پەیدا دەبێت ئێمە زیاتر مەبەستمان ئاستی مۆرفۆلۆجییە كە وشەو گیرەكەكان دەگرێتەوە:

١. هاوبێژی لەئاستی وشەدا :

چۆن لە گشت زمانێكدا، هەروەها لە زمانی كوردیدا وشە هەن بە خوێندنەوەو نووسین وەك یەكن، بەلأم مانایان جیاوازە، دوو ماناكەش مانای ڕاست و بنەڕەتین و هەریەكەیان لە بنچینەدا هی دوو وشەی جیان، بەلأم بەهەر هۆیەك بێ لە ڕووی دەنگەوە جووت بوونەو بە مانای جیاوازی یەك فۆرم ماونەتەوە، بەواتایێكی تر، ئەو مانا جیاوازانە هەڵقولأوی یەك ڕەگەزنین.. بۆ نموونە:

ا-ئاخ:

١. ئاخ: وشەی داخ وخەفەتە لە كاتی ئازارو خەمدا .

٢. ئاخ: خاك، خۆڵەمێش (جمال بابان ١٩٧٥: ٣٥٨)

ب-خەم:

١. خەم: داخ وخەفەتە.

٢. خەم: كەچ - خوار - پێچی زولف و ئەگریجە.

ج- شیلاڤ:

١. شیلاڤ: (جۆرە گوڵێكە بۆنی نییە) .

٢. شیلاڤ: مناڵدانی ژن - رەحم (جگەر خوێن ١٩٦٢: ١٩٠)

د- بارێزە:

١. بارێزە: گیایەکە لاسکی درێژو ڕەش باوە.

٢. بارێزە: بارانێکی بەبا ببارێ (زەبیحی: ٢٩-٣٠)

هـ- بەور:

١. بەور: (جۆرە پلنگێکە).

٢. بەور : بەفـر ( جمال بابان ١٩٧٤: ٥٨١)

و- ئاوڕنگ:

١.ئاوڕنگ: دڵۆپە ئاوێکە شەوی بەهاران لەبەرە بەیانا بەسەر پەلکی گوڵانا دەکەوێ.

٢. ئاوڕنگ: دەفرێکە لە زەرد دروست دەکرێ.

٣. ئاوڕنگ: هێشتووی ترێ داوە بەنی تێدەبەستن و بەمیچی خانۆوە هەڵی دەواسن بۆ زستانان (زەبیحی ١٩٧٧: ٩٣-٩٤).

٢. **هاوبێژی لە ئاستی مۆرفیمی بەندا :**

أ- ﴿ یێ ﴾

١. یێ : لە ناوچەی سۆران لە حاڵەتی ئیزافەدا بەکار دێ بەناوێ (مێ) دەلکێ:

دایکێ کوڕان - کیژێ بابم

٢. یێ : زۆر جار لە بری (ێک)ی نەناسیاوی بەکاردێت:

پیاوێ - کەسێ

٣. یێ : لە بانگێشتندا (نیدا) بۆ ورپاکردنەوەی مێینە بەکار ئەهێنرێ و خوشکێ بۆ بەخۆرایی داوینم ئەگری (نوری عەلی ١٩٦٠: ٢١٢)

٤. یێ : پاشگرە بۆ گەیاندنی واتای (لە) بۆ کات و (لە) بۆ شوێن:

شەوێ : لە شەودا

بەهارێ : لە بەهاردا

هەولێرێ : لە شاردا (بروانە Mccarus 1958:48)

٥. یێ : جێناوی کەسی سێیەمی تاکـە:

دەچێ

دەنوسێ

٦. یێ : مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووە لە کارا بزردا:

دەخورێ

دەنێژرێ

ب- ﴿ کـە ﴾

١.كە:نیشانەی ناسیاوییە بۆنەو ناوو گرێ ناوەڵناوییانەی بەدەنگی بزوێن کۆتاییان دێ:

چراکە

٢. کە : ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی (کردن) ـە:

دەکەم

ج- مۆرفیمە ﴿ ە ﴾

١. ﴿ ە ﴾ : مۆرفیمی کاتی ئێستایە ..

بۆ نموونە: هێناومە (بەردەوامە تاکو کاتی ئاخاوتن)

٢. ﴿ ە ﴾ : پاشبەندی نیشانە ..

بۆ نموونە: ئەو کوڕە

ئەو + ناو+ە

، بەڵام گەر ناوەکە لابرێ پاشبەندەکە بە نیشانەکەوە دەنوسێ:

ئەوە

ئەوانە

٣. ﴿ ە ﴾ : مۆرفیمی ناوسیاوییە

بەتایبەتی لەناو ئاخاوتنانەی کە باسی یەکێك دەکرێ وەکو شتێکی ناسیاوی لێدێ لای گوێگر:

کوڕە هات و گەڕایەوە

٤. ﴿ ە ﴾ : مۆرفیمی پەیوەندییە

کوڕە کورد

لێرەدا ﴿ ە ﴾ ڕۆڵی مۆرفیمی ( ی ) پەیوەندی دەگێڕێ (کوڕی کورد).

٥. ﴿ ە ﴾ : مۆرفیمی توخمی نێرە لە بانکردن و ئاگادارکردنەوە:

کوڕە وا مەکە (بانکردن)

د- مۆرفیمە ﴿ بـ. ﴾

١. ﴿ ب ﴾ نیشانەی کاری فەرمان و داخوازییە.

.بڕۆن بڕۆ (کاری فەرمان)

دەبێ ئەوان بچن (کاری داخوازییە)

٢. ﴿ بـ. ﴾ : ڕەگی کاری بوونە:

بوومە مامۆستا (کاری ڕابردوو)

دەبمە مامۆستا (کاری داهاتوو)

٢.﴿ ب.﴾: بەیارمەتی پاشگری ﴿ایە﴾ کاری ئینشائی یان (خۆزگەیی) پێ دروستدەکرێ:
(بروانە نوری عەلی ١٩٥٨: ٥٦)

خۆزگە من هەنارەکەم بخواردایە

ھ- مۆرفیمە ﴿ ن ﴾

١. ﴿ ن ﴾ نیشانەی چاوگە لە زمانی کوردیدا

کڕین

فرۆشتن

چوون

٢. ﴿ ن ﴾ مۆرفیمی ڕێکەوتنە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ بکەر یان بەرکار ڕێك دەکەوێ:

ئێوە کەی دەخەون          ئەوانیش کوردن

٣. ﴿ ن ﴾ مۆرفیمی تێپەڕاندنی کاری تێنەپەڕە.

دەنگی ( د ) ڕۆڵێکی وای نییە لە زاری سلێمانی لە تێپەڕاندندا:

سووتا: پووشەکە سووتا (تێنەپەڕە)

سووتان: پووشەکە سووتان ( تێپەڕە )

٣. لە ئاستی گیرەکی وشە داڕێژدا ( پێشگرەکان )

١-هەڵ: یەکێك لەواتا ئاشکراکانی (هەڵ) بۆ سەرەوە چوون، بەرزبوونەوە بەرزکردنەوە وەك:
(هەڵچوو، هەڵبەست، هەڵگەڕا، هەڵگرت) ئەم مانایانە لە هەندێ وشەی وەك (هەڵدا) وەکو خوازە بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ بەشێکی زۆر لەڕەگەکاندا هاوبێژی تری پەیداکردووە وەك: هەڵبڕی (دوور خستنەوە)، هەڵکوتا (بەرەو چوون)، هەڵوەرین (جوداکردنەوە) کەواتە مۆرفیمی داڕشتنی هەڵ بەلای کەمەوە پێنج واتای لە بەرامبەر دروست بووە:

هەڵ —
- هەڵ ١ : بەرز بوونەوە – هەڵکرد
- هەڵ ٢ : درووخستنەوە – هەڵبڕی
- هەڵ ٣ : جوداکردنەوە ، لێ بوونەوە - هەڵوەری
- هەڵ ٤ : بەرەو چوون – هەڵکوتا
- هەڵ ٥: (بڵاوکردنەوە) – هەڵڕشت

دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کەبێ گوێدانە ڕەگی کارەکە (هەڵ) هەندێ جار بیری تێپەراندن دەهێنێنە ناوەوە، واتە هێزی ڕەگەکە وەردەچەرخێنێ لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، یان بەپێچەوانەوە:

أ. کرد (تێپەڕ)

هەڵکرد (تێنەپەڕ)

لەگەڵیا هەڵیکرد

ب. (تێپەڕ)

هەڵدا (تێنەپەڕ)

کوڕەکەی هەڵدا

هەندێ جار (هەڵ.) بە پێچەوانەوە کاردەکات، واتە ڕەگەکە بێهێز دەکات (لاوازی دەکات)، یان دەیکاتە تێنەپەڕ:

کوتا (تێپەڕ)

منداڵەکەی کوتا

هەڵکوتا

دارا هەڵیکوتایە سەرماڵەکە

تێنەپەڕ

زۆر جار (هەڵ.) لە ڕووی هێزەوە بێلایەن دەوەستێ، واتە ڕەگەکە تێپەڕی و تێنەپەڕییە بۆ ماوەکەی (الموروث) دەپارێزێ.

١. خست (تێپەڕ) : دارەکەی خست

هەڵخست (تێپەڕ) : جلەکانی هەڵخست

٢. وەری (تێنەپەڕ): چرۆکان هەڵوەرین

بەشێکی زۆری ئەو پێشگرانە واتاکانیان زۆر لێڵن، بۆیە پەنا دەبەینەبەر واتای ڕەگەکانیان بۆ شیکردنەوە.

ب-گیرەکی (پێشگر)ی (تێ) لە زۆربەی واتاکانیدا (بۆ ناوەوە) دەگەیەنێ، وەکو (تێنا، تێکرد، تێخست، تێ برد) جگە لەمانە هەندێ مانای تریش هەیە کە لەگەڵ ئەمانەدا هاوبێژی دروست دەکەن وەکو:

١. تێگرد: (بەرەو هەدەف)

٢. تێکرد: پشتی تێکرد

٣. تێچوو: جگە لە مانای بۆ ناوەوە بە واتای (ژیان لە دەست دان) دێ.

٤. تیٚ پێچا: لوولدان

٥. تیٚ ئالاٚ: چوونه قەد یەك

٦. تێما: وەستان

٧. جگە لەمانە گەلیٚ مانای تری بە واتای (بۆ ناوەوە) وەك (تیٚ خزی، تیٚ چرژا، تیٚ وەردا، تیٚ تکا، تیٚ بری، ... هتد).

ج. پێشگری (ڕا .)

ئەم پێشگرە (ڕا .) بزووتنەوەی ئاسۆیی، چ مەعنەوی بێت، چ بەرهەست (محسوس) بێت، دەگەیەنێت (لێژنە ١٩٧٧: ٤١٥).

وەکو: (ڕاپەری، ڕاپێچا، ڕاتەکاند، ڕامالی، ڕادا، ڕاژەنی، ڕاکێشا، ڕاکشا، ڕاگوێزرا، ڕاخست، ڕاکرد)، بەلاٚم هەندیٚ مانای تری هەیە کە لەگەلیٚ ئەمانەدا هاوبێژی دروست دەکەن:

١-ڕازاندییەوە: (جوانکردن و ڕێکوپێك کردنی شت (شێخ محەمەدی خال ١٩٦٤: ١٧٢) واتە دەستکاری کردنی ڕوخسار).

٢-ڕاچواند: بەواتای (خستنە ناو) دێت دژی بزووتنەوەی ئاسۆییە (لێژنەی زمان ٤١٥).

٣-ڕاگوشی: مانای بە یەکاهاتن و لەیەکتر ئالاٚن دیٚ.

٤-ڕاگرت: ماناکەی وەستاندنە، دژی ڕەوتە ئاسۆییەکە.

٥-ڕاهات: بەمانای (تعَود) دێت (بروانە صادق بهاء الدين ١٩٨٧: ٢٩٦).

٦-ڕاما: بە مانای (استغراق) دێت ( بروانە مسعود محمد ١٩٨٨: ٩٧).

د. پێشگری ( دا .)

زۆربەی واتاکانی ئەم پێشگرە (بەرەو ژێر بوونەوە) دەگەیەنیٚ، وەکو:

داگرت: گەنمەکەم داگـرت

دابەزی: لە ئەسپەکە دابەزی

داکەوت: ئەم زەوییە داکەوتووە

داپلۆسی: مانای لێدان دەگەیەنیٚ، زیاتر لەوە دەچێت ئەوەی لێدانەکەی بەردەکەویٚ لە خوارەوە تر بیٚ.

داتەپی: داکەوتنی شت بۆ ئاستی لە خۆی نزمتر.

لەگەلیٚ ئەو واتا بنجی‌یەی (دا .) کە بەرەو ژێری دەگەیەنی، گەلیٚ واتا تری هەیە کە لەگەلیٚ ئەمانە هاوبێژی دروست دەکەن، وەکو: داکردن: (مانای لە ژورەوە کردن) دەگەیەنیٚ .

مریشکەکانم داکردووە

دابڕی: دوورخستنەوەی دووشت لە یەکتری.

داگیرساند: هەڵبوون، چەمکی بەرەو سەرەوە دەگەیەنێ.

داهات: شەو داهات

دادا: بەسەر دادان

بەڵام زۆربەی واتاکانی (دا) بەرەو ژێربوونەوە دەگەیەنێ، جگە لەوانەی باسامان کرد.

داهێنا: قژی منداڵەکەی داهێنا

داوەراند

دانــا

دارمـا

داچۆڕا

داپۆشی

داخست

هـ . پشتگری (ڕۆ .)

ئەم پێشگرە لە ڕووی واتاوە دەورێکی نزیک لە دەوری پێشگری (دا .) دەگێڕێ (لیژنەی زمان ١٩٧٧: ٤٠٠) واتە واتای نزم بوونەوە بەرەو ژێر دەگەیەنێ، وەکو:

ڕۆچوو: چوونەخوارەوەی شتێك بەناو ئاو یان زەویدا (شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٦٤: ١٨٣)

ڕۆنا: داینا (خاڵ ١٨٦)

ڕۆکەوت: پاڵ کەوت

ڕۆنیشت: دانیشت

ڕۆ بوو: (ڕژاو سەرنخوون بوو)، (بڕوانە لیژنە ١٩٧٧: ٣٩٩)

ڕۆمرکا: (بەواتای نیشتنەوەو هێور بوونەوەی شتی هەڵچوو).

ڕۆمرد: (بەواتای مــرد)

بەرامبەر بەو واتا دیارەی ئەو پێشگرە، کە (بەرەو ژێر بوونـەوە دەگـەیـەنێ. هەندێ واتـای تری هەیە، کە لە گەڵ ئەمانەدا هاوبێژی دروست دەکەن، وەکو:

(ڕۆناندن): (ڕۆشن کردن) (هەژار ١٩٨٩: ٣٥٤).

ڕۆهاتن: خەجالەت نەبوون یا لەوتن یا لە کردندا (هەژار: ٣٥٥)

ڕۆیاندن: ناردن (ارسال ، تودیع)، (گیو ١٩٦١: ٣١١)

و. پێشگری (وەر.)

ئەم پێشگرە لەواتاکاندا بزووتنەوەیەکی کەوانەیی (قەوس)ی تێدا بەدی دەکرێت: (بڕوانە لێژنە ١٩٧٦: ٢٣٧).

وەرپێچان: (لوولکردنی شت – طي الشيء) دەگەیەنێ (گیو ١٩٦١: ٦٣٩)

وەرسوڕان: وەرچەرخان (هەژار ١٩٩١: ٩١٩)

وەرهێنان: (تێ وەرهێنان) ( لێژنە ١٩٧٧: ٤١٧)

ئەمانە گەلێك واتای تری هاوبێژییان هەیە، وەکو:

وەرزاندن: (دباغە الجلود) پێستەکاری (گیو ١٩٦١: ٦٣٩)

وەرقلان: (ڕاگرتن بەپێوە) (هەژار ١٩٩١: ٩١٩)

وەرماندن: التنفیخ (باتێکردن، گیو ١٩٦١: ٦٤١)

وەرهاتن: دابەزین (نزول، گیو : ٦٤٢)

وەرساندن: پچڕاندن (هەژار ١٩٩١: ٩١٩)

لەمانەی دوایی (وەر.) بزووتنەوە کەوانییەکەی خۆی ناپارێزێ.

ز. پێشگری (پێ.): ئەم پێشگرە هەرچەندە هەندێ جار لەپاڵ ئەوەی ڕۆڵی خۆی هەیە لە دیارخستنی هۆی ڕوودان، واتە دیار خستنی ڕێگا (وسیلە)ی ڕوودانەکە، بەڵام وەکو پێشگرێکی کاری (کۆزەتیفی) یش ڕۆڵی خۆی هەیە. وەکو:

ئیشەکەم پێی کرد

کارێکی کۆزە تیفی‌یە (کاری هۆیی – سببی)

لەوەی، کەوا بکەیت یەکی تر کارەکە بکا (د. محمد الخولی ١٩٨٢: ٩)، بە واتایێکی دی بکەر بکەوێتە ژێر ئیرادەی یەکێکی دی بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

ئەم پێشگرە جگە لەو واتایە واتای تریشی هەیە وەك:

پێ داگرتن: بە ئەوم داگرت

پێ کەوت: بە ئەو کەوت

بەڵام گەلێك واتای تری دووری ئەم واتایانەی هەیەو هاوبێژییەکی زۆر دروست دەکات وەکو:

پێبوو: چراکە پێبوو

پێدان: خوا پێی داوە

پێگەیی: (نضوج) گەورە بوون

پێ کێشا: لێی دا

پێچوو: خایاند (کارەکە دوو سەعاتی پێچوو)

پێکرد: (داگیرساند)

ئەم پێشگرە زۆر چالاکەو بەرەگی کاری (تێپەڕو تێنەپەڕەوە) دەنوسێ.

ح. پێشگری (لێ):

ئەم پێشگرە بەگەڵێ واتای جیاواز هاتووەو بەو واتا جیاوازانە هاوبێژی لەو پێشگرەدا دروست دەکەن:

١. لێنا: بە واتای (لەناونان) و (چێشت کردن)

٢. لێ بوو: پەیدابوون لە شتێ

٣. لێ برا: کەم هێنان، کورت هێنان

٤. لێ برد: ڕفاندی

٥. لێ هات: لیاقە (تناسب) (گیو ١٩٦١: ٥٦٤)

٦. لێچواند: (شبە) (ادخال) _ گیو : ٥٦١)

٧. لێخست: لە سەر کار دەرکردن (هەژار: ١٩٩١: ٧٨٠)

٨. لێخشاند: بەیەك داهێنانی دووشت

هەندێ جار واتای خوازەییان دەبێت وەکو: لێ پڕ بوو (توڕە بوون لە کەسێ)

٩. لێ برد: (پیابرد) هەڵخەڵەتاندن

١٠. لێدا: ضرب

١١. لێخوڕی: هاژوتن

١٢. لێکرد: باراشەکەی لێکرد

١٣. لێزانی: کارامەیی

١٤. لێ گرت: تێ گرت ( صوب نحوە )

**گیرەکی وشە دارێژ ( پاشگرەکان )**

أ-پاشگری (.ەوە)

هەرچەندە ئەم پاشگرە گەلێك بیروبۆچونی جیاوازی لەسەرە، چ لەڕووی ئەرك و واتاوەو، چ لەڕووی ئەوەی بەپاشگری دادەنێن یا نا؟ سەبارەت بەپاشگرێتی (ـ ەوە)، ئەوە دەڵێین کەوا چاوگ لەزمانی کوردیدا بەگشتی کۆتایی بە (ن) دێت (جگە لە هەورامی کە بە (ی) کۆتایی دێت، جا ئەوەی دوای (ن) دێت بێگومان دەبێ پاشگر بێت، سەبارەت بە ئەرك واتا زۆرەکانی ئەم پاشگرە، هاوبێژی و فرەواتایی هەمان پاشگر پێك دێنن:

١. بە ڕەگ و قەدەی کارەوە دەنوسێ و واتای جیا دەبەخشێ:

٢. دەچێتە سەرناو، واتا بچووك كردنەوە دەگەیەنێ وەك:

مێش + (. وولە) مێشوولە

هـ-پاشگری (. یلكە)

١. واتای ئامێر دەگەیەنێ:

چاو + یلكە ← چاوێلكە: ئامێری چاو

٢. واتای بچووك كردنەوە دەگەیەنێ.

نامیلكە : بچووك كراوەی نامەیە

و-پاشگری (. ی)

١. دەچێتە سەر ناو ، ڕەنگی ئەو ناوە بە دیار دەخات: وەكو:

گەنم + ی: گەنمی (واتا گەنم ڕەنگ)

٢. بەخشینی نەسەب بەهۆی شوێنەوە:

هەولێر + ی ← هەولێری

جیهان +ی ← جیهانی

ز-پاشگری (. ەتی)

١. بە واتای شوێن، وەك:

خۆشناو + ەتی ← خۆشناوەتی

٢. كردنی ناوی گشتی بەناوی مەعنوی، وەك (نوری عەلی ١٩٥٨: ٣٣)

پیاو + . ەتی ← پیاوەتی

ح-(. ین)

١. دەنوسێ بەناوەوە و ناوی شوێنی لێ دروست دەكات

سەر + ین ← سەرین (پێداویستی خەوتن)

٢. دەچێتە سەر ئاوەلكاری شوێن و دەیكاتە ئاوەڵناو:

(بەر + ین) ← بەرین

٣. دەچێتە سەر ناوو دەیكاتە ئاوەڵناو:

زێڕ + (. ین) ← زێڕین

گ- پاشگری (. بەند)

١. دەچێتە سەر ناو، پیشە لەو ناوە دروست دەكات:

ناڵ + بەند ← ناڵبەند

٢. دەچێتە سەر ناو داپۆشینی ئەو ناوە دەگەیەنێ وەك:

ڕوو + بەند ← ڕووبەند (ڕوو پۆش)

٣. دەچێتە سەر ناو بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێ
کەمەر + بەند ← کەمەر بەند (کەمەر بەست)

ی-پاشگری (. یلە)
١. کردنی ناو بە ئامێری ئەو ناوە:
ئەنگوست + یلە ← ئەنگوستیلە
٢. دەچێتە سەر ناو و بچووکی دەکاتەوە:
کار + یلە ← کاریلە

ک-پاشگری (. ەوان)
١. بەناوەوە دەنوسێ مانای پارێزەری (محافظ) ئەبەخشێ (نوری عەلی ١٩٨٥: ٢٣) وەکو:
باغ + . ەوان ← باغەوان
٢. یان لێزانی لەو بوارە دەگەیەنێ:
مەل + (. ەوان) ← مەلەوان (کارامەیی لە مەلەکردن)

ل-پاشگری (. ەوار)
١. دەچێتە سەر قەدی کارەوەو مانای هەبوونی ئەو شتە دەگەیەنێ: وەکو:
خوێندن (خوێند + (. ەوار) ← خوێندەوار
قــەد ناوی بکەری خوێندن
٢. دەچێتە سەر ناو (سیفەتی کۆن کردنی) پێ دەبەخشێ.
شوێن + ەوار ← شوێنەوار

م-پاشگری (دان)
١. دەچێتە سەر ناو دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە: وەکو:
شەکر + دان ← شەکردان
ئاگر + دان ← ئاگردان
٢. دەچێتە سەر ناوەوەو سیفەتێکی تایبەتی دەدات بەناوەکە:
مل + دان ← ملدان (استسلام) (ئەنجومەنی کۆڕ ١٩٧٧: ٩٢)

## فرەواتایی و ئاستەکانی زمان

**یەکەم : فرەواتایی لە ئاستی وشەدا :**

ا-تونـد:

١. بە مەبەستی کەم ئاوی.

هەویرەکە توندە

٢. بەمەبەستی شەتاندن.

ئەو پەتە باش توند کە

٣. بەمەبەستی تیژی چێژو تام.

ئەو بیبەرە زۆر توندە

٤. بەمەبەستی ڕەق و ووشك ڕەفتاری

زۆر تونـد ڕەوە

هەموو واتاکان بە مانای (چرو پڕ) کردن دێت.

ب-خـاو : سستی و ناتەواو دەگەیەنیٚ:

١. بەمەبەستی نەکولاٚو یان بەبرژاو.

گۆشتەکە هێشتا خاوە

٢. بەمەبەستی لووس و پەرش و بلاٚو.

قژی خاوە

٣. بەمەبەستی سستی و کەم هێزی.

لە ئیش کردندا زۆر خاوە

ج- وشـك:

١. شوێنی بەبیٚ ئاو یان بیٚ باران:

خاکێکی وشکە، ساڵێکی وشکە

٢. بەواتای ڕەقەکار:

پیاوێکی وشکە

٣. بۆ پیاوێك پارەی لە دەست نەبێتەوە:

وشکەو چی لیٚ هەڵناوەریٚ

د- پـۆل: چـەمکی هاوبەشـی واتاکـەی، کۆکردنـەوەی ژمارەیـەك لـە سـنوورێکی دیاریکراودا چ بچووك، چ گەورە:

١. پۆلی خوێندن.

پۆلی دووەم

٢. بە واتای دەستە.

ئەو مەلانە پۆل پۆل دەفڕن

هـ- تۆپ: بە مانای گردو گۆیی دێت:

١. بە واتای تۆپی یاری کردن.

٢. بە واتای تۆپی قوماش.

و- جووت (جۆت) دووشت دەگەیەنێ:

١. دوو دانە لە یەك شت

جووتێك دەستەوانە

٢. بە واتای کێلانی زەوی

لەوانەیە بەهۆی ئەوەی کێلانەکە بە جووتێ هێلی تەریب بە یەك درێژ دەبنەوە.

**دووەم : فرەواتایی لە ئاستی کیرەکە ڕێزمانییەکاندا:**

أ- (نە) دەچێتە پێش ڕەگی کاری ڕانەبردوو بۆ بەنەرێ کردنی کارەکە:

نەچی:

نە + ڕەگی کار + جێناو

نە ڕۆن

١. لێرەدا پێشگری (نە) شوێنی پێشگری (ب)ی گرتۆتەوە، بۆیە هەر چەمکی فەرمان هەڵدەگرێ، بەڵام بە قەدەغەکردن.

٢. دەچێتە سەر ڕابردووی بەردەوامی:

ئەوان نە دەچوون

٣. ئەرکی بەنەرێ کردنی کارا بزریش دەبینێ

خانووەکە نەسوتێنرا

وانەکە نەخوێنرا

٤. لە دروستکردنی باری نەچەسپیوی کاری سادەی ئیلزامی بەشداری دەکات، کە دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەکەوە و لەوکاتەدا پێشگری (ب .) لە نێو دەچێت (کوردۆییڤ ١٩٨٤: ٢٥٥)

ئەگەر من نەسوتێم

تۆ نەسوتێی

ئەگەر من نەکەوتمایە

٥. لەگەڵ کاری ئیلزامی دەمکاتی نادیار

ئەگەر من نەنووسرێم

ئەوان نەنووسرێن

٦. لەگەڵ ڕابردووی ئینشائی ڕەبەقی تێپەڕ.

نەم گرتبا

نەتان گرتبا (لێژنە ١٩٧٦ : ١٨٩)

٧. لەم بارانەدا هەموو (نە) بەرامبەر (نە)ی

نە شارەزا

نەخۆر

نە دۆر دەوەستێ کەواتاکەی پێچەوانە دەکاتەوە نەک قەدەغەکردنی کارێك.

ب- گیرەکی (بـ.)

١-ڕەگی کاری تێنەپەڕ و تێ پەڕی پێ دەکرێ بە فەرمان و داخوازی:

بۆ نموونە: کتێبەکە بکرە

نانەکەتان بخۆن

٢-ڕەگی کاری تێپەڕو تێنەپەڕی پێ ئەکرێ بەڕانەبردوو (نوری عەلی ١٩٥٨: ٥٥) وەکو:

بفرۆشم بفرۆشین

٣-کاری تێپەڕو تێنەپەڕی پێ ئەکرێ بە ئینشائی (بروانە لێژنە ١٩٧٦: ١٨٩)

خۆزگە من هەنارەکەم بخواردایە

خۆزگە ئێوە هەنارەکەتان بخواردایە

٤-لە دروست کردنی رابردووی ئینشائی بەرانبەر ڕابردووی بەردەوامی:

بنووستبام

بنووستبامایە

بنووستبایە

هەر سێ دارشتنەکە لە کرمانجی خواردوودا بەکاردێ (بروانە لێژنە ١٩٧٦: ١٩٠)

لە تێپەڕدا : بمکردبا

بتانکردبا

ج- مۆرفیمی (ێك - ێ)

١. دەچێتە سەر ناوی گشتی و نەناسیاوی دەکات:

پیاوێك

شارێك

٢. بەجێناوەوە دەنوسیٚ:

ئەوانێك
کەسانێك | زیاتر چەمکی دوور خستنەوە دەگەینیٚ نەك نەناسیاوی.
منێك

٣. بەناوی ژمارەوە دەنووسیٚ ئەو کاتەی کە ژمارەکە بە ووردی بە دیار نەکەوتبیٚ:

چەند هەزارێك

چەند ملیۆنێك

د- مۆرفیمی (ان):

چەمکی ژمارەی (کۆ) دەگەیەنیٚ

١. بەناوی گشتی‌یەوە دەلکیٚ

پیاو + ان ⟵ پیاوان

٢. بەناوی ناسیاییەوە دەنوسیٚ:

کورەکان

گوڵەکان

٣. بەجێناوی سەربەخۆوە دەنوسیٚ کەسەکەی دەکات بەکۆ:

ئەو + ان ⟵ ئەوان

سێیەمی تاك     سێیەمی کۆ

٤. بەپاشگری خۆیەتی تاکەوە دەنوسیٚ و دەیکات بە کۆ:

م + ان ⟵ مان

ت + ان ⟵ تان

ی + ان ⟵ یان

٥. بە ئاوەڵناوەوە دنوسیٚ

جوان + ان ⟵ جوانان

بڵند + ان ⟵ بڵندان

٦. بە ئاوەڵکارەوە دەنوسیٚ

شەو + ان ⟵ شەوان

رۆژ + ان ⟵ رۆژان

ژێربار + ان ⟵ ژێرباران

پەنا+ ان ← پەنایان

دوا دەنگی بزوێنە ← نیمچە بزوێنی (ی) وەردەگرێ.

**ھ. مۆرفیمی (ە)**

١. مۆرفیمی توخمی نێرە لە بانکردندا:

کوڕە وەرە ئێرە

٢. لە کرمانجی خواروودا بە تایبەتی لە زاری ھەولێر و دەورووبەری دا ئەو مۆرفیمە لە بانگکردندا چەمکێکی تر ھەڵدەگرێ دەکرێ ناوی بنێن مۆرفیمی خزمایەتی:

مامە شاسوار

گەر برای باوان بێ

مام شاسوار

گەر بۆ ڕێزلێنانی بێ

گەر باسی مامی راستەقینەی خۆی بکات:

مامەم شاسوار (گەر مام خۆی ئامادە نەبێ)

**فرەواتایی لە مۆرفیمی وشە دارێژدا**

یەکەم: پێشگرەکان:

أ- (ڕا .)

لەم نموونانەدا: ڕاکرد

ڕاپێچا

ڕاماڵی

ڕادا

(ڕا) لە ھەموویاندا چەمکی دوورکەوتنەوە یان بزووتنەوە بە ئاراستەیێك پارێزراوە، بەڵام لە نموونەکانی:

ڕاخست (مانای بڵاوکردنەوە)

ڕاگەیاند (بڵاوکردنەوە بە ھەموو لایەك)

ڕابوورد (دوور کەوتنەوە تاکو ون بوون)

کە بزووتنەوەکە تێدا ھەرماوە، لەگەڵ نموونەکانی پێشتر فرەواتایی دروست دەکەن.

ئەم وێنەی خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە:




دوورکەوتنەوە ← → دوور کەوتنەوە

تا ون بوون (پێچا، گوێزا، دا، کرد)

(بورد)

ب- پێشگری (پێ.)

پێ وت - بە ئەوم وت

پێ بڕی - بە ئەوم بڕی

پێ دا - بە ئەوم دا

لەو ڕستانەی سەرەوەدا (پێ.) بە واتا (بە ئەو) هاتووە:

پێم خست

پێم کرد

لەم دوو ڕستەی سەرەوەدا بیری کۆزەتیفی دەدات بەکارەکە:

بە واتای : وام لێکرد بیخا

وام لێکرد بیکا

بەم پێیە هەر دوو چەمکی (پێ) فرەواتایی دروست دەکەن.

ج- (هـەڵ)

هەڵدا: بەرزبوونەوە

هەڵچوو: لە چێشتەکە هەڵچوو، بۆ سەرەوە

هەڵکرد: لە ئاڵاکەی هەڵکرد، بۆ بەرزی

هەڵگەڕا: لە (بەدیوارەکەدا هەڵگەڕا) بەرەو سەرەوە

هـەڵفڕی، هەڵبەست: هـەڵ: لـە سـەرەوە بـە واتـای جیا جیا هـاتوون، بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی (واتـا) بنجەکـە لـە هەموویانـدا ماوەتـەوە واتـە ڕەهەنـدە (بعـد)ەکـە، بۆیـە واتاکـانی هـەڵ فرەواتان، جا لێرەدا بەرەو سەرەوە یـان بـەم لا بـەولا فرە واتـایی دروست دەکـەن وەك لـەم وێنەیەدا ڕوون دەبێتەوە:




جگە لەوەی کە (هەڵ) لە هەندێ وشەدا لە پاڵ مانا ڕاستەقینەکەیدا هەندێ مانای خوازەیی بەدەست دێنێ و بە هەردوو ماناکەی فرەواتایی دروست دەکەن، وەکو:

١. پێی لە پەتەکە هەڵکەوت .

٢. لە ناویاندا ئارام هەڵکەوتووە (دیار و ناسراوە)

د - پێشگری (تێ.)

تێ برد: چوونە ناویەك

تێ کرد: چوونە ناویەکی بەربڵاو

لە ناکاوە تێی کردو نەبڕایەوە

ئەمانەی سەرەوە فرەواتایی هەمان گیرەکن

تێ چوو: ١. چوونە ناویەك (مانای حەقیقە)

٢. بە مانای چارەنووسی دیار نییە و ڕزگار نابێ.

تێ کەوت: ١. کەوتنە ناو ئاو.

٢. تووشی کێشەیەك بووە.

**پاشگرەکان:**

أ- پاشگری (انە)

چەمکی گشتی ئەو پاشگرە پارە وەرگرتنە، بەڵام بە واتای جیاواز وەکو:

١. سەرانە: باجێکە لە مەردووم بسێنرێ لەجیاتی سەری خۆی (خاڵ ١٩٦٤: ٣٧٩).

٢. ڕۆژانە: پارەی کارکردن هەموو ڕۆژێ وەربگیرێ.

٣. مەڕانە: باجی مەڕ

٤. پووشانە: لە خاوەن مەڕ وەردەگیرێ

ئەمانە فرەواتایی گیرەکەکەن

ب- پاشگری (-ی)

بچێتەسەر هەرقەدێ یان وشەیێك سیفەتی ئەو وشەیە بەوشە دارێژراوەکە دەبەخشێ:

وەکو:

بازاڕی: شتێ سیفەتی بازاڕی پێوەبێ لە زۆر ئامانجی و کەس بە کەسەوە نەبوون.

بەهاری: دوور بێ لە سەرماو گەرما.

بەرزی: بەرزکردنەوەی ئاست.

ئەم سێ واتایەی (ی) فرەواتایی گیرەکەکەن.

**پۆلکردنی زمانەکان بە پێی مۆرفۆلۆجی:**

**سەرەتا:**

گەر بەمێژووی زمان و زمانەوانی دا بچینەوە سەبارەت بە پەیدابوون و سەرهەڵدان و بەخێزانکردنی زمانەکان، لە سەرەتای پەیدابوونی زمانەوانییەوە گەلێك پۆلکردنی جیاواز بۆ زمانەکان دانراوە، بەپێی دەروازەی بووچوونەکە پۆلکردنەکەش گۆڕاوە، بۆ نموونە سەبارەت بەسەرچاوەو شوێنی پەیدابوونی زمانەکان و دوورو نزیکیان لەیەکتر نموونەی درەختە خێزانییەکان The family Tree model لە سەدەی ١٩هەم هاتەکایەوە وەکو بوار رەخساندنێك بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویەکانی زمانەکان، ئەمەش پەیوەندی توندی نێوان هەندێ لەزمانەکان ئاشکرا دەکات کەوا ئەمرۆ بەکاردێن (گرێ – عقد – node) دەکاتە سیمای خزمایەتی نێوان زمانەکان (بڕوانە د. محمود ١٩٨٧: ٦٩) بۆ نموونە زمانە هیندو ئەورووپییەکان دەبێ لە گرێی سەرەکی بەشداری بکەن بۆ نموونە:




دیارە ئەم جۆرە پۆلکردنەش زیاتر مێژوویی یەو نەیتوانی هەموو مەبەستەکان بپێکێ و ناتوانێ بگاتە لقی زمانە جیاجیاکان، بۆیە دواتر بڵاوبوونەوەو تیوری شەپۆڵەکان (Diffusion and the waver) هاتە کایەوە، ئەمەش لە سەدەی (١٩)هەم سەری هەڵدا لەسەر بنەمای ئەوەی گۆڕانکارییەکانی زمان لە ناوەندی کاریگەری یەوە بۆ دەوروبەری خۆی بە وێنەی ئەو شەپۆلانە بلاودەبێتەوە کە بەردێك دەخرێتە نێوگۆمێکی ئاوەوە. دواتر تیورێکی تر لە سەربنەمای تۆ چاندنی ڕووەکەکان هاتەکایەوە...(هەمان سەرچاوە) جگە لە بواری مێژوویی یەکەی پۆلکردنی زمانەکان ... هەندێ پۆلکردنی تر هاتەکایەوە

له سەر بنەمای ئاستەکانی زمان وەکو: پۆلکردن لەسەر بنەمای بەشەکانی ئاخاوتن وەکو زمانە ئاوەڵناوییەکان و زمانەکارییەکان و زمانەکانی نێوان بەپێی زۆر و کەمی ئەو بەشە ئاخاوتنانە لە زمانەکەدا . یان پۆلکردن بەپێی ڕێز بوونی کەرەسەکانی بکەرو کارو بەرکارەکان لەسەر بنەمای سینتاکسی بۆ نموونە پۆلی زمانەکانی (SOV) بکەر – بەرکار– کار دەگەڕێتەوە بۆ نموونە زمانی ژاپۆنی و تورکی یان زمانی (VSO) وەکو زمانی و یلتی..(Trask:300)، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە پۆلکردنی زمانەکانە بەپێی سیفاتە مۆرفۆلۆجیەکانی زمانەکانە ئەمەش لەلایەن زمانەوانە بەراوردکارییەکانەوە بۆ یەکەم جار هاتەکایەوە، کە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە ناوبنرێن.

١. . analytic (also called isolating ) languageزمان دابراوەکان یان داپچراوەکان
٢. agglutinating (also called agglutinative) language.زمانە نووساوەکان
٣. inflecting (also called synthetic or fissional ) languageزمانە وەزیفییەکان
٤. in corpora ting (also called polysynthetic ) languageزمانە تێکچڕژاوەکان
٥. in Fixing Languages.زمانە ناو گرییەکان

### تایبەتییەکانی پۆلە زمانەکان

**یەکەم: زمانە داپچراوەکان :** ( isolating language یان analytic ):

لەم جۆرە زمانانەدا پەیوەندییە سینتاکسی یەکان بەهۆی وشە ئەرکییەکان و ڕیزبوونیان لە ڕستەدا دەردەبڕێت نەك بەهۆی گیرەکەکانەوە، گرنگترین تایبەتی ئەم جۆرە زمانە:

١-ژمارەی وشەکان بەرابەر بە مۆرفیمەکان (١:١) دەوەستن، واتە هەر وشەیەك لە یەك مۆرفیم پێکدێت، بەواتای ئەوەی زۆربەی مۆرفیمەکانی لە شێوەی وشەی سەربەخۆو دابراون، وشە سادەکانی زمانی کوردی نموونەی ئەوانن.

بەهار = ١ مۆرفیم

گوڵ = ١ مۆرفیم

شاخ =١ مۆرفیم

درەخت = ١ مۆرفیم

٢-زمانەکانی ئەم پۆلە لە ڕووی داپچراویدا جیاوازییان هەیە واتە هەیانە داپچرای تەواون و هەیانە نیوە داپچراون، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی دابراوی تەواو نییە چونکە لە نێوان زمانی داپچراوو زمانی تصریفی دایە:

The boy looked at him

گیرەکی ڕێزمانی      وشە= مۆرفیم

٣-لە زمانی ئینگلیزیدا هەمووی (٧) گیرەکی ڕێزمانی هەیە.
٤-لەم جۆرە زمانانەدا کێسەکان (case) نەماون یان بەرەو کز بوون دەڕۆن و بەپێی شوێن و (تۆن) پەیوەندییە سینتاکسیەکان دەگۆڕێن.
٥-گیرەکی ڕێزمانی‌یان نییە یان کەمە.
٦-زمانی چینی و ژاپۆنی و ڤێتنامی باشترین نموونەی ئەم جۆرە زمانەن.

**دووەم : زمانە نووساوەکان** Agglutinative Language

لەم جۆرە زمانانەدا ڕۆنانی وشە دەکرێ بەپێوەر بۆ خستنە ڕووی تایبەتی‌یەکان بەپێچەوانەی زمانە مێژوویی‌یەکان. هەروەها بەپێی تایبەتیەکانی وشە (Crystal 13).

گرنگترین تایبیەکانی ئەم جۆرە زمانە:

١-وشە لەم جۆرە زمانەدا بریتی‌یە لە ڕیزبوونی زنجیرەکی یەك لە دوای یەکی مۆرفەکان بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (وشەی dis / Establish/ ment دروست نەکردن)

نە دروست کردن

وشەکان چەند مۆرفیمێن بۆ نموونە لەوشەی:

ڕۆ یش ت م ەوە

ڕەگ زیادە م کات نوسەك پاشگر

٢-لەم جۆرە زمانەدا وشەکان بەو ئاراستەیە کاردەکەن ژمارەی مۆرفیم بۆ مۆرفەکان لە هەمان وشەدا یەکسان دەبن (Katamba 58).

بۆ نموونە لە زمانی تورکی: Joz im Istin de

چاوی من سەر بە

ڕەگ خاوندێتی جر حرف

هەروەها لە زمانی (لۆ گەندی) نموونەیەکی چاکترە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم جۆرە تایبەتی‌یە بۆ نموونە لە شیکردنەوەی وشەی: Tulilaba

دەبینێن Laba Li tu

دەبینێن (ئێمە) ین کاتی داهاتوو بین

(دیّ) لە ك. سەروو

٣-باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە زمانە زمانی تورکی، زمانی باسك، ژاپۆنی، زمانی سواحیلی.

٤-کە مۆرفیـەکان دەخرێنـە سـەریەکەوە کاریگـەری ئـەو تۆیـان بەسـەر ڕەگـەوە نابێت لە نموونـەی زمـانی تـورکی و لۆگەنـدی Joz،(Laba) سـەربەخۆیی فۆنـەتیکی خۆیـان دەپارێزن.

لەزمانی کوردیدا ڕۆیشتن :

ڕەگەو شێوەی ئەسڵی خۆی دەپارێزێ

٥-زمانی کوردی تایبەتمەندی زمانی نوساوو زمانی تێکچڕژاو هەڵدەگرێ .. بۆ نموونە:

دەگەڕێمەوە:

دووبارە بوونەوە دەگەیەنێ

(ئەمەش سیفەتی زمانە تێکچراژاوەکانە، کە بە مۆرفیم دووبارە بوونەوە دەردەبڕێت:

دیسان هاتەوە

وشەی سەربەخۆیە بۆ دووبارە بوونەوە:

جارێکی تر دێم ← دووبارە بوونەوە بە وشەی سەربەخۆ

**سێیەم : زمانە تێکچڕژاوەکان** Incorporating Language

١. وشەکانیان درێژ و ناسادەن : دە . یان . خوارد . ەوە

٢. لە شێوەی ڕستەدان .

٣. بریتین لە کردار یان ڕەگی کردار لەگەڵ تەواوکەری کردار.

٤. پەیوەندییە سینتاکسیەکان. بە هۆی گیرەکەکانەوە دەردەبڕێت کە تێکەڵ بە یەك دەبن ووشەیەك دروست دەکەن لە شێوەی ڕستەدا:

دەتـــــان بین م .ەوە

بەردەوام بەرکار ڕەگ بکەر دووبارە بوونەوە

**چوارەم : زمانە وەزیفیەکان** Inflecting Language:

١-پەنا دەباتە بەر سیفەتەکانی وشە ، واتە وشە پەیوەندییە گراماتیکیەکانی مۆرفۆلۆجی جێبەجێ دەکات.

٢-وشە زیاتر لە مۆرفیمێکی تێدایە.

٣-وشەکان دابەشی سەر مۆرفیم دەبن بە شێوەیەکی ناپاسایی و ناجێگیر.

٤-پەیوەندیـە سینتاکسـیەکان نێـوان وشـەکانی نـاو ڕسـتە کێشـەکان دەری دەبڕن، نموونەی ئەم جۆرە زمانە: لاتینی و گریکی

## پێنجەم : زمانە ناوگرییەکان : Infixing Languages

١. ئەم جۆرە زمانە ناوگرییان زۆرە.

٢. وشەکانیان سادەو درێژن: تدَحْرَجَ Tadahraja

٣. رەگ بەتایبەتی لە شێوەی چەند نەبزوێنێك دەبێت:

T ، d ، h ، r ، j رەگی وشەکە پێك دێنن

٤. ئەرکە رێزمانیەکانی کۆ ، ناسیاوی ، نەناسیاو ، رابردوو ، رانەبردوو ، تێپەڕو و تێنەپەڕ بەهۆی ناوگرەوە دەردەبرێت.

٥. حرکات = ناوگرەکان

٦. رەگ بەهۆی ناوگرەوە شەق دەکرێت.

٧. ناوگرەکان بەهۆی ناوگرەوە ئەرکە رێزمانییەکان بەڕێوەدەبەن، بەلاّم رەگە کە لەگەڵ خۆیاندا دەسمن:






## (( سەرچاوەکان ))

***یەکەم : بە زمانی کوردی:***


١-ئەنجومەنی کۆڕو لیژنەکانی (١٩٧٤) زاراوەی هەمە چەشنە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢-ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧) وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

٣-جگەر خوێن (١٩٦٢)، فەرهەنگا کوردی، ب٢، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا.

٤-جەمال بابان (١٩٧٥) هەندێك لەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم - بەشی سێیەم، چاپخانەی کۆڕ. بەغدا.

٥-شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٦٧) فەرهەنگی خاڵ، ج٣، چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٦-شوان باراوی (١٩٨٨) بنەمای کردار، گۆڤاری پەیڤین. ژمارە (٣). سلێمانی.

٧-سەباح رەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر - لە مۆرفۆلۆجی - کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨-ك.ك.کوردۆیف (١٩٨٤) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێرانی د. کوردستان موکریانی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٩-کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی و شەسازی کوردی، نامەی ماجستێر- لە وشەسازی، بەشی کوردی. کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٠-گیو موکریانی (١٩٦١) فەرهەنگی مەهاباد، چ١، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

١١-محمد معروف فتاح (١٩٨٩) کارپۆلین کردن بەپێی ڕۆنان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢١).

١٢-مەسعود محەمەد (١٩٧٦) چەند حەشارگەیێکی ڕێزمان کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٣-نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی، ب١، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

١٤-هەژار (١٩٨٩) هەنبانە بۆرینە، پ١، تهران.

١٥-هەژار (١٩٩١) هەنبانە بۆرینە، پ٢، تهران.